کۆمەڵە چیرۆکی وەرگێڕدراو

# مەرگی ئیلزە باسکولایت

و. لە عەرەبییەوە: حسێن عەلی

چاپی یەکەم
کەرکوک - ٢٠١٢

بە جوانەمەرگ ئاسۆی کوڕم پێشکەشە

ناوی کتێب: مەرگی ئیلزە باسکولایت
بابەت: کۆمەڵە چیرۆکی وەرگێڕدراو
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: حسێن عەلی
دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید
لە بڵاوکراوەکانییەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووک ژمارە (١٦٨)
چاپخانە: کارۆ
چاپی یەکەم- **٢٠١٢**
تیراژ: (٥٠٠) دانە

# گاڵته

ن/ ئەنتۆن تشیخۆف

و/ حسێن عەلی

ڕۆژێکی زستانی ڕووناك بوو، و سەهۆڵێکی تووڕە، و پارچەی زیوینی سەهۆڵەکە سەرتەوێڵی ((نادینکا)) و خوار لێوی پۆشیبوو. لەسەر تەپۆڵکەیەکی بچوك ڕاوەستا بووین و بەتوندی باڵمی گرتبوو. و هەر لەو شوێنەی لێی ڕاوەستا بووین تاوەکو قوڵایی زەوی تەختانییەك درێژ دەبۆوە و وەك ئاوێنەیەکی ڕوون پەرچی خۆری دەدایەوە و لە تەنیشتمانەوە خلسکینەیەکی لێبوو سیپاڵێکی سووری کاڵی لەسەر بوو.

تکام لێکردوو پێم ووت: ((دەی نادینکا با بۆ خوارەوە بخلسکێین. تەنیا جارێك. جەخت دەکەم کە هیچ شتێکی خراپ ڕوو نادات)). بەڵام ((نادینکا)) دەترسا. چونکە ئەو سەرەوخوارییە هەر لە ژێر پێڵاوە درێژەکانیەوە تاوەکو خوارووی گردە بەفرینەکە دەستی پێدەکرد و وەك کەندەڵانێکی قووڵ لای ترسناك بوو.



دوای ئەوەی تەنیا بەوە قایل بووم و داوام لێکرد کە سواری خلسکێنەکە بێت ترساو هەناسەی خۆی گرت و نیگای خوارەوەی دەکرد، بەڵام ئەی چۆن دەبوو ئەگەر سەرچڵێیەکی کەوتنی نیۆ کەندەڵانەکە ببوایە؟ دەمرد! ئەقڵی لەدەست دەدا.

پێم ووت: ((لەپێناو مندا، مەترسە. شایەنی ترس نیە، چونکە نەخۆشییەکە بۆ دەروون و ترسنۆکییەکی بەسامە.

دواجار ((نادینکا)) ملی دا، هەر لەشێوەی ڕوخسارییەوە هەستم کرد ملیداوە و وەختە لەترسانا بخنکێ. لەسەر خلسکێنەکە دانیشت، ڕەنگ پەڕیوو هەموو جومگەکانی دەلەرزین، باوەشم پێیدا کرد، و پاڵم پێوەنا و هەردووکمان ڕووە و کەندەڵانە قووڵەکە گلبووینەوە.

وەك گوللە خلسکێنەکە دەرچوو، و بەهۆی باڵگرتنمانەوە هەوای هەڵەشە بەهەموو هێزو دەنگیەوە دەیدا بە ڕووخسارماندا، ئینجا فیکەی توندو تیژی دەدا بە گوێچکەماندا، و لەسەر جەستەمان شڕ دەبوو، و هەتا دەهات گەشاندنەوەی تووڕەیی پێوەدانی توند تر دەبوو و هەوڵی دا سەرمان لە جەستەمان جیا بکاتەوە.

لەژێر پەستانی هەوا قایمەکەدا زۆر بەگرانی هەناسەمان دەدا. کارەکە لەوە دەرچوو کە خودی ئەهریمەن ئێمەی بە چنگی گرتووە و بەقیژە قیژ بەرەو دۆزەخ ڕاماندەکێشێ.

هەرچیەك لە دەورمان بوو لە هێڵێکی باریکی درێژ درێژ زۆر بەخێرایی توایەوە. ساتێکی تر لامان روون بۆوە دەبێ بفەوتێین.
بەدەنگێکی نزم ووتم: ((نادینکا تۆم خۆش دەوێت)).
خلسکێنەکە خێرایی جووڵەی دەستی کرد بە خاوبوونەوە، دەنگی بای قایم و گیزەی هەوا زۆر بەخێرایی کەم دەبۆوە، هەناسەدان ئاسانتر بوو، دواجار گەیشتینە خوارەوە.
((نادینکا)) نزیك مەرگ ببۆوە، رەنگ پەڕیوو زۆر بەگرانی هەناسەی دەدا، یارمەتیم دا هەڵسێتە سەر پێیان.
بە چاوێکی پڕ لەترس نیگای کردم و ووتی: ((شتێك نییە وام لێبکات جارێکی تر ئەمە دووبارە بکەمەوە. هیچ شتێك لەم جیهانەدا نییە. خەریك بوو بمرم)) پاش چەند چرکەیەك بە ئاگا هاتەوە و بە چاوێکی پڕ پرسیار نیگای کردم، ئایا بەراستی من ئەو سێ ووشەیەم گووت، یاخود لەکاتی گەردە لوولەکەدا وا هات بە بیریدا؟ لە تەنیشتیەوە دانیشتم سیگارم دەکێشا و دەمڕوانیە دەستکێشەکانم.
قۆڵی بە قۆڵمدا کردوو ماوەیەکی زۆر لەنزیك گردە بەفرینەکە ڕۆیشتین. ئاشکرایە کە مەتەڵەکە شەکەتی کردووە. ئایا گوێبیستی ئەو ووشانە بوو یان نە؟ بەڵێ یاخود نە؟ تەنیا کارێکی لووت بەرزی بوو یان شانازی، کاری ژیان.. کارێکی لەوپەڕی گرنگیدا بوو، بەڵکو گرنگترین کار لەجیهاندا.



((نادینکا)) بەوپەڕی نا ئارامی چاوی تێدەبڕیم. بەبێ بیرکردنەوە وەڵامی دەدایەوە. چاوەڕێ ی دەکرد ئاخۆ قسە دەکەم یان نا. داخەکەم، ئای لە گەمە کردنی ئەم رووخسارە جوان و قەشەنگە بە هەست تێبینیم کرد کە ململانێ لەگەڵ خودی خۆیدا دەکات، و دەیویست شتێك بڵێت، دەیەوێ پرسیارێك بکات، بەڵام قسەی نەدەدۆزییەوە. هەستی کرد کە خۆشی شڵەژان و ترس و بێ ئۆقرەیی پێ دەبەخشێت.
بێ ئەوەی نیگام بکات ووتی: ((بیرۆکەیەکم هەیە)).
پرسیارم لێکرد:((چییە؟)).
– ئادەی با جارێکی تر خلسکێنە بکەین.
لە هەڵگەڕان بە پلیکانە بەفرینەکەدا جارێکی تر زۆر ماندوو بووین، نادینکای ڕەنگ پەڕیو لەش لەرزیویم لەسەر خلسکێنەکە دانا. جارێکی تر ڕووەو کەندەڵانە ترسناکەکە باڵە فڕێی کرد، و جارێکی تر ڕووبەڕووی دەنگ و گیزەی با قایمەکە بووینەوە و گلبوونەوەمان لەوپەڕی ساتی خێرایی و هاوار و قیژەدا بوو، بە دەنگێکی نزم ووتم: ((نادینکا تۆم خۆش دەوێت)).
کاتێك خلسکێنەکە ڕاوەستا ((نادینکا)) چاوی بڕییە گردەکەی کە بەسەریدا خلبووینەوە، ئینجا بە نیگایەکی درێژ لێم ووردە بۆوە، و گوێ ی بۆ دەنگم شل کرد کە تۆزقاڵێك گوێ پێدانی تێدا نەبوو. وە هەموو جەستەی، هەموو بەشێکی جەستەی تەنانەت

شەبقەکەو کەوڵەکەی کە پۆشیبووی، ئەو پەڕی هێمای پرسیاریان ئاڕاستە دەکرد، ڕووخساری پرسیاری سەرسوڕمانی دەکرد: ((مانای ئەمە چییە؟ کێ ئەم ووشانەی ووتووە؟ ئایا ئەو ووتی یاخود تەنیا خۆم وا بیر دەکەمەوە؟)).

ئەو گومانە نا ئارامی کردو دانی بە خۆیدا نەگرت. کچە هەژارەکە وەڵامی پرسیارەکانی نەدەدایەوە، مۆنی کرد، و فرمێسك بە چاویدا دەهاتە خوارەوە. پرسیارم لێکرد: ((ئەگەر بچوینایەتەوە ماڵەوە باشتر نەبوو؟)).

بە توڕەییەوە ووتی: ((من.. حەزم لەم خلیسکاندنەیە. خۆزگە جارێکی تر خلیسکێنەمان دەکرد؟)).

((بەڕاستی حەزی لە خلسکێنە کرد)) بەڵام کاتێك سواری خلسکێنەکە بوو، هەروەك دووجاری پێشوو، ڕەنگ هەڵبزرکاو هەموو جەستەی لە ترسانا دەلەرزی و بەزۆر هەناسەی دەدا.

بۆ سێیەم جار خلسکێنەمان کرد، تێبینم کرد نیگای ڕووخسارم دەکات و چاودێریی لچ و لێوم دەکات، بەڵام من دەستسرەکەم خستە سەر لچ و لێووم، و کۆکەیەکم کرد، و کاتێك گەیشتینە ناوەڕاستی گردەکە توانیم منگە منگ بە ((نادینکا تۆم خۆش دەوێت بکەم)).

مەتەلەکە هەروا مایەوە، نادینکا بێدەنگ بوو، بیر لە شتێك دەکاتەوە. لەگەڵی ڕۆیشتم بۆ ماڵەوە، هەوڵی دا لەسەرخۆ



بڕوات، خێراییەکەی کەم کردەوە و چاوەڕێیی دەکرد ئایا ئەو ووشانەی پێدەڵێم یان نا، تێبینیم کرد کە چەند گیانی ماندووە، و چۆن کۆششی دەکرد بەخۆی نەڵێت: ((ناشێ بایەکە ووتبێتی. نامەوێ بایەکە ووتبێتی)).

ڕۆژی دوایی نامەیەکی بۆ جێ هێشتم تێیدا هاتبوو: ((ئەگەر ئەمڕۆ چویت بۆ خلسکێنە لەگەڵ خۆت بمبە. ن)).

لەوکاتەوە لەگەڵ نادینکا دەچووین بۆ خلسکینە، ئەوکاتەی بە خلسکێنەکە باڵە فڕێمان دەکرد، هەموو جارێك بە دەنگی نزم هەمان ووشەم دەگوت!)).

((نادینکا خۆشم دەوێیت)).

نادینکا بەخێرایی بەو ڕستەیە ڕاهات و وەك ئەلکهۆل یاخود بیهۆشکار خوی پێوە گرت کە دەرباز بوونی لێ ی نییە: بێئەوە نەیدەتوانی بژی. بەڵێ خلسکێنە لەسەر گردەکە وەك پێشان دەیترساند، بەڵام ترس و مەترسی جادوویەکی سەیریان بە ووشەی خۆشەویستی دەبەخشی. ئەو ووشانەی کە هەمیشە مەتەڵێك بوون، بەهاندان گیانیان ئازار دەدا. هەردوو گومان لێکراو وەك خۆیان مانەوە. نەتدەزانی من و باقایمەکە کاممان خۆشەویستیمان لەگەڵ دەکرد، بەڵام بە تەئکید ئیتر گوێ ی نەدەدایە ئەوە. کە مەستکار بێت هەموو بادەکان چوون یەکن.

ڕۆژێکیان وا ڕوویدا بە تەنیا چوومە گۆڕەپانی خلسکێنە، لەکاتێکدا من لەنێو کۆمەڵەکەدا بووم دیتم ((نادینکا)) بە گردە بەفرینەکەدا سەردەکەوێت و بەدوومدا دەگەڕێت، ئینجا بەشەرمەوە لە پلیکانەکان هاتە خوارەوە. دەترسا بە تەنیا بچێت، ئای چەند دەترسا ! وەك بەفر سپی ببوو، دەلەرزی، هەروەك خۆی بۆسەر بڕی بەرێت. بەڵام ڕۆیشت، بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە ڕۆیشت، بە پێداگرتن، بە تەئکید لەم دواییەدا بڕیاریدا ئەوکارە بخاتە ژێر تاقیکردنەوە. ئایا بێ بوونی من گوێبیستی ئەو ووشەیە دەبوو؟ دیتم ڕەنگ هەڵبزرکاو بوو، لەترسانا زاری کرابۆوە، سواری خلسکێنەکە بوو، چاوی نوقاند بۆ ئەوەی بەزەوی بلێت هەتایە هەتا مالئاوا. خللیسکا.. نازانم ئایا ((نادینکا)) گوێبیستی ئەو ووشانە بوو یان نا. تەنیا دیتم بە دیمەن و ڕەنگێکی هەڵبزرکاو و شەکەت هەڵستایە سەرپێیان. زۆر ئاسان بوو نیگای ڕووخساری بکەیت و بڕیار بدەیت کە دڵنیا نەبوو لەوەی ئایا گوێبیستی هیچ بوو یان نا. کاتێك بۆ خوارەوە دەفڕی ترس لە هەستی بیستن بێبەشی کردبوو.

مانگی ئازار هات و بەهار جوانترین بەرگی پۆشیبوو. گردە بەفرینەکەمان تاریك بوو و جوانی نەما، و توایەوە. بەم جۆرە خلسکێنەمان نەما. شوێنێکی تر نەبوو ((نادینکا)) ی هەژار تێیدا گوێبیستی ئەو ووشانە بێت، بە تەئکید هیچ کەسێکی تر نییە



بیلێتەوە چونکە بای قایم نەبوو و منیش بۆ ماوەیەکی زۆر دەچووم بۆ ((بترز بێرگ))، لەوانەیە بۆ هەتا هەتابێت.

وا ڕوویدا پێش دوو ڕۆژ لە کۆچکردنم کاتی ڕۆژئاوا بوون لەو باخچە بچکۆلەیەی کەلە حەوشی ماڵی ((نادینکا)) دیوارێکی بەرزی بزمار ڕێژکراو جیای دەکاتەوە دانیشتبووم.

هێشتا کەش سارد بوو، و هەندێ بەفری کەڵەکە بوو لە نزیك کۆمەڵێ پەیینەوە بوو، و درەختەکان وەك مردوو دیار بوون، بەڵام بۆنی بەهار بڵاو ببۆوە، قەلە ڕەش بەقیڕە و قفەوە دەچوونە خەوگەکە. چوومە سەر دیوارەکەو زۆر لەوێ وەستام و لە درزێکەوە بە دزییەوە دەمڕوانی. دیتم: ((نادینکا)) دەچێتە حەوشەو بە دووچاوی پەرۆش و پەژارە نیگای ئاسمان دەکات.

هەوای بەهار دەیدا بە ڕووخسارە هەڵبزرکاو خەمۆکەکەیدا. ئەو باقایمەی وە یاد دەخستەوە کە لەسەر گردە بەفرینەکە دەیدا بە ڕوخسارماندا گوێ بیستی ئەو سێ ووشەیە بوو. خەمناکیەکی زۆر بە رووخساریەوە دیار بوو، و فرمێسکێك بە ڕوومەتیدا تلبۆوە، ئەو منداڵە بەدبەختە هەردوو باڵی بەرز کردەوە هەروەك لەبایەکە بپاڕێتەوە جارێکی تر ئەو ووشانەی بۆ بێنێتەوە. لە چاوەڕیی بادا بە دەنگێکی نزم ووتم: ((نادینکا خۆشم دەوێت)).

دڵنەرمی ئازاد بوو، ئای لەو گۆڕانکارییەی لە ((نادینکا)) دا ڕوویدا! هەردوو چاوی پڕ لە فرمێسك بوون، ئینجا خەندەیەکی پان ڕووخساری پۆشی، شادمانی و قەشەنگی و بەختیاری پێوە دیار بوو، هەردوو باڵی بەرز کردەوە بۆ ئەوەی پێشوازی لە با بکات. گەڕامە دواوە بۆ ئەوەی کەلوپەلەکەم بپێچمەوە.

ئەمە لەماوەیەکی زووەوە بوو. ئێستا ((نادینکا)) مێردی کرد – مێردی کرد– گرنگ نییە ئەمە بە هەڵبژاردەی خۆی بووبێ یان نا– سێ منداڵی هەیە. لە یادی نەکردووە کە ئێمە جارێك بۆ خلسکێنە چووین، و با ووشەی ((نادینکا تۆم خۆش دەوێت)) ی بۆ هێنا. ئەمە بەنیسبەت ئەوەوە لە هەموو ساتەکانی ژیانی کارتێکەر و جوانتر بوو.

بەڵام من ئێستا تەمەنم گەورەترە و بێ دەسەڵات. نازانم بۆچی ئەو ووشانەم ووت، و ئامانجم لەو گاڵتەیە چی بوو.

سەرچاوە:

کتێبی ((السادجة)) قصص من الأدب العالمي– ئەحمەد حەسەن ئەلمەعینی کردوویەتی بە عەرەبی.



## نامەیەك لە تێکەڵکاری چیمەنتۆدا

ن/ هایا مایوشیکی

و/ حسێن علی

ماتسۆ دویۆشیزۆ بەرمیلی چیمەنتۆکەی بەتاڵ دەکرد. تەڵەکەبازی کرد بۆ ئەوەی چیمەنتۆکە لەبەشی زۆری جەستەی دوور بمێنێتەوە، بەڵام هەستی کرد قژ و لچی بە چینێکی چڕی خۆڵەمێشی بەرگی پۆشی. بێ سوود ئارەزووی کرد لووتی لەو چینە چیمەنتۆ سەختە پاك بکاتەوە کە وای لە مووی لووتی کرد بەڕەقی چیمەنتۆی ئاسن ڕێژ بووەستێ، بەڵام تێکەڵکاری چیمەنتۆکە لەیەك خولەکدا پاڵی بە دەبارەوە دەنا، لەتوانایدا نەبوو خۆی لێ لابدات.

ڕۆژی کارکردنی نزیکەی یازدە کاتژمێری خایاند و لە نێوان ئەم ماوەیەدا گەر بۆ جارێکیش بێت نەیتوانی وەك پێویست لووتی پاك بکاتەوە. و لەنێوان ماوەی ئەو حەسانەوەیەی کە بۆ خواردنی نیوەڕۆ تەرخان کراوە پێویست بوو سەرقاڵی خواردنەکە بێت. ئاواتە خواز بوو ماوەی حەوانەوەی دوای نیوەڕۆ بۆ پاك کردنەوەی کوونە لووتی بقۆزێتەوە، بەڵام کە ئەو

وادەیە هات لەسەری بوو لە جیاتی ئەوە تێکەڵکاری چیمەنتۆکە بەتاڵ بکات. و کاتێك ماوەی نیوەڕۆ تەواو بوو هەروەك لە گوریس دروست کرابێت لووتی پڕ چیمەنتۆ بوو.

ڕۆژ لە کۆتاییدا بوو، و بەهۆی لەڕادەبەدەری هیلاکی هەردوو باسکی شەکەت ببوون، لە کاتێکدا لەسەری بوو بۆ گواستنەوەی بەرمیلەکان ئەو پەڕی هێزی بەکاربێنێ کاتێك دەستی بەجولاندنی یەکێکیان کرد قوتویەکی دارین کە فڕێدرابۆ نێو بەرمیلەکە سەرنجی راکێشا. بەسەر سوڕمانەوە لەبەرخۆیەوە پرسیاری کرد: ئەمە چییە؟ بۆ دواخستنی کارە خێراکەی ماوەی بۆ خۆهەڵتێقوڵتانی نەدا. بەخێرایی چیمەنتۆکەی لە قالبی داڕشتەکە داماڵی و بەتاڵی کردە نێو دەفەرێکی تێکەڵکار، ئینجا دەستی کرد بە داماڵینی چیمەنتۆی زیاتر. لەبەرخۆیەوە بۆڵانی و ووتی: ((لەسەرخۆبە، بۆخاتری ئاسمان بۆچی پێویستە قوتویەك لەنێو بەرمیلی چیمەنتۆکەدا بێت؟ قوتوەکەی هەڵگرت و خستیە نێو گیرفانی پێشەوەی پانتۆڵەکەی)).

تەنانەت ئەم ماوەی وەستانە لەکارەکە دوای خست چونکە ئێستا لەسەریەتی چیمەنتۆکە بە پشێوی ڕامالێ بۆئەوەی بتوانێ بە تێکەڵکارەکە بگاتەوە. وەك ئامێری بەهەڵپە بە بەتاڵ کردنی بەرمیلی دووەم هەستا و ناوەڕۆکەکەی لە قالبێکدا داڕشت.



تێکەڵکارە کە ئێستا لەسەرخۆ بوو و لەکۆتاییدا بەتەواوەتی وەستا. بەنسبەت ماتسۆ دیۆ شیزۆوە کاتی ئەوە هاتووە واز لەکاری ئەمڕۆ بێنێ. سۆندەی ئاوەکەی کە بەتێکەڵکارەکەوە نووساوە بە دەستەوە گرت و بە هەوڵێکی سەرەتایی هەستا بۆ ئەوەی دەست و دەمووچاوی بشوات. ئینجا قوتووی خواردنەکەی بەملیدا هەڵواسی و بەهیلاکی دەستی بە ڕۆیشتن کرد، بۆماڵەوە دەگەڕایەوە. مێشکی بە بیرکردنەوەی ئەوەوە سەرقاڵ بوو هەندێ خواردن بخوات بۆئەوەی گەدەی پڕ بکات، لە هەموو شتێکیش گرنگتر کوپێکی گەورەی لە بادەی ساکی دەست کەوێت.

ماتسۆ دویۆ شیزۆ ویستگەی ووزەی جێ هێشت. کاری بینا لەتەواو بووندا بوو، و بەم زووانە ووزەی کارەبایان دەگاتێ. لەتاریکی شەودا و لە ئاسۆی دوور شاخی ((کابرای)) بە بڵندی دەرکەوت خۆی بە چاکەتێکی بەفرینی سپی پێچابوو. لەپڕ سەرما بەسەر جەستەی تەڕ و ئارەقاوی پیاوەکەدا زاڵ بوو دەستی کرد بە لەرزین. لە قۆناخی داهاتوودا ڕۆیشتنەکەی، ئاوی ڕووباری ((کیزۆ)) یاخی بەشێوەی سەرکەف و بە هەڵچوون و دەنگی بەرز تێك دەشکا.

ماتسۆ دیۆ شیزۆ ووتی: (( نەفرەت لە هەموو ئەمانەبێت! ئەمە شتێکی زۆرە. بەڵێ هەی نەفرەتی لێ بێت شتێکی زۆرە! سەرلەنوێ پیرێژن دووگیانە)).

بیری لە شەش منداڵەکەی دەکردەوە. ئەوانەی لەماڵەوە، لە ژوورەکەیاندا دەتلانەوە، بیری لە منداڵە نوێ یەکە کردەوە، کە لە هاتنی وەرزی زستاندا لەدایك دەبێت، و لە ژنەکەی کە منداڵی تێکەڵ و پێکەڵی دەبێت– یەك لەدوای یەك– هەستی کرد دڵی ئازاری دەدات.

کەمێك بۆڵەی لێوەهات و ووتی: (( باشە با ئێستا ببینین. ڕۆژی یەك یەن و نەوەد سینم دەدەنێ، و بەم بڕە پارەیە دەبێ دوو پێوەر برنج بکڕین کە هەر پێوەرەی پەنجا سینی دەوێ. ئینجا دەبێ نەوەد سینی تر بدەینە پۆشاك و ئەو شوێنەی تێیدا دەژین. نەفرەت لەهەموو ئەمانە بێت! چۆن چاوەڕێ دەکەن دوای ئەوە شتێك بۆ بادەیەك مەی بمێنێتەوە؟)).

لەپڕ قوتوە بچکۆلەکەی بیر کەوتەوە. و بەدانیشگەی پانتۆڵەکەی دەستی بە سڕینی کرد بۆئەوەی لە چینە چیمەنتۆکە پاکی بکاتەوە– هیچ شتێکی لەسەر نەنووسرا بوو. بەتووندی داخرابوو.



– ((بۆ خاتری ئاسمان، بۆچی کەسێك هەڵدەستێ قوتویەکی ئاوەها بەم تووندیە دادەخات؟ ئەو کەسە هەر کەسێك بێت هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی نادیار ڕەفتار بکات)).

قوتووەکەی بە زەویدا دەکێشا و بە تووڕەییەوە پێ ی پیا نا. قوتووەکە شکا و بە سەرەپارچەی کاغەزی لەپەڕۆ پێچراو کەوتە سەر زەوی هەڵیگرت و دەستی کرد بە خوێندنەوە : ((من کچێکی گەنجم و لەکارگەیەکی چیمەنتۆی سەر بەکۆمپانیای نۆمۆرا کار دەکەم. هاورێکەم بۆ هەمان کۆمپانیا کاری دەکرد. کارەکەی ئەوە بوو بەرد بخاتە نێو بەرد هاڕەکە. لەبەرەبەیانی حەوتی مانگی ئۆکتۆبەر، و لەکاتێکدا بەردێکی گەورەی دەخستە نێو بەرد هاڕەکە پێ ی لەسەر قوڕەکە خلیسکاو کەوتە ژێر بەردەکان لەبەرد هاڕەکەدا.

پیاوەکانی تر هەوڵیان دا ڕایبکێشن بەڵام سەرنەکەوتن، هەروەك لەئاودا نقووم بێت چوووە بن بەردەکان. جەستەی تێك شکا و بووە پارچەی بچووك بچووك وەك قەرەبارەیەکی گەورەی درێژ بۆوەی پەمەیی ڕەنگی لێهات و لەنێو پاڵنەرەکەوە هاتە دەرەوە دوای ئەوە خرایە سەر چەرمە گوێزەزەوەکە بۆ سەر پانکەرەوەکە و لەوێش ئەم پارچە بچووکانە بەهۆی لوولەکێکی پۆلاییینی گەورەوە پانکرایەوە، گوێ بیست بووم بەشێوەی کەڕەت هاواری دەکرد تا لەکۆتاییدا بەشێوەی بەش بەش

فلیقایەوە. بەوپێییە خرایە نێو سوتێنەرەکە لەبەرئەوە بووە دەپەیەك لە چیمەنتۆ.

ئێسکی، گۆشتی، مێشکی، هەمووی هاردرا، بەڵێ، دوا ئەنجام هاورێکەم بە یەکجاری بووە چیمەنتۆ. هەموو ئەوەی مایەوە پارچەیەکی بچووك بوو لە پانتۆڵە پان و پۆڕەکەی و ئەمڕۆش سەرقاڵی ئامادەکردنی ئەوکیسا نەبوو کە دەخرێتە نێو یەکێکیان من پاش ڕۆژێك لە گۆڕانی هاورێکەم بۆ چیمەنتۆ ئەم نامەیە دەنووسم. کاتێکیش لە نووسینی دەبمەوە دەینووسێنم بە توورەکەی ئەم بەرمیلەوە.

ئایا تۆش کرێکاری؟ ئەگەر کرێکاری بەزەییت پێمدا بێتەوە، وەڵامم بۆ بنێرەوە، لەم بەرمیلەدا چی لە چیمەنتۆکەدا بەکار دەهێنرێت؟ بەڕاستی ئارەزوو دەکەم ئەوە بزانم. بارستایی ئەو چیمەنتۆیەی کەبوویە چەندە؟ و ئایا هەمووی لەهەمان شوێندا بەکار هێنرا یاخوود لە شوێنی جیا جیادا؟ ئایا تۆ کرێکاری گەچی یاخود کرێکاری بینا؟

من بەرگەی ئەوە ناگرم ببینم بۆتە پێش هەیوانی یەکێك لە شانۆکان یاخود دیوارێك لەیەکێك لە بینا گەورەکاندا. بەڵام بۆ خاتری ئاسمان دەتوانم چی بکەم بۆئەوەی ئەمە قەدەغە بکەم؟ تکات لێدەکەم، ئەگەر کرێکاریت ئەم چیمەنتۆیە لە شوێنێکی لەم جۆرە بەکار مەهێنە...



کاتێك کارەکە ئەم دیوو ئەو دیوو دەکەم، دەبینم گرنگی نییە، لەچ شوێنێکدا دەتەوێ بەکاری بهێنە، لە هەرشوێنێك بشاردرێتەوە دەیکاتە شوێنێکی چاك. لاوێکی چاکە، و پشتی پێ دەبەسترێت، کۆتایی لەهەر شوێنێك بێت هەمان شتی گونجاو دەکات. خوو ڕەوشتێکی ناسکی هەبوو، بەڵام لەهەمان کاتدا پیاوێکی بەهێز و ئازا بوو. هێشتا گەنجە و ئێستا تەمەنی گەیشتە بیست و پێنج بەهار و کاتی تەواوم نەبوو ڕادەی خۆشەویستی بۆم بزانم، ئەوەتا کفنی بۆ ئامادە دەکەم، بەواتایەکی تر، کیسەیەك چیمەنتۆ ئامادە دەکەم. لەجیاتی ئەوەی بۆ کورەی سووتاندنی تەرمی مردوان بڕۆم کارەکە بەتەنورێکی گەڕۆك کۆتایی هات. بەڵام بۆ ئەوەی ماڵئاوایی لێبکەم چۆن گۆڕەکەی دەدۆزمەوە، هیچ بۆچوونێکم نییە لەکوێ بەخاك دەسپێردرێت. لە ڕۆژ هەڵات یاخود ڕۆژ ئاوا، نزیك یان دوور، بەهیچ جۆرێك ناشێ ئەوە بزانرێت. لەبەرئەوە داوات لێ دەکەم  وەڵامی ئەم پرسیارانەم بدەیتەوە. ئەگەر کرێکار بیت وەڵامی ئەم پرسیارانەم دەدەیتەوە. وانییە؟ بەرامبەر بەوە پارچەیەك لە پانتۆڵە فراوانەکەیت دەدەمێ— ئەو پارچە قوماشەی کە ئەم نامەیەی پێ پێچراوەتەوە، تۆزی ئەو بەردانە. ئارەقەی جەستەی. هەمووی لی پارچە قوماشەکەدایە— تەنیا ئەم پارچەیە لەو پانتۆڵەیە کە ڕاهاتبوو لەبەری بکات هەرچەند

بەگەرمی دەستی لەملم بکردبایە ! تکام وایە ئەمە لە پێناو مندا بکەیت. دەزانم لەوانەیە تووشی ناڕەحەتیت بکەم، بەڵام تکات لێدەکەم لەو ڕۆژەی ئەم چیمەنتۆیەی تیدا بەکار دێت ئاگادارم بکە، و بە ئاسایی ئەو شوێنەی تێیدا بەکار دێت و ئەدرەسەکەی، بەتەوای. هەروەها ناوت. تۆش ئاگادار بە ماڵئاوا)).

سەر لەنوێ قاو قیژی منداڵەکان لەدەوری ماتسۆ دیۆ شیزۆ بڵاو بۆوە. ڕوانیە ناو ئەدرەسی کۆتایی نامەکە، و نیگای ئەو ساکیەی کرد کە کردبویە پیاڵەیەکی چاوە. هاواری کرد و ووتی: (( ئەوەندە لەم مەیە دەخۆمەوە تاوەکو بێهۆش دەبم، و خۆراك دەدەم بە هەموو شتێکی نەفرەت لێکراو دەستم بیگاتێ!)).

ژنەکەی ووتی: (( ئابەم جۆرە. کەواتە تۆ خاوەنی رابواردنی سەرخۆشی و ئاژاوە نانەوەی؟)).

نیگایەکی وورگە ئاوساوەکەی ژنەکەی کرد و منداڵی حەوتەمی داهاتووی بیر کەوتەوە.



هایا ما یوشیکی:

ساڵی ١٨٩٤ لە کیۆشۆ لەدایك بووە. باوکی فەرمانبەرێکی میری بوو. لەسایەی خێزانێکدا کەورە بوو کە نەبوونی بژێوی ژیانی خۆی ئاشکرا نەدەکرد. دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر سەرکەوتنی چوونە نێو زانکۆی واسیدای وە دەست هێنا، و لەبەر زۆری ئامادە نەبوونی دەرکرا، ئەمە کارێکی وای کرد پاشان لە کەشتیەکی خەڵوز هەڵگردا ببێتە دەریا وان. هایا ما وەسفی ژیانی خۆی لەسەر ئەو کەشتیە لە یەکێك لە بەناوبانگترین ڕۆمانەکانیدا باس کردووە کە ئەویش ((ئەو پیاوانەی لە دەریادا دەژین)). دوای ئەوەی وازی لە ژیانی دەریا گەری هێنا لە کارێکەوە بۆ سەر کارێکی تر دەچوو، بووە بزوێنەری خاوەن چاپخانەیەك و نووسەر لە قوتابخانەیەکدا و کرێکاری کارپێکردنی وێستگەی کارەبا و کرێکار لە کارگەی چیمەنتۆدا. زۆربەی کارە ئەدەبیەکانی لە تاقیکردنەوەکانی خۆی وەرگرتووە وەك ئەم چیرۆکەی کە ساڵی ١٩٣٦ کاتێك لەتەمەنی سی و دوو ساڵیدا بڵاوکرایەوە.

سەرچاوە

کتێبی ((الشاعر النمر)) هیام عبدالحمید کردوویەتی بە عەرەبی.

# ساویلکە

ن/ ئەنتۆن تشیخۆف
و- حسێن علی

چەند ڕۆژێك لەمەبەر بانگهێشتی ((یۆلیا فاز یلیفنا)) ی بەخێوکەری منداڵەکانم کرد لە نووسینگەکەم ئامادەبێت، بۆئەوەی هەژمارەی لەگەڵدا ڕێك بخەم. پێم ووت: تکایە ((یۆلیا فازیلیفنا)) فەرموو دانیشە تا دەست بە ڕێکخستنی هەژمارەکەمان بکەین. من دڵنیام کە تۆ سەرەڕای ئەوەی پشت بەستی بۆنەکانی تەنانەت پرسیاری لەبارەوە ناکەیت پێویستیت بە هەندێ پول هەیە. با بڕوانینە کارەکە، لەسەرئەوە ڕێکەوتین مانگانە سی ڕۆبڵت بدەینێ، وا نییە؟)).

- چل.

- نە، بەڵکو سی، من تێبینییەکم لەو بارەوەیەوە تۆمار کردووە. هەروەها من هەمیشە سی ڕۆبڵ بە بەخێوکەر دەدەم. ئێستاش با بڕوانینە کارەکە، دوو مانگ بەسەر کارکردنت لەگەڵماندا تێپەڕی؟



- دوو مانگ و پێنج ڕۆژ.

- دوو مانگی دیاری کراو، تێبینم دەربارەی تۆمار کردووە. لەبەرئەوە شەست ڕۆبڵ وەردەگریت. دیارە ئەمەش پاش داشکاندنی نۆ ڕۆژی یەکشەممان

چونکە لەوماوەیەدا هیچ وانەیەکت بە ((کۆلیا)) نەوتۆتەوە، بەڵکو قایلی گەڕان و سەیران بویت، ئەمە سەرەڕای سێ پشووەکە.

گۆنای یۆلیا فازیلیفنا سوور هەڵگەڕاو بێ ئەوەی وورتەی لێوە بێت بە دزییەوە ڕوانیە پۆشاکە نەخشاو و ڕازاوەکەی.

- سێ پشوو، لەبەرئەوەی دوانزە ڕۆبڵ دائەشکێنین، هەروەها ((کۆلیا)) چوار ڕۆژ نەخۆش بوو، و لەم چوار ڕۆژەدا هیچ ئەرکێکت بۆجێ بەجێ نەکرد بەڵکو تەنیا بە تەنگ ((فانیا))وە هاتی. دیسان ئەو سێ ڕۆژەی کە بەدەست ئازاری ددانەوە ماندوو بویت و هاوسەرەکەم دوای ژەمی ئێوارە ڕێ ی پێدایت لە منداڵەکان دوور بیت. باشە، دوانزەی لێ دەشکێت و حەوت ڕۆبڵی بخرێتە سەر کۆی دەکاتە نۆزدە ڕۆبڵ. وە ئەوەی مایەوە... م م م ... چل ویەك ڕۆبڵە، وانییە؟

هەروەها لە یەکەم ڕۆژی سەری ساڵی تازەدا پەرداخێك و قاپێکت شکاند. ئەمەش وامان لێدەکات دوو ڕۆبڵت لێبپڕین، پەرداخەکە نرخی لەوە زیاترە چونکە وەك پارچەیەکی دێرینی شوێنەواری

میراتی نرخی لەوە زیاترە، بەڵام ئێمە گرنگیەکی ئەوتۆی پێنادەین و لە کۆتاییدا ئێمە خەرجی دەدەین، شتێکی تر بە هۆی خستنە پشت گوێ و کەمتەرخەمیت لە بەرپرسێتی ی کۆلیا بە درەختەکەدا هەڵگەڕا و ئەمەش بووە هۆی دڕاندنی چاکەتەکەی. لەبەرئەوە دە ڕۆبڵ لە مووچەکەت دادەشکێنم. وە بەهۆی گوێ نەدانتەوە کارەکەرەکە پێڵاوەکانی ((فانیا)) ی برد. پێویست بوو بۆ ئەم کارانە چاووکراوە و بەخەبەر بیت. تۆ مووچەیەکی چاك وەردەگریت لەبەرئەوە سزات دەدەین و لە پێنج ڕۆبڵ بێ بەشت دەکەین، و لەوەی مانگی یەکدا دەڕۆبڵت لەمن قەرز کرد.

((شتی وام نەکردووە)) پۆلیا فازیلیفنا ئەمەی بەچرپە ووت.

– بەڵام من تۆمارم کردووە

– باشە، بەڵێ.. لەوانەیە...

– بیست و یەك لەچل ویەك دەرکەین چوار دەمان بۆ دەمێنێتەوە.

هەردوو چاوی پڕ فرمێسك بوون و دەنکە ئارەقە لەسەر لووتە باریکە جوانەکەی دەدرەوشایەوە.

ئای لەم منداڵە بچکۆلە هەژارە! یانزە ڕۆبڵم پێدا بە پەنجە لەرزۆکەکانی وەریگرت و ئاخنیە گیرفانی. وە بەچرپە سوپاسی کردم، ((سوپاس))، منیش لەوە زیاترم پێنەکرا و لەشوێنی خۆم



قەڵەمبازێکم داو دەستم کرد بە ئەمسەر و ئەوسەر کردنی ژوورەکە، زۆر دەمارگرژ بووم. پرسیارم لێکرد: ((بۆچی ووتت سوپاس؟))

– لە پێناو ئەو پارەیەی داتپێم.

– نەفرین، ئایا پەیت بەوە نەبرد کە من سوودم لێوەر دەگرتیت؟ من پارەکەت دەدزم و هەموو ئەوەی توانیت بیڵێت ((سوپاس)) بوو؟.

– کە دەچوومە ئەو شوێنانەی تر هیچیان نەدەدامێ.

– هیچت نادەنێ! باشە کەواتە جێ ی سەرسوڕمان نییە، کە من فێڵێکم بەسەرتا تێ دەپەڕاند، بەڵکو کارێکی نزم.. هەر هەشتا ڕۆبڵەکەی کە مافی خۆتە دەتدەمێ و هەمووشی لەم بەرگی نامەیەدایە کە بۆ تۆ ئامادە کراوە. ئایا دەشێ کەسێك ئەمەندە گێل بێت؟ بۆچی نا قایل نەبوویت؟ بۆچی بێ دەنگ بوویت؟ دەشێ کەسێك بەم لاوازی کەسایەتیە لەم جیهانەدا هەبێت؟ تۆ بۆچی ئەوەندە ساویلکەی؟ ئەوی توانی تەنیا بزیەکی پڕ لەپەژارەی پێ بەخشیم. وە وێنەی ئەم دربڕینە لەسەر ڕوخساری نەخشا ((بەڵێ دەشێ کەسێکی وا هەبێت))

لەبەرئەوەی تەڵەکەبازییەکی دڵرەقانەم لەگەڵی بەکار هێنا داوای لێبوردنم لێکرد و ئینجا هەشتا ڕۆبڵەکەم پێداو بەسەرسوڕمانێکی زۆرەوە کە چاوەڕێ نەبوو هیچی پێبدەم. تەنیا ئەوەندەی پێکرا

چەند جارێك سوپاسم بكات وەك نەریتی هەمیشەیی بەترس و شەرمەوە وەریگرت، ئینجا چووە دەرەوە. لەدوای ئەو سەرنجم داو و بیرم كردەوە چەند ئاسانە لەم جیهانەدا بەهێزبیت.

سەرچاوە

كتێبی ((قصص من الأدب العالمی)) علیاء ئەلشەحی كردوویەتی بە عەرەبی.



# لە پشت پەردەوە

ن/ كیوكو ئۆتشای

و/ حسێن علی

ئەوە لە ئێوارەی ڕۆژێكی مانگی سێپتەمبەر دابوو، لەپشت پەردەیەكی تەنكەوە لەگۆشەیەكی چێشتخانەكە دەنگی پیاو و ژنێك بەرز بۆوە، لەسەرەتادا دەنگەكە بریتی بوو لە چرپاندنێكی شاردراوە، بەڵام بە شێنەیی گفتوگۆكە گەرمتر بوو و بووە قاو و قیژ و هاوار، هیچ گومانی تێدا نەبوو كە ئەو دوو كەسە دوو خۆشەویستن و لە ڕێ ی جیا بوونەوەدان، و بە شێوازێك ڕەفتار دەكەن خۆشەویستی تێدا نییە.

وە بەگوێرەی ئەوەی كە لە ژنەكەوە بە قیژە قیژ دووبارە دەبۆوە، دەركەوت كە ئەو ئەو لایەنە نییە كە داوای جیا بوونەوە دەكات.

– ((دوای ئەوەی كە ئەم هەموو كاتەی پێكەوە ژیاین. ئەمە دادوەری نییە ! چۆن دەگونجێ ببیتە.. تا ئەم سنورە دڵڕەق بیت؟!))

– لەم هەڵوێستەدا، ڕێبازی باوی دانپیانراو وەك بنچینەیەك تاڕادەیەك ئەو لایەنەی کە لە لایەنەکەی ترەوە تووشی پیەمان شکاندن بووە لە هەڵوێستێکی هێرشیدا دەبێت... کارێکی چاوەڕوان کراو و ئاساییە لەم هەڵوێستانەدا قسە کردن بە هەندێ ناز ناوی نەویستراو و تاوانبار کردن و هەڵچوونی دەمارگرژی بەکارێکی چاوەڕوان کراو دادەنرێت.

– کاتێك کە بیر لەو هەموو قوربانیانە دەکەمەوە.. بەرامبەر ئەوە تۆ چیت کرد؟ درۆ.. فێڵبازی.. تۆ.. تۆ ئاژەڵی.. خەنجەر بە پشتاکەری! بەرامبەر ئەوە ئەگەر پیاوەکە ئەوکاتە بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکات شتێکی بگوتبایە بە تەئکید گوێ بیستی نە دەبوون.. بەڵکو ئەو ستراتیژییەی کە پەیڕەوی دەکات ئەوەیە کە بۆ ڕەشەبای ئەو وشانە بچەمێتەوە، بە تەئکید ئەمەش هەمیشە بەردەوام نابێت.

– ئەو هەموو باوەڕپێکردن و دڵسۆزییە.. ئایا ئەمە ئەو سوپاسەیە کە مرۆڤ دەستی دەکەوێ؟ چۆن بەشیاوی دەزانی ئەمە لەگەڵ یەکێکدا بکەیت خۆشی دەوێت.. چۆن؟ ئەو تورەییە ڕەوشتیەی کە ژنەکە شۆڕشەکەی دەستی پێکرد ڕێگەی دا بە بەزەیی یەك لەخۆ و بە تەنگەوە هاتنێکی تێکەڵ بە گریان و شیوەن، بەخێرایی دەستی بە گریان کرد. بەڵام گریانی کچێك نەبوو لەسەرەتای تەمەنیدا بێت، بەڵکو شتێکی پێگەییوو گونجاو



و بەشێوەیەکی سەرسوڕمێنەر کە لەو گریانە بۆوە گریانێکی بێدەنگ پچڕ پچڕ سروشی لەشەکەتی و بێزاری لە جیهان دەکرد. گریمان لایەنە نێرینەی وێنەکە هینی لاوێك بێت لەسەرەتای ژیاندا، مرۆڤ پرسیار دەکات ئایا ئەم چیرۆکی خۆشەویستیە پێك گەیشتنێك نەبووە لە نێوان لاوێك لەتاف لاویدا و ژنێك لە پایزی تەمەندا..

دوای ئەوەی ژنەکە ئارام بۆوە: تا ئێرە بەسە. ئێستا زانیم تۆ چ جۆرە کەسێکی.. هەوڵدان بۆ قسە کرن لەگەڵ کەسێکی وەك تۆدا کات بەفیڕۆ دانە... من دەڕۆم. خشاندنی کورسیەکە بەزەویدا ژاوەژاوێکی دروست کرد، و لەپڕ ژنێك لەپشت پەردەکەوە دەرکەوت، کیمۆ نۆیەکی گرانبەهای پۆشیبوو، وا دیارە لە کۆتایی پەنجای تەمەنیدایە یا خود لە وانەیە کەمێك زیاتر بێت، بەڵکو جێ ی سەرسوڕمانە ژنێك لەم تەمەنەدا بەسەر کەوتوانە هەڵوێستێکی لەم جۆرە بەسەر کەوتوانە ڕاپەڕێنێ! یەکسەر بەرەو لای دەرهێنەرکە ڕۆشت و قەراخی ئەو کیمۆنۆیەی پۆشیبووی بە تورەییەوە شەپۆلی دەدا، پاش ئەوەی سێ یاخوود چوار هەنگاو ڕۆیشت وەستاو یەکسەر گەڕایەوە. لەوانەیە شتێکی لەبیر کردبێت، یاخود لەوانەیە بیری لە دەستەواژەیەکی ئارەزوو جووڵێنەر کردبێتەوە بۆ ئەوەی کۆتایی بەم ماڵئاواییە پێ بێنێ.

کاتێك گەیشتە لای پەردەکە، بۆ چەند چرکەیەك بە توڕەییەوە لەوێ وەستا، ئینجا دەستی بە هاوار کرد: ((ئەکیۆ چاوەڕێ ی چی دەکەیت؟ هەموو ئەوەی لەسەرەتادا پێ ی هەستای و لەوی دانیشتی و بە کوڵ دەگریایت، لە کاتێکدا داوات لە دایکت دەکرد بۆ ئەوەی لە جیاتی تۆ قسە لەگەڵ ژنەکەدا بکات. من هەواڵم پێدا.. ئایا وام نەکرد؟ تۆ نابینی کە بابەتەکە بێ کەڵکە؟
دان بەخۆتا بگرە و لەگەڵم وەرە!

لەپشت پەردەیەکەوە لاوێکی نەوجەوانی تەمەن نزیکەی بیست و پێنج یاخود بیست و شەش ساڵان بە دوو دڵیەوە هاتە دەرەوە، و هەردووچاوی سوور هەڵگەڕابوون، و قاتێکی ڕەنگ شینی تاریکی پۆشیبوو. لەگەڵ هاتنە دەرەوەی لەپشت پەردەکەوە وەستا و نیگایەکی دواوەی کرد هەروەکو نەیەوێ بڕواتە دەرەوە.

((ئەکیۆ)) هەردەبێ ئەم ژنە قێزراوەت لەبیر بچێتەوە، دایکت ژنێك بۆ دەدۆزێتەوە شایەنت بێت ژنێك شایەنی خۆشەویستیت بێت. وەرە بۆ ئەوەی بۆماڵەوە بڕۆینەوە.

سەرچاوە

کتێبی ((االشاعر النمر)) هیام عبدالحمید کردوویەتی بە عەرەبی.



کیو کو ئوتشای

نووسەری ڕۆمان و سەر ووتاری ئەدەبییە. لە زانکۆی میجی بەبڕوانامە لە ئەدەبی ئینگلیزی و ئەمەریکاییدا دەرچووە. دامەزراوی نووسین و کتێبخانەی منداڵان و باوکانی (دار کراوین) ی هەیە. خەڵاتی ((چالاکسی)) و خەڵاتی ئەنجومەنی ڕۆژنامە نووسانی ژاپۆنی وە دەستهێناوە.

# خاڵە فرێد

ن– هاینریش بوڵ

و– حسێن علی

خاڵە فرێد تەنیا مرۆڤە یادەوەریەکانی ساڵانی دوای (١٩٤٥) ز لاسانا دەکات.

پاش نیوەڕۆیەکی هاوینی گەڕایەوە جلکێکی سادەی دەپۆشی، و تەنیا قوتویەکی پلێتی نەبێت کە بە پەتێك کرد بویە ملی هیچی تری پێنەبوو. هەروەك پاشماوەی سیگارە بێ بایەخەکانی زۆر بەچاودێرییەوە لەناو قوتویەکی بچکۆلەدا هەڵیگرتبوون وەکو باریان قورس کردبێ زۆر بەگرانی بەرێوە دەڕۆیشت. دایکمی لە ئامێز گرت، و من و خوشکەکەمی ماچ کرد، ئینجا بە پەلە قسەی کرد: ((نان، خەوتن، نوستن))، و لەسەر ((قەنەفەکە)) تەختەکە تلۆر بۆوە. ئێستاش وێنەکەی وەك ئادەمیزادێك باڵای زۆر لەتەختەکەمان درێژتر بوو لە بەرچاوە، ئەمەش زۆری بۆ دەهێنا هەردوو لاقی بنوشتێنێتەوە، یاخود وەکو خۆیان بیانهێڵێتەوە — بە ئاسانی — بە هەڵواسراوی لەهەوادا، هەروەها بارەکە پاڵیان پێوەنا کە قسەکانی بەتوڕەییەوە دەربارەی بنەی باپیرانمان



هەڵقوڵێت کە زۆر قەرزاری چاکەیانین لە هەڵبژاردنی وەك ئەو پارچە پیتاکە بەنرخانە. ناوی وەکو
(( بۆگەنە شێواوەکانی)) لەو نەوە چاکە دەنا، ئینجا ترۆ بوون و ڕسوایی بەسەردا دەرشتن بە هۆی ئەو قوماشە سوور و تونەی کە تەختەکەی دەپۆشی. بەڵام ئەمەش بەهیچ شێوەیەك ڕێ ی لێنەدەگرت زۆر بەقۆڵی بخەوێت و ئیتر وەخەبەر نەیەت.

بەڵام من ئەوکات – لەتەمەنی چواردە ساڵیدا بووم — و بەکارێکی زۆر ئاڵۆز کە هیچ کەسێکی ئەندامانی خێزانەکەم ڕشکی لێنەدەکردم و بەڕۆڵی تەنیا هۆی پەیوەندی نێوانمان و ئەو دەزگا گەورەیەی کە ناوی بازاری ڕەشمان لێنا بوو هەڵدەستام. باوکم لە جەنگدا مرد، و مووچەی دایکم زۆر لاواز بوو، بەم جۆرە لەسەرم بوو هەموو ڕۆژێك پارچەیەکی بچووك لەو داراییانەی کە توانیمان ڕزگاریان بکەین یاخود بەرامبەر نان و خەڵوز و توتن بیانگۆڕینەوە بفرۆشم. ئەوکات خەڵوز هۆیەك بوو بۆسەر پێچپیەك لەڕادەبەدەر بۆ چەمکی خاوەنداریێتی، ئەو سەر پێچییەی ئەمڕۆ ناوی ووشەیەك بێ بەزەیی لێدەنین، کە ئەویش: دزیە.

بەم شێوەیە هەموو ڕۆژێك یان بۆ دزی یان بۆ فرۆشتن دەچوومە دەرەوە، و سەرەڕای ئەوەی دایکم — لە پێویستی ئەوکارە ناشرینە تێ دەگەیشت بەیانیان کاتێك بۆ ئەنجامدانی کارە

ئالۆزەکە دەچووم بە چاوی پڕ فرمێسکەوە نیگای دەکردم–
سەرینێکم بە نانێك دەگۆڕیەوە، فنجانەنێکی شوێنەواری بەرامبەر هەندێ ساوەر، یاخود سێ بەش لە دانراوەکانی گۆستاف فرایتاغ بەرامبەر پەنجا گرام قاوە — کارەکان هەرچەندە بە حەماسی وەرزشکارێك پێیان هەڵدەستام، بەڵام من لە هەستکردن بە توڕەیی و ترس ڕزگار نەدەبووم. چەمکی بەهاکان — گەروەکان لەو ڕۆژانەدا بەم شێوەیە ناویان لێنا — لە شوێنی خۆی لەق بوونێکی گەورە لەق بوو، لەبەرئەوەی دەست ناپاکی زۆرجار دەورو خولی دەدام چونکە نرخی ئەو شتانەی من بۆ فرۆشتن پیشانم دەدا هەمیشە لەگەڵ ئەو نرخانە دا پڕاو پڕ نەبوو کە دایکم بە شیاوی دەزانی. ئای چ کارێکی تاڵ و سەختە بکەوێتە نێوان دوو جیهانی جیاواز لە بەهادا.. بەڵام وا دیارە ئێستا لەیەك نزیك دەبنەوە.

گەیشتنی خاڵە فرێد پەرۆشی بۆ دەستی پیاوێکی بەهێز بۆ یارمەتیدانمان لە هەمووماندا وەخەبەر هێنا، بەڵام هەر زوو نائومێدی کردین. بەهۆی دڵبردنی بۆ خواردن هەر لە ڕۆژانی یەکەمەوە خەمێکی گەورە دایگرتم، و لە کاتێکدا دوو دڵ نەبووم لەم بارەیەوە قسە لەگەڵ دایکم بکەم، تکای لێکردم هەندێ کاتی پێبدەم تاوەکو دەگەڕێتەوە سەر خۆی خاڵم تا گەڕایەوە سەرخۆی نزیکەی هەشت هەفتەی پێویست بوو. سەرەڕای هەموو



ئەو نەفرەتانەی کە لە بچوکی تەختەکەی دەکرد، و بەنووستنی لەسەری شاد دەبوو و ڕۆژگاری بەخەوتوویی بەسەر دەبرد، یاخود بە دەنگێکی پڕ موعانات سەرقاڵی ڕاڤەکردنی ئەو بارەی بۆ دەکردین کە لەکاتی خەوتندا حەزی لێیەتی.

بڕوام وایە ئەوکات باری ڕاکەری پێش ڕاکردن بەسەر هەموو بارەکانی تریشدا دەدا. دەبوو پاش نانخواردن لەسەر پشت پاڵکەوتایە، هەردوو لاقی کۆبکردایەتەوە و زۆر بەچێژەوە پارچەیەکی گەورە نانی هەڵدەلووشی، ئینجا دوای ئەوە سیگارێك بۆ خۆی دەپێچێتەوە و بۆ چاوەڕێ ی نانی شێوان بە قووڵی دەنوێت، خاڵم باڵا بەرز و ڕەنگ پەڕیوو بوو، جێ برینێك لەشێوە تاجە گوڵینە لەسەر چەناکەی بوو، ڕوخساری کرد بووە شێوەی هەیکەلێکی لەمەڕ مەڕ ڕوشاو. سەرەڕای ئەوەی دڵبردنی و پێویستی بۆ خەو هەر سەرچاوەی نا ئارامیم بوون من خاڵم زۆر زۆر خۆش دەویست. بێ ئەوەی شەرمان ببێت خاڵم تەنیا ئادەمیزادێك بوو بەلای کەمەوە مشت و مڕی دەربارەی بازاڕی ڕەشی لەگەڵدا بکەم. وادیار بوو کە ئەو ئاگاداری ئەو جیاوازییەی بەهای هەردوو جیهانەکە هەبوو.

بۆ پێداگرتنمان لەسەر ئەوەی باسی جەنگمان بۆ بکات خۆی نە ئەدا بەدەستەوە و خۆی وا پیشان دا کە شایەنی ئەوە نییە. تەنیا شتێك کە وەختە ناوەختێك باسی لێوە دەکرد ئەو

پشکنینە پزیشکیە بوو کە بۆ لێهاتوویی پزیشکی بوو، زۆربەی تەنیا ئەو فەرمانە بوو کە ئادەمیزادێك دەری دەکرد کە جلی سەربازی دەپۆشی، ئەوەش ئەوە بوو میز بکاتە لوولەیەکی شووشەییەوە، ئەوەش کارێك نەبوو بە خێرایی بۆی جێ بەجێ بکرێت، بەو شێوەیە و هەر لەسەرەتاوە بەدبەختی باڵی بەسەر دوا ڕۆژی سەربازیدا کێشا. بیانووی ئەوە بوو کە گوێ پێدانی یەکجار زۆر بە میزەکەی لەلایەن ((رایخی ئەڵمانیە)) وە پڕ گومانێکی ترسناکی کرد، ئینجا گومانەکان لە ماوەی شەش ساڵانی جەنگدا بە شێوەیەك کە جێ ی نا ئارامی بوو بەڵگە نەوویست بوون.

پێش جەنگ ژمێریار بوو، و پاش ڕابردونی یەکەم چوار هەفتە لەسەر تەختەکەمان، دایکم بە نەرم و نیانی خوشکێك داوای لێکرد هەواڵی کۆمپانیا کۆنەکەی پرسیار بکات. خاڵم زۆر بەنەرم و نیانی ئەم داوایەی لەمن کرد. هەموو ئەوەی توانیم ئەوە بوو گەیشتمە کۆمەڵێك لە داروپەردو کە بەرزییەکەی نزیکەی هەشتا مەتر بوو و بەردی بەسەر بەردەوە نەمابوو، پاش پێوانەیەکی شەکەتکەر کە کاتژمێرێکی خایاند لە یەکێك لەگەڕەکەکانی شارەوێران کراوەکەدا دۆزیمەوە.

خاڵە فرێد ئاکامی پشکنینەکەمی بە دڵنیاییەکی تەواو وەرگرت. پاڵی دایەوە، و سیگارێکی بۆ خۆی پێچایەوە، سەرکەوتوانە



هێمای بۆ دایکم کرد، تکای لێکرد بۆ شتەکانی بگەڕێت. لەیەکێك لە سووچەکانی ژووری نوستنماندا سندوقێکی لێبوو زۆر بە توند و تۆڵی بە بزمار داخرا بوو، بەچەکوش و گیرەی دەستی، بە چاوەڕوانیەکی زۆرەوە کردمانەوە. هەموو ئەوەی تێدابوو (٢٠) ڕۆمانی قەوارە و ڕێژە ناو مامەندی، کاتژمێرێکی ڕەنگ زێرینی خۆڵ داپۆشیو، بەڵام کاری دەکرد، دوو پانتۆڵ هەڵگر، پەڕاو، بڕوانامەی ((دیبلۆم)) لە ژووری بازرگانی دەرچووە، دەفتەرێکی پاشەکەوت کردن کە ١٢٠٠ مارکی تێدا تۆمار کرابوو. دەفتەرەکەیان دامێ بۆ ئەوەی پارەکە بێنم، و شتەکانی تریش بفرۆشم، بەبڕوا نامەی دیبلۆمی ژووری بازرگانیەکەوە کەسێك نەبوو بیکڕێ چونکە ناوی خاڵە فرێدم بەمەرەکەبی ڕەش نووسرابوو. بەم جۆرە بۆ ماوەی چوار هەفتە لەهەموو خەمێکی دەستکەوتنی نان و توتن و خەڵوز حەواینەوە و ئەمەش کارێك بوو باری منی زۆر سووك کرد، بەتایبەتی قوتابخانەکان سەر لەنوێ دەرکیان واڵاکردەوە و بانگەوازیان بۆ قوتابیان دەکرد پەیوەندی بکەنەوە، بۆیە داوایان لێکردم خوێندنەکەم تەواو بکەم. وە تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامم– هەرچەندە ماوەیەکی زۆرە خوێندنم تەواو کردووە– یادەوەری ووردم دەربارەی ئەو شۆربایەی دابەشیان دەکرد هەڵگرتووە. بەتایبەتی ئێمە ئەم ژەمەمان بێ هیچ هیلاکیەك شایەنی باس بێت دەست دەکەوت،

ئەمەش کەش و هەوایەکی دڵخۆشکەری سەردەمی بەسەر
قۆناخی خوێندنەکەدا دەبەخشی.

بەڵام گەورەترین ڕوودا و لەو ماوەیەدا کە خاڵم پاش بەسەر چوونی هەشت هەفتە لەگەڕانەوە بەختیارەکەی بۆ نیشتمان ئەو دەستپێشکەریە بوو کە پێ ی هەڵسا. لەبەرەبەیانی دواڕۆژی هاوین خاڵم لەسەر تەختەکە هەڵسا و بەشێوەیەك سەرقاڵی ڕیش تاشین بوو کە تووشی ترسی کردین، ئینجا داوای پۆشاکی پاکی کردو و دوو پێیەکەی لەمن خواست و لەچاو ون بوو. گەڕانەوەی شەویشی قیژە و ژاوە ژاوێکی تۆقێنەر و بۆنێکی بەهێزی شەرابی لەگەڵ بوو — بۆنەکە لە دەمی خاڵمەوە دەهات، بەڵام ژاوەژاوەکە لەنێو ئەو دەسەتە سەتڵە تەنەکەیەوە دەهات کە پێکەوەی بەستبوون. هەتا سوور بوونیمان نەزانی کە دەیەوێ بازرگانی گوڵ لە شارە وێرانەکەدا دووبارە زیندوو بکاتەوە سەر سوورمانمان نەبووە هەڵم. دایکم— کە بەرامبەر جیهانی بەهای نوێ پڕ گومان بوو— هێرشی کردە سەر پرۆژەکە بە بیانووی ئەوەی کە هیچ پێویستیەك بەگوڵ نییە. بەڵام هەڵەی کرد.

بەیانیەك بۆ شایەنی باس کردن بوو، کاتێك کە خاڵم لە هەلگرتنی سەتڵە پڕ لە گوڵە سوورەکان بۆ وێستگەی ((ترام)) یارمەتی داین چونکە لەوێ دەستی بە بازرگانیەکەی کرد، و تا ئەمڕۆش هێشتا دیمەنی گوڵە دالیای زەرد و سوور، و گوڵە مێخەکی شەونم



لێباریووم لە بیردا پاراستووە. وە هەرگیز ئەوە لەیاد ناکەم کە چۆن خاڵم لەنێو ڕەنگە خۆڵەمێشی و کۆمەڵە پاشماوەکان بەدیمەنێکی نایاب و قەشەنگ دەرکەوت، ئینجا بەدەنگێکی زایەڵەدار هاواری بۆ گوڵەکانی کرد.

پێویستم بەوە نییە باس لەگەشە کردنی بازرگانیەکەی بکەم: قازانجێکی خەیاڵی هێنایە دی. خەریك بوو چوار هەفتەی بەسەردا تێپەڕی بووە خاوەن سێ دەستە سەتڵی تەنەکە، ئینجا بووە خاوەنی دوو لق، و دوای تێپەڕ بوونی مانگێك بووە یەکێك لە خاوەن سەرمایە و باجی بە دەزگای باج دەدا. وام بۆ دەرکەوت کە ڕووخساری شارەکە بەتەواوی گۆڕاوە. کۆشکی گوڵ دەستی کرد بە ڕاماڵینی قوڕنەو گۆشەکان، لەتوانادا نەبوو هەموو داواکاریەکان جێ بەجێ بکرێت. ژمارەی ئەو سەتڵانەی خاڵم کڕینی زیادی کرد، هەروەها کۆشك و عارەبانەی دارکە داوای لە دارتاشەکان دەکرد بۆی دروست بکەن.

بەهەرحاڵ خاڵم تەنیا هەر گوڵی سوورمان پێشکەش ناکات، بەڵکو هەروەها نان و خەڵوزیش. توانیم کە لە چالاکی لایەنداری بووەستم، ئەمەش کارێك بوو زۆر لە ڕەوشت و خووی بەرزمدا بەشداری کرد. لەماوەیەکی زۆرەوە بارو دۆخی خاڵە فرێد جێگیر بوو. لقەکانی لەگەشە سەندندان، خاوەنی ئۆتۆمبێلەکە، منیش چرانگری چاوەڕوانیم، لەبەرئەوەی داوایان لێکردم ئابووری

بخوێنم تاوەکو بتوانم پێش ئەوەی میراتیەکە بۆ من بگوێزرێتەوە– ڕای باج پێشکەشی بە کۆمپانیاکە بکەم.
وە کاتێک ئەمڕۆ دەبینم، ئادەمیزادێکی کەتەیە و لە پشت سوکانی ئۆتۆمبیلە سوورەکەیەوە دادەنیشێ، هەست بە شتێکی زۆر سەیر دەکەم کە کاتێك لە ژیانمدا دڵبردنی بۆ خواردن دەبووە هۆی خەوزڕان و بێخەویم.

سەرچاوە

کتێبی ((وکان مساء...)) نووسینی هاینرش بۆڵ، سمیر جریس کردوویەتی بەعەرەبی.



## دەرچوون

ن/تشیرۆ ئاکاجاوا
وەرگێڕانی/حسێن عەلی

تۆپەکە لەبەردەم تەکسییەکەدا خلۆر بۆوە. مۆراکامی بەتوندی ڕاگرەکەی پەستان، گەشتیارەکەی کە لەسەر کورسییەکەی دواوەی دانیشتبوو، بەتوندی فڕێی دایە پێشەوە و بەر تەگەرە شووشەییەکەی کە نێوان شۆفێرەکە و خۆی جیادەکاتەوەو کەوت و وتی:" نەفرین! توو تۆزەخ چی ئەکەیت؟" سەرلەنوێ مۆراکامی بزوێنەرەکەی گێڕاو ووتی: "گەورەم بمبەخشە! کاتێك تۆپەکەم دی، من....".
تۆپەکە "تۆپ؟" بەهۆی تۆپێکی نەفرەت لێکراوەوە بەم توندییە ڕاگرەکەت پەستاند؟".
لەپڕ مۆراکامی بێزارو تورەبوو هاواری کرد : "لەپێناو منداڵێکدا لەوانەیە لەپشت ئۆتۆمبێلەکەوە بووبێ. یاخود لای تۆ گرنگ نییە منداڵێك بکوژرێت؟".
گەشتیارەکە لەسەر کورسییەکە پاڵی دایەوەو وتی:"باشە، باشە". ئینجا نوقمی بێدەنگییەکی خەمۆك بوو.

که دەستی کردەوە بە بەڕێوەبردنی ئۆتۆمبێلەکە مۆراکامی هەستی کرد ئارەق بە بڕبڕەی پشتیدا دێتە خوارەوە، و ئەو یادەوەرییە ترسناکانەی کە ئێستا شەش ساڵ بەسەریاندا تێپەڕ بووە هێشتا زۆر بەروونی بریسکەدارن.
مۆراکامی لە دە ساڵ زیاترە ئۆتۆمبێلی تاکسی وەگەڕ دەهێنێ، نەبووە هۆی رووداونی هیچ رووداوێك، و هیچ سەرپێچییەکی هاتوچۆ، بەڵام رۆژێك لە رۆژان و بەدەر لە ئاسایی سەرقاڵبوو بیری لەوە کردەوە کە زوو دەست لە کار هەڵگرێ، و لەکاتێکدا کە بەناوچەیەکی هێمندا تێدەپەڕی، و بەرەو گەراج دەڕۆیشت ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگری بچوکی دی لێی نزیك دەبۆوە.
شەقامەکە تەسك و تروسك بوو، بەڵام ماوەیەکی تەواو بۆ پەڕینەوە هەبوو. مۆراکامی لەسەرخۆ ئۆتۆمبێلەکەی وەگەڕ هێنا و زۆر لەو پەرژینەی لای دەستی درێژ ببۆوە نزیك بۆوە.
کاتێك ئاوێنەی لای تەنیشتی بارهەڵگرەکە بەر شتێك کەوت خەریك بوو هەردوو ئۆتۆمبێلەکە بەر یەك بکەون، دەنگێکی بەرزی لێوە هات ئەوەش پێدەچوو لقی درەختێك بێت.
مۆراکامی داچڵەکی، بۆ ماوەی چرکەیەك ڕووی لە شەقامەکە وەرگێڕا، بەڵام ئەوەندە بەس بوو کە منداڵێکی بچکۆلە بەهەڵەشەیی لەدەرگایەکی کراوەی بەردەم ئۆتۆمبێلەکەی مۆراکامی بێتە دەرەوە، و مۆراکامی بەهەموو هێزێکی ڕاگرەکەی



پەستاند،پێچکەکان هاوارێکی درێژو تیژیان لێوە هات، هەستی کرد کێشای بەشتێکدا و دەنگێکی شاردراوەی لێوەهات. هەردوو چاوی نوقاند...
ئەوەش پێش شەش ساڵ بوو.
لەکاتێکدا گەشتیارەکە ویستی لە تاکسییەکە دابەزێت، مۆراکامی ڕوانییە کاتژمێرەکەی، بینی کە کات بۆ تەواو کردنی نۆرەکەی هاتووە، کاتێك گەشتیارەکە دابەزی، مۆراکامی پێی ووت :" گەورەم سوپاس" ئەمڕۆ بەشێوەیەکی چاك و لە ڕاهاتوو باشتر کارەکەم ئەنجامدا، بەباشی نازانم ئێستا بگەڕێمەوە.
ئەوە ئێوارەی ڕۆژێکی گەرمی مانگی ئازار بوو. لەڕێی گەڕانەوەیدا بوو بۆ گەراج، لەڕێگەیەکی تەسکی هێمندا لایدا. لەبەر خۆیەوە وتی "ئەم دەورو بەرە هەرگیز ناگۆڕدرێت. لەماوەی شەش ساڵدا هەرگیز نەگۆڕاوە".
مۆراکامی لە ڕووداوەکەوە چەند جارێکی لە ژماردە نەهاتوو بەم شەقامەدا تێپەڕیوە، زۆرجاریش وا هەستی دەکرد کە ناچارە بەم جۆرە و هەروەك سەردان و بۆ جاویدی ئەو کوڕە بچکۆلەیە بەمە هەستێ.
ئەو ڕۆژە کەس سەرزەنشتی نەکرد، هەموو بەیەك دەنگ وتیان ڕووداوەکە شتێك بوو نەدەتوانرا خۆی لێ لابدرێت. بەڵام لە ڕاستیدا خێزانی منداڵەکە داوای هیچ قەرەبوویەکیان نەکردوو هیچ

شتێکیان دەربارەی پارە نەدرکاند، ئەمەش باری سەرشانی مۆراکامی قورستر و خراپتر کرد، هەڵبەتە مۆراکامی هەرچەندێك لە توانایدا بوو لەپێناو خێزانی کورە بچکۆلەکەدا پێی هەڵسا و جار لەدوای جار وەبیر خۆی دەهێنایەوە کە لەتوانای هەموو دارایی جیهاندا نییە سەرلەنوێ ژیان بۆ ئەو منداڵە بگێڕێتەوە.

پیاوێکی تەمەن نزیك ٧٠ ساڵ بەرەو جیاکاری بەردینی قەراغ ڕێگاکە لایدا، و کاتێك تێبینی تاکسییەکەی کرد ڕاوەستاو دەستی هەڵبڕ، مۆراکامی لەبەردەم پیرە مێردەکەدا وەستا و دەرگاکەی بۆ کردەوە.

پیاوەکە دەستێ جلی جوانی پۆشیبوو و ملپێچێکی لەمل کردبوو بۆنێکی خۆشی لێوە دەهات.

پیرە مێردەکە وتی :"وای... سوپاس بۆ خودا، لەم ناوچەیەدا ئۆتۆمبێلێکی تاکسی دەست ناکەوێت، زۆر لەوە دەترسام کە زۆرم بۆ بێ و تا دەگەمە شەقامە سەرەکییە بەپێ بڕۆم".

– " گەورەم بۆ کوێ؟".

– باشە... ناوی قوتابخانەی (ن) ی سەرەتاییە ئەو... چۆن ئەتوانم بۆتی راڤە بکەم....".

– " گەورەم پێویست بەوە ناکات، من ئەزانم دەکەوێتە کوێوە".

– " ئای. ئەوە دەزانیت؟ من چەند بەختەوەرم!"



بەپێخۆشحاڵییەوە هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی :"من بەڕوونی ناوی شەقامەکانم لەیاد نییە. پێویستە داوا لەیەکێ بکەم بۆمی بنوسێ... بڕوام وایە... بەڵام من ...".

مۆراکامی لەخێرایی ئۆتۆمبێلەکەی کەم کردەوە، وتی : " لەراستیدا جارێك یاخود دوو جار بۆ ئەم قوتابخانەیە چووم".

ئەو منداڵەکەی مۆراکامی کردی بەژێرەوە، و هەنووکە پەیوەندی بەم قوتابخانەیەوە کردبوو. بەئاسای

مۆراکامی ئۆتۆمبێلە تاکسییەکەی لەنزیك یاریگای ئەم قوتابخانەیە رادەگرێت بۆئەوەی تەماشای یاری منداڵەکان بکات، و ئەگەر ئەو رووداوە نەبوایە ئێستا منداڵەکە لەگەڵ ئەم منداڵانەدا یاری دەکرد.

گەشتیارە پیرەکە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی :"ئای، چ ڕۆژێکی نایابە!" مۆراکامی وەڵامی دایەوە! ئایا هیچ بۆنەیەکی تایبەت هەیە لەم قوتابخانەیەدا ئاهەنگی بۆ بگێڕدرێت؟".

– "لەراستیدا بەڵێ، ئاهەنگی دەرچوونی کوڕە زاکەمە".

– "چەند نایابە".

– "لەوە دەترسام لە ئاهەنگەکە دوا بکەوم. بەڵام لەم بارودۆخەدا ئەتوانم لەکاتی دیاریکراودا بگەمە ئەوێ".

مۆراکامی بۆ شەقامە سەرەکییە لایدا. رێگەی پیادەکان کە منداڵانی قوتابخانەکە پێکەوە دەڕۆشتن و یاریان دەکرد قەرەباڵغ

بوو، ئەوانیش هەنووکە دەرچوون، و هەریەکەیان بڕوانامەیەکی نوشاتەوەی بەدەستەوە گرتبوو، هەندێکیشیان ڕۆڵی لە جەنگەکانی (سامۆرا) ی دەبینیو بڕوانامەکانیان وەك شمشێر بەکاردەهێنا.
لەکاتێکدا کۆمەڵە منداڵێك لەبەردەم ئۆتۆمبێلەکەی مۆراکامی لەشەقامەکە دەپەڕینەوە لای هێما سورەکە وەستا.
–" منداڵان نایابن، وانییە؟ لەتوانامدایە کاتێك بۆ هەتا هەتایە درێژ بێتەوە لێیان بڕوانم".
پیاوە پیرەکە بۆ پێشەوە چەمییەوەو وێنەیەکی دایە مۆراکامی، لێی وەرگرتوو نیگای کرد، ئینجا زیاتر لەچاوەکانی نزیك کردەوە.
کاتێك ئۆتۆمبێلەکەی راوەستابوو ئەو ئۆتۆمبێلەی لەدواوە وەستابوو هێمای ئاگادار کردنەوەی بۆ لێدا، مۆراکامی نیگای روخساری منداڵەکەی دەکرد، وێنەکەی دایەوە بە پیاوە پیرەکە و بزوێنەری ئۆتۆمبێلەکەی گێڕا.
– وێنەیەکی کۆنە، بەڵام باشە. تۆش لەو بڕوایەدا نیت؟".
چاوەکانی مۆراکامی بە ئاڕاستەی شەقامەکەی پێشی کاڵ بوون.
لەوەو پێش ئەم ڕووخسارەی لە وێنەیەکی تردا بینیوە.
وێنەیەکی قەوارە گەورەتر، شریتێکی رەش بە چواردەورییەوە بوو. ئەوە پێش شەش ساڵ بوو.



لە داب ونەریتی بەرێکردنی منداڵەکەدا چاوی بە باپیری کەوتبوو.
بەڵام ئێستا لە ئاوێنەی دواوە بەدزییەوە لێی دەڕوانیٚ، زانی کە هەمان روخسارە. لەماوەی ئەم شەش ساڵەدا زۆر گەورە بووە.
مۆراکامی بیری کەوتەوە کە باپیرە پیشەکارێکی بەجۆرێك چاپوکە، لەسەرخۆ و بەڕێزە، تەنانەت لەوانەیە مرۆڤ لەڕێی هەڵەوە بە رۆشنبیری دابنیٚ، سەرەڕای ئەوەی یەکێکیان وتی بەگشتی هیچیان هیچ خوێندنێکی میرییان وەرنەگرتووە.
کاتێك مۆراکامی لەبەردەم دەرکی قوتابخانەکەدا وەستا، پیاوەکە وتی :"زۆر زۆر سوپاس بۆ تۆ". پارەی تاکسییەکەی دا بیٚ ئەوەی چاوەڕێی باقییەکەی بکات. کوێرانە و بەخێرایی خۆی کرد بە دەرکی قوتابخانەکەدا.
لەو شوێنەی پیرە مێرەکە دابەزی مۆراکامی تاکسییەکەی راگرت، و هاتە خوارەوە بۆئەوەی دوای کەوێت، کاتێك پیرە مێردەکە دەچووە ژوورەوە، مۆراکامی لەبەر دەرکەکەوە چاودێری دەکرد.
پیاوێك لە پاییزی تەمەنیدا لە نزیك مۆراکامی راوەستابوو، جلی پاسەوانی پۆشیبوو، پرسیاری لە مۆراکامی کرد :"ئایا پێویستت بە یارمەتی هەیە؟".
– "نە، من شۆفێری تاکسیم، ئەو پیاوەم هێناوە کە هەنووکە لێرەوە تێپەڕ بوو".
پیاوەکە بەسەر ئاماژەیەکی کردو وتی :" ئای: ئەو پیاوە".

– " هیچ شتێکی دەربارەی دەرچوونی کوڕەزاکەی باس کرد".
– کوڕەزاکەی؟ گەورەم کوڕەزاکەی مردووە! ئۆتۆمبێلێك خۆی پیادا کێشا، ئایا ئەمە ڕووداوێکی ناشیرین نییە؟ ئەزانی ئەگەر من لەجێی ئەو بومایە چیم دەکرد؟ ئەو شۆفێرەم دەهاڕی.
پاسەوانەکە ڕوخساری گرژ کردوو لەسەری رۆیی:" ساڵێکی بەسەر نەڕۆیشت دایکی منداڵەکەش مرد".
مۆراکامی هەستی کرد خۆی لە ڕوخساری دەکشێتەوە. ئاگادار بوو باوکەکە پێش ڕووداوەکە کۆچی دوایی کردووە، بەڵام ئەمە یەکەمجارە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی دەبیستێ، ئەگەر ئەمە راست بێت مانای ئەوەی کە باپیرە بەدرێژایی ئەم ماوەیە بەتەنیا ژیاوە...
کەواتە کارەکە بەم جۆرەیە، لەکاتێکیشدا باپیرە بڕوای وابوو کە منداڵەکە هێشتا زیندووە.
– " ئایا ڕێو ڕەسمی ئاهەنگەکە دەستی پێکرد؟".
– "وای دادەنێم نیوەی تەواو بووە".
مۆراکامی خێرا خێرا هەنگاوی بەرەو قوتابخانەکە دەنا و رێی بەخۆی نەدەدا ئەم پیرە مێردە لەبەردەم ئەم کۆمەڵە مرۆڤەدا خۆی زەلیل بکات. هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەم پیرە مێردە کاتێك لەم قەرەباڵغییەدا بەدوای کوڕەزا خەیاڵییەکەیدا دەگەڕا دەستی بە ڕەتدان کرد.



لەپڕ مۆراکامی پاشەکشێی کرد. شوێنەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، قوتابیان و بەخێوکەران بەهێمنی دانیشتوون چاودێری شانۆکە دەکەن.
بەماندووبوونێکی زۆر توانی بەنێو کورسییەکاندا بڕوات، ژنێکی لاو وتی :"هەروەك مۆراکامی خەملاندنی مامۆستا بوو، و دەستی بە شانیدا دا :"ببورە. گەر چاوەڕێی کەسێك دەکەیت...".
"نا. من ... ئەو ...".
بەدەنگی چەپڵەی گەرم هەموو گۆشەی قوتابخانەکە دەنگی دایەوە. مۆراکامی نیگای شانۆکەی کرد، پیرەمێردەکەی هەنووکە بەڵگەنامەی دەرچوونی پێدرا لەگەڵ هەموو قوتابییە دەرچووەکاندا وەستابوو.
مۆراکامی وەرچەرخا و ڕووی کرد مامۆستا لاوەکە و وتی :"ئەو پیاوە...".
مامۆستاکە دەستی بەڕاڤە کردن کرد :"ئای. بەڵێ لە چەند ساڵێکی ڕابوردوودا کوڕەزایەکی لەدەستدا. خودی خۆی نەچووەتە هیچ قوتابخانەیەك. وتی لەبەرئەوە ئەو لەجیاتی کوڕەزاکەی لە شەش ساڵەوە دەچێت. ئەمەی بەکردەوە جێ بەجێ کرد، بەدڵدا چوونەوە سەری لەقاندو لەسەری ڕۆشتوو و وتی :"لەراستیدا من ڕێز لەم پیاوە دەگرم".

لەسەر شانۆکە و بەرێزێکی لەرادەبەدەر پیرە مێردەکە بۆ ئەو ئاهەنگ و پێشوازییە بەسۆزە دەچەمییەوە.

کاتی چوونە دەرەوە لەبەر دەرگاکە مۆراکامی لە ئۆتۆمبێلە تاکسییەکەدا بینی هێمای بۆ دەکرد پیرە مێردەکە خەندەیەکی بۆ کرد و وتی :"ئای ئەوە چاوەڕێت کردم".

– "ئایا دەتوانم بتگەیەنمە ماڵەوە؟".

مۆراکامی دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی بۆ کردەوەو بزوێنەرەکەی گێڕا.

– " گەورەم پیرۆزباییت لێدەکەم".

پیرەمێردەکە بە ئەسپایی خەندەیەکی کرد و هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی :" ئای هەواڵەکەت گوێ لێبوو... کارەکە تاڕادەیەك ناچارییە. نەمدەتوانی راڤەی بکەم کە دەرچوونەکە دەرچوونی من بوو. بەهەرحاڵ ... ئەوەم سەلماند پەیمانم بە کوڕەزاکەم دابوو... دوای مردنی، من لەپێناو ئەودا دەردەچم".

مۆراکامی ماوەیەکی بە ئۆتۆمبێلەکە بڕی پێش ئەوەی بڵێ :"من ئەو شۆفێرەم کە لە کوڕەزاکەتم دا، یاخود لەوانەیە خۆت ئەوە بزانیت".

هیچ وەڵامێك نەبوو. مۆراکامی لای قەراغ رێگاکە وەستاو بۆلای پیرەمێردەکە وەرچەرخا.



پیرە مێردەکە جوڵەی نەکرد. هەردوو چاوی نوقا بوو، و هەردوو دەستیشی بڕوانامە قەدکراوەکەیان بەتوندی گرتبوو. بەڵێنەکەی بۆ کوڕەزاکەی بردە سەرو لەرێی جۆرێکی تر لە دەرچوون رێی خۆی بڕی.

سەرچاوە

کتێبی "الشاعر النمر" هیام عبدالحميد کردویەتی بەعەرەبی.

# دەم بە پێکەنین

ن: هاینریش بۆڵ

و: حسێن علی

هەرچەندە پرسیاری پیشەکەم لێدەکەن تووشی شڵەژان دەبم و ڕووخسارم سوور هەڵدەگەڕێ و دەست بە منجە منج دەکەن... منێك بەوە ناسراوم کە بڕوام بە خۆمە. حەسوودی بەو کەسانە دەبەم کە دەتوانن بڵێن: من کرێکارم، هەروەها سەرەڕای ئاسانی وەڵامەکانیان حەسوودی بە سەرتاش و ژمێریار و دارتاشەکانیش دەبەم! خودی ئەم پیشانە ڕاڤەی خۆی دەکات و پێویست بە لێکدانەوەی دوور و درێژ ناکات. بەڵام من لەسەرمە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە و بڵێم: من قۆشمەم. ئەم دان پیانانە دان پیانانی تری دەوێت، چونکە هەروەها پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارانەش بدەمەوە، ئەویش: ئایا بەوە دەژیت؟ ئەبێ وەڵامەکە پڕواو پڕی ڕاستی بێت کە ئەویش: بەڵێ لە ڕاستیدا من بەهۆی پێکەنینەکەمەوە دەژیم، بەڵکو زۆر بە ئاسانی بەهۆیەوە دەژیم، پێکەنینەکەم — بە دەربڕینی بازرگانی — پێویستە. من قۆشمەیەکی شارەزام، قۆشمەیەکی شاگردم، کەس وەکو من پێناکەنێ، و لەمن بەولاوە کەسێك نییە وەك من شارەزای



جیاوازی نادیاری هونەرەکەم بێت. بۆ ماوەیەکی زۆر— وە بۆخۆ دوورخستنەوە لە لێکدانەوەی گران— خۆم بە ئەکتەر دادەنا، بەڵام توانا ئاماژەییەکانم و قسەم بە ڕادەیەك دیاری کرابوو کە لەگەڵ ئەم ڕاستیەدا پڕاو پڕ نەبوو، من ڕاستیم خۆش دەوێت، ڕاستیەکەش ئەوەیە: من قۆشمەو دەم بە پێکەنینم. من گاڵتەچی و ئەکتەری کۆمیدیش نیم، نا من خەڵکی دڵخۆش ناکەم، بەڵکو خودی دڵخۆشی بەرجەستە دەکەم: من وەکو شاهنشاهێکی ڕۆمانی پێدەکەنم، یاخود وەکو قوتابیەکی قۆناغی ناوەندی هەستیار. من پێکەنینی چاخی حەڤدە دەزانم، هەروەها دەزانم پێکەنینی چاخی نۆزدە چۆنە، و ئەگەر پێویست بوو من هەموو چاخەکان و چینە کۆمەڵایەتیەکان، و هەموو تەمەنەکان بە ئاسانی پێدەکەنم: هەروەك چۆن فێری ئەوە دەبێ چۆن شمەكێك لە پێدەکەیت، هەموو ئەوانە فێر بووم. شێوازی پێکەنینی ئەمەریکاییم لە سنگدایە، هەروەها پێکەنینی ئەفەریقایش وە پێکەنینی سپی و سوور و زەردیش— بەرامبەر خەلاتێکی زۆر ئەم پێکەنیانە و بە پێ ی ڕێنمایی دەرهێنەرەکە بەردەدەم.

دەستبەردان لە من کارێکی ئەستەمە، من لە سەر شریتی کاسێت و قەوان پێکەنینەکەم تۆمار دەکەم، دەرهێنەری شانۆگەریەکانی ئیستگە زۆر بەڕێزەوە سەودام لەگەڵ دەکەن. من دەتوانم بە خەمۆکی، و مامناوەندێتی و تووڕەییەوە پێبکەنم، وەك باجگری

(ترام) یا خود منداڵێك پێبكەنم، پێكەنینی بەیانی و شەو، پێکەنینی شەو و کاتی ڕۆژ ئاوا بوون، بەکورتی لەکوێ و چۆن پێویست بکات: توانای ئەوەم هەیە.

کاتێك پێتان بڵێم ئەم پیشەیە شەکەت کەرە بڕوام پێدەکەن، بەتایبەتی و من– ئەمەش من جیا دەکاتەوە– من پێکەنینی داکەویش دەزانم. کاتێك ئەکتەری پلە سێ و چوار برگەکانیان پێشکەش دەکەن دەتۆقێن لەبەرئەوەی زۆر ئەستەمە دەستبەرداری من بن. شەوێك ڕانابورێت ئەگەر لە شانۆی جۆراو جۆر نەبم– وەك شێوازێکی شکۆداری، لە هاواری بەکرێگراو مەزنتر– بۆ ئەوەی بە شێوازێکی داکەوی لە برگەی لاوازی بەرنامەکەدا پێبکەنم. پێویستە کارەکە بەوپەڕی ووردیەوە ئەنجام بدەم: پێکەنینە ڕادەر و دەنگدارەکانم ناشێ نەپێش و هەروەها نە پاش کاتی خۆی دەرپەڕێ، بەڵکو لەساتی گونجاودا– ئەوکات بە پێ ی بەرنامەکە پێکەنینەکانم دەتەقێتەوە، ئەوکات هەموو جەماوەر دەست دەکات بە قیژە و هاوار و پێکەنین، و برگەکە ڕزگار دەکرێت.

منیش بەشەکەتی و بەختیاریەوە دزە بۆ شوێنی هەڵواسینی جلەکان دەکەم، کەوا کارەکەم کۆتایی پێهات. زۆرجار لەماڵەوە برووسکە چاوەڕێم دەکات: ((پێویستیەکی زۆرمان بە پێکەنینەکەت هەیە. ڕۆژی سێ شەممە تۆمارکردنە)). دوای ئەوە



خۆم بە شەمەندەفەری خێرادا دەکەم– ئەوەی هەوای زۆر گەرمی تێدایە– بۆ چارەنووس دەلاوێنمەوە.

هەمووتان تێدەگەن کە دوای کۆتایی کارەکەم، یاخود لە پشوەکاندا، زۆر ئارەزووی پێکەنینم نییە: شیر فرۆش بەختیار دەبێت کاتێك چیلکە لەیاد بکات، و بەناش کاتێ چیمەنتۆ گیراوەکە! زۆر دارتاش لەماڵەکانیاندا دەرگای ماڵەکانیان بەگرانیەکی زۆر دەکرێتەوە. حەڵواچیەکان خەیاری نێوترشیات حەز لێدەکەن، گۆشت فرۆش حەزیان لە حەڵوایە، نانەوا سنجوق لەنان بە باشتر دەزانێت، زۆرانبازی گامێش حەز لە گەمە کردن لەگەڵ کۆتردا دەکات، مشتەوان کاتێك خوێن لە لووتی منداڵەکەی دێت ڕەنگی دەپەڕێ: هەموو ئەمانە دەزانم، چونکە دوای تەواوکردنی کارەکەم هەرگیز پێناکەنم. من وەك مەرگ جدیم، خەڵکی بەڕەش بینم تێدەگات، لەوانەیە ئەوە ڕاست بێت.

لەیەکەم ساڵی هاوسەریماندا زۆر جار خێزانەکەم پێ ی دەووتم ئەگەر بۆ جارێکیش بێت پێبکەنە! بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار بۆی دەرکەوت کە ناتوانم داواکەی بەجێ بێنم، هەوڵدان جیدی بەختەوەرم دەکات، چونکە ماسولکەکانی روخسارم دەروونی شەکەتم دەحەوێنێتەوە، بەڵام پێکەنینی ئەوانی تر دەمار گرژم دەکات چونکە — بەتوندی– پیشەکەم وەیاد دەخاتەوە. بەم جۆرە ژیانێکی هاوسەری ئارام دەژین و ئاشتی باڵی بەسەردا

دەکێشیٚ، چونکە هاوسەرەکەشم پێکەنینی لەیاد کردووە. جار جارێك دەبینم خەندەیەك دەکات ئەوکات منیش خەندەیەکی بۆ دەکەم. بە دەنگێکی نزم پێکەوە دەدوێین، من ڕقم لەو قاو قیژەیە کە باڵ بەسەر هۆڵی شانۆکاندا دەکێشیٚ. رقم لەو ژاوە ژاوە دەبێتەوە کە هەندیٚ جار باڵی بەسەر ژووری تۆمارکردندا دەکێشیٚ ئەوی نەمناسیٚ بە مرۆڤێکی داخراووم دادەنیٚ، لەوانەیە واش بێت چونکە زۆر جار ناچار دەبم زارم بکەمەوە بۆ ئەوەی پێبکەنم. هەندیٚ جار بە دیمەنی روخساری بیٚ جووڵە دەژیم. تەنیا جار جارە ڕیٚ بە خۆم دەدەم خەندەیەك بکەم، و زۆر جار بیرکردنەوە دەمباتەوە: ئایا پێکەنیت؟ بڕوام وایە: نا. براکانم وام باس دەکەن کە کوڕێکی زۆر جیدی بووم– بەم جۆرە بە گەلیٚ شێوە پێدەکەنم.. بەڵام پێکەنینێکی جیاواز نازانم.

سەرچاوە

(کتێبی وکان مساء ....) سمیر جریس کردوویەتی بە عەرەبی.



## ( کێشەی بڕوا )

ن/ مارکۆس کلارك

و/ حسێن عەلی

کاتێك هاوسەرەکەم کۆچی دوایی کرد پابەندی کۆتی قەرزێکی زۆری کردم و کەوتمە ژێر باری بەربرسێتی بەخێوکردنی هەر دوو منداڵەکەمان. قەرزەکەش بریتی بوو لە بارمتەیی خانووەکە، سەرەڕای خەرجی بەخێوکردنی هەردوو منداڵەکە کە بووە هۆی تەواوبوونی دەرامەتە کەمەکەم. بەتایبەتی دوای دانی قیستی بیمەی ژیان، کەوتمە ژێر قەرزی دە هەزار دۆلار. لەوانەیە بڕەکە زۆر نەبێت، بەڵام کارەکە بەنیسبەت منەوە کە بەشێوازی دەستەبەر کردنی کۆمەڵایەتی دەگوزەرام ترسناك بوو، و لە پێناو ناردنی دوو منداڵەکە بۆ قوتابخانە تێدەکۆشام و بەکاری بەڕێوبردنی کێڵگە بچوکەکەمان هەڵدەستام– کێڵگەکە دەکەوێتە نزیك ناوچەی (ئیدن) لەسەر کەناری خواروو، ئەو ناوچەیەم خۆش دەویست. پاش کەمێك لە هاوسەر گیریمان من و هاوسەری کۆچکردوو (ڕۆن) گواستمانەوە ئەویٚ. هەردووکمان لەسەرئەوە ڕێکەوتین کە ئەمە شوێنێکی نموونەیی و دروست و زانستییە بۆ پەروەردە کردنی منداڵەکان. وە لەبەرئەوەی من گەلیٚ یادەوەری

بۆندارو گەرمم لەگەڵ (ڕۆن) دا هەیە بڕیارم دا دوای مردنی تێدا بمێنمەوە. بەڵام دایکم دەیەوێ بیفرۆشم و بگوێزمەوە (ملبۆرن) منیش رکم لەو شارە دەبێتەوە، گوێزانەوە دوایین شتێکە بیری لێدەکەمەوە. وە بۆ ئەوەی بزانم ئەو کێڵگەیە چەندم بۆ دەکات، یەکێك لە بریکارەکانم ئاگادار کرد کە بەنیازم کێڵگەکە بفرۆشم، تەنیا پێشنیارێکم وەرگرت کە ئەویش زۆر بێ بایەخ بوو، بەڵام من دڵنیا بووم کە ئەگەر بۆ ماوەی پێنج ساڵ ئۆقرە بگرم داواکاری لەسەر ئەو شوێنە زۆر دەبێت بۆ بیناکردنی دەوربەری نوێ، وە پاش ئەم پێنج ساڵە دەتوانم ئەو نرخەی دەمەوێ لەسەری دابنێم، کە بەشی دابین کردنی دواڕۆژی خۆم و ناردنی منداڵەکان بۆ زانکۆ بکات و کڕینی خانویەك لە دەوروبەرێکی تر... لەهەر شوێنێك بمەوێ.بەهیچ جۆرێك پاص لەنزیك کێڵگەکەوە نەبووە، و بۆ گەیاندنی منداڵەکانم بۆ قوتابخانە هەموو ڕۆژێك بە ئۆتۆمبێلەکەم دە کیلۆمەترم دەبڕی. لەبەرئەوە ئۆتۆمبێلەکە زۆر پێویستە. ئۆتۆمبیلەکەم جۆری (لێنێکس) بوو و ڕەنگی شین، بەڵام هیچ زانیارییەکم دەربارەی ساڵی دروستکردنی نەبوو، هەموو ئەوەی دەربارەی بزانم زۆر کۆن بوو و لای هاوسەرەکەم لەجێ ی گەمەیەکی پەسەند کراو بوو، ئۆتۆمبێلە کۆنەکانی خۆش دەویست و هەرگیز لە بەتەنگەوە هاتن و پاراستنی بێزار نەدەبوو. جارە ناجارێك ئۆتۆمبێلێکی



(لێنێکس) بەهەر دوو تابلۆ جیاوازەکەیەوە بەلامدا تێدەپەڕی و لە پشتەوە نیشانەی بریکاری (لێك ئەنترانس) ی پێوە بوو، و هەر ئەوەندەی بەلامدا تێدەپەڕی شۆفێرەکەی بە چراکانی شەوقێکی بۆ دەکردم و بەدەست ئاماژەی دەکرد، منیش خەندەیەکەم بۆ دەکرد و وەڵامم دەدایەوە و بەدەست ئاماژەم بۆ دەکردەوە. ئۆتۆمبێلەکە ڕەنگ سور و جوان بوو و پێچکەکانی بە کانزای (کرۆم) ی شەوقدار بۆیە کرابوو. زۆرم دەربارەی ئۆتۆمبێلی (لێنێکس) نەدەزانی، و هەموو ئەوەی دەمزانی کە دەمانبات بۆ قوتابخانە و شوێنانی تر تا پەکی دەکەوت، ئەوکات پەیوەندیم بەگەراجەوە دەکرد، (هاری) یش ڕایدەکێشایە کارگەکەی بۆ ئەوەی بڕوانێ بۆ چاککردنەوەی چیبکات. نزیکەی سێ ساڵە (هاری) دەناسم، لە هاوسەرەکەی جیا بۆتەوە، ئەویش وەکو من خۆی دوو منداڵەکەی پەروەردە دەکات. زۆر جار هەوڵی دا هاوڕێیەتیم بکات، و ئارەزووی خۆی دەربڕی کە پەیوەندییەکی هاوڕێییەتیم لەگەڵ ببەستێ، بەڵام من هەستم دەکرد کە زۆر گرانە باوەڕ بە کەسانێك بکەیت کە لە هاوسەرەکانیان جیابوونەتەوە. دەبێ شتێك هەبێت ببێتە هۆی باوەر نەکردن بە ڕەفتاریان. وە دەبێ کەموکوڕییەك یاخود خەوشێك ببێتە هۆی سەرنەکەوتنی هاوسەرییەتیەکەیان. وە کاتێك هەواڵی دامێ کە ئۆتۆمبێلەکەم چاك ناکرێتەوە و هیچ

کەڵکێك لە چاکبوونەوەیدا نییە، تووشی خورپە بووم و گومانم لێکرد. پێشنیاری کرد ئۆتۆمبێلێکی کارکراوی تر لە جۆری (تۆیۆتا) بکڕم. پێتم ووت:

— ئەی کێشەی (لێنێکس) کە چییە؟

— بەشەکانی پێشەوەی پێویستیان بە چاککردنەوەیەکی زۆر هەیە— هۆیەکەشی ئەم ڕێگاوبانە کۆن و خراپ و پڕ لە چاڵەیە.

— بەڵام ئایا ناشێ ئەم پارچانەی بۆ بکڕدریت و بخرێتە شوێنی؟

— پارچە بۆ (لێنێکس)؟ نا، چل ساڵ دەبێت دروست کردنیان ڕاگرتووە.

تۆبەختەوەریت کە ئەم ماوە درێژە ئۆتۆمبێلەکەت کاری کردووە. چاککردنیشی زۆری تێدەچێت... نزیکەی پێنج هەزار دۆلاری تێدەچێ.

سەری لەقاندو ئینجا لەسەری ڕۆیی ووتی:

— ئەوە کەڵکی نییە، واچاکە ئۆتۆمبێلێکی تر بۆ خۆت بکڕیت.

— دەبێ تۆش بزانی لەکوێ ئۆتۆمبیلێکی ترم دەست دەکەوێت؟

ئەوەم ووت و تۆڕەیی دایگرتم، یەکەم جار دەڵێت تەنیا هۆی گواستنەوەم تەواو بوو، ئینجا ئەوە تا ئێستا هەوڵ دەدات، پێم بسەلمێنێ کە دەتوانێ ئۆتۆمبێلێکی ترم بۆ بکڕێت، ئەمەش قەرزێکی بانکی ی تر دەگەیێنێ. لەکاتێکدا لەتوانامدا نییە



قەرزێکی بانکی تر بدەمەوە، دەبێ هەموو شتێك بفرۆشم و بۆ (ملبۆرن) بچم.

— نا، بەڵام من بەیارمەتی دانت بۆ گەڕان بەدوی ئۆتۆمبێلێکی تردا دڵخۆش دەبم. لەکاتێکدا هەڕەشە لە وونبوونی زۆر لە دارایيم دەکرێت چۆن باوەڕی پێبکەم؟

پێم ووت:

— ئێستا ئۆتۆمبێلەکە لەگەڕاجەکە جێ دەهێڵم. هەوڵ دەدەم بیفرۆشم. ئەوەم پێڕاگەیاند، ئینجا بە ئۆتۆمبێلێکی کرێ چوومە ماڵ— خەرجی تر— کاتی گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە بیرم لە (هاری) کردەوە، ئایا دەیەوێت پێنج هەزار دۆلارم لێدەربێنی بەرامبەر بە چاکردنەوەی ئۆتۆمبێلەکەم، یاخود ئۆتۆمبێلێکی کۆنم بۆ دەکڕێت؟ چۆن بزانم فێڵم لێ ناکات؟ پەیوەندیم بە دوو بریکاری فرۆشتنی ئۆتۆمبیلەوە کرد و داوام لێکردن لەگەراجی (هاری) سەیرێکی ئۆتۆمبێلە (لێنێکەس) کەم بکەن بۆ ئەوەی بزانم چ نرخێکم پێ دەدەن. هاری ڕاستگۆ لە کاتێکی تری پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە پەیوەندی پێوە کردم:

— خاتوو (هێلێ)؟ ئایا دەتوانم بەناوی (جان) بانگت بکەم؟ هەواڵی نایابم بۆت هەیە— ئۆتۆمبێلێکی لەبارم بۆت دۆزیوەتەوە. من دڵنیام پەسەندی دەکەیت، ئۆتۆمبێلێکی تۆیۆتای زەردە، خۆکارە، تەنیا چەند مایلێکی کەم ڕۆشتووە، زۆر پاکە و هەموو

پارچەکانی بێ عەیبە، و نرخی فرۆشتنی بە نۆ هەزار و سەد دۆلار دانراوە، گرەویش دەکەم ئەم نرخە زۆر بەختەوەرت دەکات!

– بەڵێ، ئەی چی دەربارەی (لێنێکس)ەکە، چەندی پێدەدەیت؟

– ئای باشە، ئەمە کەمێك خەمناکە (جان) پشکێنەرانە لێم ڕوانی، سەرەڕای ئەوەی کە ئۆتۆمبێلێکی کۆن و نایابە، بەڵام بە ڕاشکاوی کەس گوێ ناداتە کڕینی ئۆتۆمبێلێکی کۆنی وەك ئۆتۆمبێلەکەی تۆ، بەتایبەتی کە ئێستا بەکاری کارکردن نایەت. دیارە دەزانیت کە کۆمپانیای دروستکەر ئۆتۆمبێلی (لێنێکس) زۆر وەبەرهەم ناهێنێ، لە ڕاستیدا فرۆشتنی زۆر گرانە، هەموو ئەوەی بتوانم سەد دۆلارت بدەمێ بۆ نرخی پێچکەو پاترییەکەی. هەروەها ڕای بریکاری کڕینی ئۆتۆمبێلی سکرابم وەرگرت بەڵام بەهیچ جۆرێك گوێیان بە کڕینی نەدا، ئەڵێن: داواکاری نییە.

– سوپاست دەکەم بۆ هەوڵی یارمەتی دانم. بەڵام توانام ڕێ ی کڕینی (تۆیۆتا)م نادات.

– هەرکات ڕام گۆڕی ئاگادارت دەکەمەوە.

تەلەفۆنەکەم داناوە کاتێك بریکاری تۆتۆمبێلی کۆن تەنیا نەوەد دۆلاری دامێ بۆ (لێنێکس)ەکە دامە پرمەی گریان. وە بێ ئۆتۆمبێل ناتوانین لە کێڵگەکە بژین، لەکاتێکدا ناتوانم بارگرانی ئۆتۆمبێلێکی تر بگرمە ئەستۆ، هەستم کرد دڵتەنگم، و بیرم لە



(ملبۆرن) و گالیسکەی (ترام و باران و قەرەباڵغی و منداڵان و شەقامەکان کردەوە، ئینجا ناڵاندم. هەرچیم هەیە دەیفرۆشك کە پارەیەکی باشم بۆ پاشەکەوت دەکات بۆ دواڕۆژی خۆم و خوێندنی منداڵەکانم لە زانکۆ دا، و یادەوەرییەکانی (ڕۆن) یش دەفرۆشم. دانیشتم و چاووم بڕییە دیوارەکە، نەفرینم لە (هاری) کرد کە هەموو خەونەکانمی تێکشکاندم. زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا و کتوپڕ گوێم لە دەنگی بوو:

– خاتوو (هێل) بۆ مەبەستی ئۆتۆمبێلەکەت– لێنێکس) ەکە پەیوەندیم پێوە کردیت.

– بەڵام من هێشتا بڕیارم نەداوە.

–بەڕاستی دەتەوێ بیفرۆشی؟

– بەڵێ بەڵام سەد دۆلار کەمە.

– ئەوە دەزانم. بەڵام من کڕیارێکم هەیە، ئاغای (فیشەر)، پێدەچێ تۆ بناسێ.

بگرە قسەی لەگەڵ بکە.

– سڵاو خاتوو هێل! لەئەنجامدا دۆزیمیتەوە. من دڵنیام کە دەمناسی. من ئەوکەسەم کە ئۆتۆمبێلە (لێنێکس)ە سورەکە لێ ئەخورم و زۆر جاریش بەلامدا تێدەپەڕ دەبویت. هەمیشە چرای ئۆتۆمبێلەکەم بۆ دائەگیرساندی و هەرچەندە پێت دەگەیشتم بەدەست ئاماژەم بۆ دەکردیت بۆ ئەوەی بوەستی.

دوانزه مانگه هەوڵ دەدەم بتدۆزمەوە، ئۆتۆمبێلە
(لێنێکس)ەکەتم لە گەراج دیت. لەکارکەوتنی ئامێری لێخوڕینی
ئۆتۆمبیلەکەت شتێکی جیّ ی داخە، بەڵام بەهەرحاڵ دەمەویّ
بیکڕم.

— بۆچی؟

— ئای، تەنیا لە پێناو چاککردنەوەیدا، ئەمە مەراقە. بڕوانە.
پێنج هەزار دۆلارت دەدەمیّ.

— پێنج هەزار!

ئەمە زۆر لەو نەوەد دۆلارەی کە فرۆشیاری ئۆتۆمبیلە سکرابەکان
پیّ ی دام زۆرترە. لەوساتەدا گویّ بیستی دەنگی (هاری) بووم
قسەی ئاغای (فیشەر) دەبڕیّ و ئینجا لە تەلەفۆنەکەوە قسە
لەگەڵ من دەکات:

— جان.

لەوەوپێش بەناوی (جان) بانگی نەدەکردم. بەڕاستی ئەم پیاوە
مەبەستی چیە؟

— ئایا دەتەویّ نرخێکی گونجاووت لە ئاغای (فیشەر) بۆ
وەدەست بهێنم؟

لەپێناو چیدا؟ لەوبڕوایە دام پێنج هەزار دۆلار دەرخستەیەکی
باش بێت!

چی پاڵم پێوە دەنبێت بڕوا بە هاری بکەم.



— بە ئاغای (فیشەر) بڵیّ من ئەو پارەیە وەردەگرم.

نەمتوانی بڕوا بکەم بەوەی گویّ بیستی بووم کاتێك هاری بە
ئاغای (فیشەر)ی دەووت:

— دەڵێت ئەو نرخە بۆ (لێنێکس)ێکی کۆن بەس نییە. داوای
پانزە هەزار دەکات.

ئاغای (فیشەر) لە ڕیّ ی تەلەفۆنەکەوە پیّ ی ووتم:

— لە دوانزە هەزار دۆلار بەولاوە یەك دۆلاری ترت بۆ زیاد ناکەم—
لە (ئێدلید) هەربەم نرخە ئۆتۆمبێلێکی تر هەیە ئەمە دوا
دەرخستەمە.

— ئۆه... ئاغای (فیشەر) ئەم دەرخستەیەت قبوڵ دەکەم.
نەمدەزانی ئۆتۆمبێلێکی تر هەیە. ئایا دەتوانی پارەکەم لای
هاری بۆ دابنێیت؟

ئاغای فیشەر ووتی:

— ئایا ئەگەر چەکێکی دراوت بۆ بنووسم بڕوام پێدەکەیت؟

کاتی ئەوە هاتووە بڕوا بە خەڵك بکەم. ووتم:

— بەڵیّ، هەڵبەت. لای هاری بۆمی دابنیّ.

— ئایا دەتەویّ لەلای دابنێم؟

— بەڵیّ، من بڕوام بە هاری هەیە. دەتوانی (هاری)م بدەیتیّ
قسەی لەگەڵ بکەم؟

قسەکەم ئاڕاستەی هاری کرد و ووتم:

– (هاری) سوپاس بۆ تۆ، ئایا دەتوانی سبەی شەو چەکی دراوەکەم بۆ بێنی و منداڵەکانیشت لەگەڵ خۆت. بهێنی بۆئەوەی شێوی ئێوارەمان لەگەڵ بخۆن؟

سەرچاوە

کتێبی (( العجوز والگریق)) حیدەر بابەکر کردوویەتی بە عەرەبی.



# میوان

ن/ تسو تسوی سوتاکا

و/ حسێن علی

دەنگێك لە ڕاڕەوەکەوە هات:

((ببورن .. من میوانم)).

بازێکم داو بە پێوە وەستام و هاوارم کرد ((ئای میوان!)).

هاوسەرەکەم کوێرانە لە چێشتخانەکە چووە دەرەوە و دەیوت:

((خۆشەویستەکەم میوانمان هەیە!)) شپرزەی هاوسەرەکەم گەیشتە ڕا دەیەك یەکسەر بەرەو پایە وەستاوەکەی نزیك ڕاڕەوەکە ڕایکرد. کوڕە تەمەن پێنج ساڵانەکەم هاواری کرد (( ئەی لەم خۆشیە! ئەوە میوانە)).. ئەویش بە بەختیاریەوە ڕووەوە و دەرگاکەی پێشەوە بازێکی دا و لەو گەرمەیەدا خۆی دا بە گلۆپی ووزەکەدا.

میوانەکە پیاوێکی تەمەن نزیك پەنجا ساڵ بوو و بزەیەکی خۆشەویستی بە ڕووخساریەوە دیار بوو.

بە زۆر بردمانە زووری دانیشتن و هاوارمان کرد: ((فەرموو، فەرموو.. بەخێرهاتی.

تکات لێدەکەین وابزانە لەماڵی خۆتدای)).

– سوپاستان ئەکەم، ئێوە زۆر ناسکن)).

هەر کە لەسەر کورسیەکە داماننا یەکسەر دەستی کرد بە قسە کردن و ئەوەش یاساییە: (( من وەك میوانێکتان لەسەرەتادا دەمەوێ داوای لێبوردنتان لێبکەم چونکە بۆ ماوەیەکی زۆر پەیوەندیم پێوە نە کردوون)).

هەموو هاوارمان کرد: ((هەرگیز نا، پێویستە ئێمە داوای لێبوردن لە تۆ بکەین)).

لە قسەکردندا بەردەوام بوو: ((چۆن ئەتوانم پێزانینی خۆم لەو هەموو چاکە و بەخشندەییەی ئێوە لەوەپێش لەگەڵ من کردتان دەرببڕم و ئەوپەڕی میهرەبانیم ئاشکرا بکەم؟)). و ڕێم پێ بدەن پێش هەموو کەسێك پیرۆز بایتان لێبکەم و ئەو پەڕی سۆزی خۆمتان بۆ ئاڕاستە بکەم.

هاوسەرەکەم بەخەندەیەکەوە ووتی: ((ئێمە زۆر دڵخۆش بووین کە توانیت بێیت)). و بەرەو یەخچاڵەکە ڕۆیشت و هەرچیەکی تێدا بوو هێنای بۆ ئەوە بتوانێت بەکاری میوانداری شیاو بەرامبەر میوانەکە هەڵسێ.

میوانەکە لەبەر خۆیەوە قسەی نادیاری دەکرد: ((ئەی خوداوەند، ئەم گوڵدانە چەند جوانە، لەلای مێزەکە دەستی دایە و بەسەر سوڕمانەوە لێ ی ڕاما و لەسەری ڕۆیشت: ((دەبێ



ملیۆنەها ((یەن)) نرخی بێت)) هاوبەشی خەندەکەیم کرد ووتم: (( نە، دەیان یەن دێنێ)).

گوڵدانەکە لەدەست میوانەکە ترازا و لەسەر زەویەکە و وودو خاش و پارچە پارچە بوو.

خەندەیەکی کرد ووتی: ((وایشکاندم. بەڵام بە تەئکید بیمەت لەسەر داناوە !)).

خەندەم نەوەستا کەوتمە سەر زەوی و دەستم کرد بە تلدان.

هەوڵم دا بچمەوە سەر خۆ و خۆم ڕابگرم ووتم: ((نە هیچ بیمەیەك نییە)).

میوانەکە هاواری کرد: ((بەڵام بۆچی؟ گوڵدانێکی ئێجگار نایابە، ڕێ بدەن پەیوەندی بکەم بە بریکاری بیمەوە)). بەرەو لای تەلەفۆنەکە ڕۆیشت، و لێرەو لەوێ خۆی بەشتەکاندا دەکێشا.

کوڕەکەم دەستی بە ڕاکردن کردو دوای میوانەکە کەوت، و بە خۆشیەکی زۆر و شادمانیەوە دەستی بگەیشتایە هەرشتێك دەیشکاند

هاوسەرەکەم بەگریانەوە هاواری کرد: ((تەلەفۆنەکە هیوای هیچ کەڵکێکی لیناکرێ. کار ناکات کەس لە کۆمپانیای بمەوە نایەت، وا ڕاهاتوون لە ڕێ ی تەلەفۆنەوە
هەموو کارەکانیان ئەنجام بدەن)).

میوانەکە لەلای خۆیەوە دەستی بە گریان کرد ((ئای.. لەم جیهانە ساردەی تێدا دەژین)). بەخێرایی هەموومان دەستمان کرد بە قوڵپی گریان بۆ ئەوەی بتوانین دەست بەسەرخۆماندا بگرین.

میوانەکە نزیکەی کاتژمێرێکی لەگەڵ ئێمە بەسەر برد. بە تەئکید بەسەردانەکەی دڵخۆش بوین. میوانێکی نایاب بوو. لەڕاستیدا. لە ڕاستیدا، کاتێك ماڵەکەی جێ هێشت سەد هەزار ((یەن))م پێدا.

هەموومان لەدەرکەی پێشەوە چووینە دەرەوە بۆ ئەوەی ماڵئاوایی لە میوانەکە بکەین. زۆر بە ئاسانی لە پێش هەیوانەکەوە دەرچوو لە چاو وون بوو. دەرگای هەموو ژوورەکانی سەرتارمەکەم داخست. کەمترین بۆ چوونم دەربارەی ئەو کەسانەی تێدا دەژین نەبوو.

سەرچاوە

کتێبی الشاعر النمر، هیام عبدالحمید کردوویەتی بە عەرەبی.



تسوتسوی یاسوتاکا

یەکێکە لە بەناوبانگترین نووسەرانی خەیاڵی زانستی لە ژاپۆندا. ساڵی ١٩٣٤ لەدایك بووە و لە (٥٠) کتێب زیاتر هەیە. و ساڵی ١٩٨١ خەڵاتی ((ئیزۆمی کیوکای)) ڕێز لێنانی لەسەر چیرۆکی ((کیۆجین تاشی)) وەرگرت. دوای ئەوەی پلەی زانستی لەنەخشە دانانی ئەندازیاری و هونەری لە زانکۆی ((دۆتشیشا))ی وەدەستهێنا ستۆدیۆی نەخشەدانانی بازرگانی بۆ داهێنان دامەزراند.

# مالْئاوایی

نوسینی: هاینریش بۆڵ

وەرگێڕ: حسێن عەلی

کاتێك دووکەس لە مالْئاوایی لەیەکتر تەواو دەبن، لەبارو دۆخێکی دەروونی بێزار دا بووین، بەڵام ناتوانن لەیەك جیا ببنەوە، چونکە هێشتا شەمەندەفەرەکە دەستی بە ڕۆیشتن نەکردووە. گۆڕەپانی وێستگەکە– وەکو گۆڕەپانی هەموو ویستگەیەك – پیس بوو، گڤە گڤی شەپۆلی بای قایمی تێر هەڵمی ڕاکێشەرەکە وە ژاوەژاو: ژاوەژاوی دەنگ و واگۆنەکان سەرگەردانی دەکردن.

((شارلوتە)) لەلای پەنجەرەی ڕێڕەوە درێژەکەی ناو واگۆنی شەمەندەفەرەکە ڕاوەستا بوو کوێرانەیەك لە دوای یەك پێیدا دەکێشرا، لەم لاو لەو لاشەوە مشتەکۆڵە و لە هەموو لایەکەوە نەفرەت دایدەگرت. بەڵام لەدواچرکەکەماندا لەو واگۆنە کەڵەکە بەستووەدا نەدەشیا بە ئاماژە کردن لە یەکتری بگەین. دواترین و بەنرخترین چرکەی ژیان کۆماندەکاتەوە...

((بۆچوونێکی چاکە))، ئەم ڕستەیەی بۆ سێیەم جار دووبارە کردەوە، ((لە ڕاستیدا بۆچوونێکی چاك بوو کە هاتی بۆ لام))



– تکات لێدەکەم.. ئەمە مەڵێ.. ئێمە ماوەیەکی زۆرە یەکتر دەناسین. یانزە ساڵە.

– بەڵێ.. بەڵێ.. کەیشتینە سی ساڵ.. بەهەر حاڵ.. بەڵام ئەمە هۆیەك نییە.

– تکات لێدەکەم، تەواوی مەکە. بەڵێ.. گەیشتینە سی ساڵ. وەك تەمەنی شۆڕشی ڕوسی.

–وەکو تەمەنی چەپەڵی و برسێتی..

– کەمێك بچوکتر..

– تۆ ڕاست دەکەیت.. هێشتا تەمەنمان زۆر بچوکە..

خەندەیەکی کرد، ئینجا دوای ئەوەی چانتایەکی گەورە لە دواوە بەری کەوت بە تورەییەوە پرسیاری لێکردم.

–ئایا هیچ شتێکت ووت؟

– نە... ئەوە لاقم بوو.

– هەر دەبێ شتێك بۆ لاقت بکەیت.

– بەڵێ.. دەیکەم.. قسە زۆر دەکات.

– ئایا هێشتا لە تواناتدایە.. – لە ڕاستیدا– بەپێوە بووەستیت؟

– بەڵێ.

دەمویست پێ ی بڵێم من لە پانزە ساڵەوە خۆشم وویستووە، بەڵام نەمتوانی بەڕاشکاوی پێ ی بڵێم..

– چی؟

هیچ شتێك.. سوید، کەواتە بۆ سوید کۆچ دەکەیت..

– بەڵێ، کەمێك شەرمەزار دەبم.. لە ڕاستیدا پیسی و پاشماوە ژیانمانە...

لەبەرئەوە کەمێك شەرمەزارم. من خۆم ڕسوا دەکەم...

– قسەیەکی ناپەسەندە. تۆ ژیانت لەوێیە. بە کۆچکردنت بۆ سوید دڵخۆش بە

– جار جارە دڵخۆش دەبم، شارەزایی پەیدا دەکەم، خۆراك، دەبێ نایاب بێت.

ئینجا بەگشتی ی هیچ شتێك نەروخێراوە. هەموو نامەکانی توند و تیژن.

ئەو دەنگەی ڕۆشتنی شەمەندەفەرەکەی لە شۆستەکە بۆ ئێمە ڕاگەیاند ڕایچڵەکاندم،بەڵام هێشتا شەمەندەفەرەکەی ئێمە نەبوو. دەنگەکە هاتنی شەمەندەفەرە نێو دەوڵەتیەکەی کە لە ((ڕۆتردامەوە)) بۆ ((بازل)) ڕاگەیاند، لەکاتێکدا چاودێری ڕوخساری نەرم و وردیلەی شارلۆتم دەکرد بۆنی سابوون و قاوە بەسەرمدا هەڵیکرد، هەستم بەبێ هاوتایی و هەژاری بێ وێنە کرد بۆ ساتە وەختێك ئازایەتیەکی بێ هیوایی و نائومێدی دای گرتم، و ویستم ئەم کیژۆڵە بەدەن بچووکە لە پەنجەرەکە هەڵکەنم، لێرەدا بیهێڵمەوە.. ئەو هینی منە، من خۆشم ویست..

– چیتە؟



وەڵامم دایەوە.. هیچ شتێك.. بەکۆچ کردنت بۆ سوید دڵخۆش بە.

– بەڵێ. هێزێکی بەتوانای هەیە، ئایا تۆش ئەوە نابینی؟ بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ڕووسیا بەند بوو، ئینجا هەڵهات و مەترسی لە هەموو لایەکەوە دەوری دا، ئێستاش وانە دەربارەی ((ڕۆبنز)) ی وێنەکێش دەڵێتەوە

– ئایا بەڕاستە.. بەڕاستی نایابە..

– هەروەها دەبێت تۆش شتێك بکەی. بەلای کەمەوە دکتۆرا بەدەست بهێنە..

– بێدەنگ بە !

– چی؟

بەتەواوی ڕەنگی کاڵ بوو، بەترسەوە پرسیاری لێکردم

– چی؟

– چرپەیەکم کرد: بم بوورە تەنها مەبەستم لاقمە. جارجارە من قسەی لەگەڵ دەکەم. هەرگیز لە ((ڕۆبنز)) نەدەچوو. بەواتایەکی تر لە ((پیکاسۆ)) دەچێت. ڕۆژێك نەبوو پرسیار لە خۆم نەکەم ، بۆچی دەیەوێ بیهێنێ، بۆچی؟ ڕۆژێك لە ڕۆژان شۆخ نەبوو، ئەوەی خۆشی دەویست من بوو.

دوای ئەوەی کۆچکەرەکان شوێنی خۆیان گرت تەنها هەندێ ماڵئاوای کەر وەستا بوون و جوڵە لەسەر شۆستەکە هێمن بۆوە.

لـه هەرسـاتێکدا بێـت دەنگەکـە ڕۆیـشتنی شـەمەندەفەرەکە ڕادەگەیەنێت. هەرساتێك بێت دوا ساتە..

– دەبـێ شـتێك بکـەیت، هەرشـتێك بێـت. ناشـێ بـەم شـێوەیە بەردەوام بیت.

پێم ووت: ناشێ.

بەتەواوەتی پێچەوانەی وێنەکانی ((ڕۆبنز)) بوو، شـۆخ و شـەنگ، لاق درێژ تورە، لەتەمەنی شۆڕشی ڕوسیدا بوو، تەمەنی برسیەتی و چەپەڵی لە ئەوروپادا، لەتەمەنی جەنگدا...

– ناتوانم باوەڕ بکەم.. سوید.. خەونێکە..

هەموو ژیانمان.. خەونە

– ئایا وای دەبینی

– بێگومان. پانزە ساڵ. سی ساڵ.. ئینجا سی ساڵ، بۆچی دکتۆرا بەدەست هێنان؟ کارەکە شایەنی ئەوە نیە، بێدەنگ بە، نەفرەتت لێ بێت!

– ئایا قسە لەگەڵ لاقەکەت دەکەی؟

بەتەواوەتی بێدەنگ بووین، نیگای یەکترمان کرد، خەندەمان کرد، هەرچیەك لە دڵماندا بوو دەرمان خست. ئینجا خەندەیەکی بۆ کردم

– ئایا ئێستا تێگەیشتی، ئایا کارەکە باشە؟

– بەڵی..



– بەڕاست؟

– بەڵێ.. بەڵێ.

بەدەنگێکی نزم قسەکەی تەواو کرد:

– ئایا تۆ ئەوە نابینی گرنگ نـەبوو پێکـەوە بـین و ... و.. ئەمـە شتێکی گرنگ نییە، ئایا تۆش ئەوە وا نابینی؟

ئەو دەنگەی کـە جـاڕی کـاتی ڕۆشـتنی شـەمەندەفەرەکە دەدات بەتەواوەتی لەسەر سەری منـەوە دەردەچـوو، هـەر وەك قامـچی پۆلیسی ترسناك بەسەرمدا بدات لەرزیم.

–تا پێك گەیشتنەوەیەکی تر.

–تاپێك گەیشتنەوەیەکی تر.

بەوپەڕی خاوی بێسنوور شەمەندەفەرەکە دەستی بە جووڵە کرد تاوەکو تاریکی ئاسۆگەکە هەڵی لووشی.

سەرچاوە

کتێبی (وکان مساو....) سەمیر جەریس بۆ عەرەبی وەری گێڕاوە.

هاینرش بولّ

* سالّی ١٩١٧ لەدایك بووە و سالّی ١٩٨٥ کۆچی دوایی کردووە.

* لەبارەی خۆیەوە دەلّێت: (لەدەورو بەری کۆلۆنیا) لەدایك بووم، بڕوام وایە ئەم دەوروبەرە ڕۆلّێکی گەورەی لە ڕۆمانەکانمدا بووبێت

* سالّی ١٩٤٦ و بۆیەکەم جار چیرۆکە کورتەکانی بلاّو کردەوە و یەکێکیان خەلاّتی (کۆمەلّی ٤٧ی بەدەست هێنا)

* بولّ زۆر جۆر و شێوازی ئەدەبی تاقی کردەوە بەلاّم زۆربەی رەخنە گران لەسەر ئەوە ڕێك کەوتوون کە باشترین کارەکانی لە چیرۆکی کورت دا بەجێهێنا.

* لە ڕۆمانە بلاّوکراوەکانی سالّی ١٩٥٣ (وشەیەکی نەوت)، سالّی ١٩٥٤ (خانووی بێ پاسەوان)، و (نانی سالاّنی پێشوو) سالّی ١٩٥٥.

* نووسەر لەکارەکانیدا ناپەسەندی جەنگ بەهەموو وێنە و جۆرەکانیەوە و کارەسات و کۆست کەوتن و ئەو ڕەوشتەی کە پالّ بەهەندێ کەسەوە دەنێت بۆ دروست کردنی (فاشیزم) دەردەخات. هەموو کارەکانیشی بەلّگەن.

* لە کارەکانی تری (بێدەنگی دکتۆر مۆرکس) و ((بلیاردی کاتژمێری نۆ و نیو)) هەردووکیشیان لە ئەدەبی گالّتەجاڕی بوون.



# هونەری خەوبینین

ن: میتشیۆ تۆزۆکی

و:حسێن عەلی

ژنەکە خاوەن روخسارێکی ئێجگار جوان بوو. لەشێوازی پۆشینی بەرگیەوە دەشێ مرۆڤ بڕیار بدات کە لە تەمەنی بیست و حەوت یاخود بیست و هەشت سالیدایە، بەلاّم لەوە بچوکتر دیاربوو. هەر لەیەکەم ساتی کردنەوەی دەرکە دارینە کۆنەکەوە، بەسەر فەرشێکی سپی وەك سپێتی و نەرم و نیانی هەور بەرەو لای ئەو پیاوەی لەپشت خوانی بارەکەبو ڕۆیشت.

(( زۆر داوای بەخشینت لێدەکەم. زۆر چاوەڕێت کرد))((شەمەندەفەرەکە زۆر قەرەبالغە....))

بارەکە لەنهۆمی ژێرزەمینی بینایەکی نوێی سەر شەقامێکی پشتەوە بوو لەنزیك هەردووناوچەی ((دینزاو کیوب شمی )) یە. دووکەس لەگەلّ شاگردێکدا کاروباری بارەکە بەرێوە دەبەن و میوانداری تێدا نیە. دیاربوو شوێنەکە تەنیا کەش و هەوایەکی نێرانەی هێمنی رانەهاتووی لەکاتژمێری هەشتی شەوی شەممەی پۆشیوە . بەلاّم هیچ باکیان نەبوو و دەخەنین.

((من خۆم هەرئێستا گەیشتم ئایا لێرە بگوێزینەوە بۆسەر مێزێکی تر، پیاوەکە لەسەر کورسیەکەی هەستاو بۆگۆشەیەکی تری بارەکە ڕۆیشت بادەیەك ویسکی تێکەڵ بەئاوی بەدەستەوە گرتبوو. زۆر لەژنەکە گەورە تر نیە، لەوانەیە هەمان تەمەن بێت . شێوازی پۆشینی پۆشاکەکەی جۆرێك لەدیمەنی لاوی لەپلەو پایەی فەرماندەی گەورەی پیٚ بەخشیبوو.

لەپشت میزەکە دانیشتبوو و بە خەندەیەکەوە پرسیاری کرد (( فەرمانی ئەم جانتا هۆرە چییە )).

((پیم مەلیٚ لەماڵ هەڵاتوویی)).

بەرامبەری دانیشت و جانتا هۆرەکەی لەتەنیشت خۆیەوە لەسەر زەویەکە دانا. ئەمە لەپێستی گا دروست کراوە و بەتوندو زبری خۆشکراوە بۆئەوەی لەپێستی ئاسک بچێت.

((ئەمە تەنیا جانتایەکی دەستییە. کۆتایی ساڵی پار باوکم چوو بۆ ((میلان ))—

کۆمپانیاکە بیر لەوە دەکاتەوە لقێك لەویٚ بکاتەوە، تۆ ئەوە دەزانی، و...)).

((دەزانم. لەوانەیە بۆ ئەویٚ بگوێزرێمەوە. یەکێکیان دەری خست کە زمانی ئیتاڵیایم خوێندوە. تەنیا کێشە ئەوەیە کە هەموو شتێکم دەربارەی لەیاد کردوە هیچ ماوەیەك بۆ مەشق کردن نییە، لەبەرئەوە وەك شێت پێیدا دەچمەوە)).



((کاتێك باوکم گەڕایەوە ئەم جانتایەی بۆهێنام، دەڵێن جانتای گەورە مۆدی ئەمساڵە، بەڵام بەکارهێنانی لەلایەن کچێکی لەقەوارەی من ئاسان نییە))،

نا.. بەڵام هەر شتێکم بۆ شەوێك پێویستبێت لەخۆ دەگرێت، لەوانەیە جار جارە کردەیی بێت.

((ئەی حەزئەکەی چی بخۆیتەوە ((یاخود ... وتت ئاخاوتن. ئایا یەکەمجار پێکەوە بدوێین))

ووتی: ((نا..ئاخۆ (مارتینی)م بۆ داوا دەکەی! ئەمە شوێنێکی قەشەنگە)).

((بڕوام وابوو بەدڵت بێت. بۆ خانمێکی مێرد دار زۆر بەڕێزە.منداڵ))

ئایا هەروەها ئەویش بۆ ئێرە دێت )).

((لەو بڕوایەدام دوو یاخود سیٚ جار پێکەوە هاتبین))

((دەتەوێت لەبارەی ئائەمەوە بدوێیت هاوسەرەکەت)).

بۆ ساتێك ڕوخساری پیاوەکە گرژبوو، لەوە دڵنیا نەبوو گەر سەرنجی دابێت.

ژنەکە بەپەرۆشەوە پرسیاری کرد: ((ئەوا کارەکەت زانی مەبەستم ئەوەیە... لەم دواییانەدا شتی سەیر روویدا)).

((شتی لەچ جۆر)).

((تۆ دەزانی تەنیا کەسێکی دەتوانم لەم بارەیەوە لەگەڵی بدوێم.
نامەوێ ببمە هۆی نائارامی دایك و باوکم . ئەمە بەنهێنی
دەپارێزی، وانیە)).
((هەلبەت، سەرنج بدە با ڕاستیت پێبڵێم لەم ڕۆژانەدا زۆر
هاوڕێیی هاوسەرەکەت ناکەم، ئەوەش بەهۆی تۆوەیە. ڕکم لەوە
دەبێتەوە کارێکی وابکەم بڕوات هەبێت بەهۆی ڕشکیەوە (غیرە)
هەول دەدەم دووری بخەمەوە¬¬– من نامەوێت ڕێیبدەم بچیتە
ماڵەوە لەبەر ئەوەی من شەیدای تۆم)).
((بەهەر حاڵ وەك ڕاهاتوو درەنگ بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە، لەتەك
ئەویشدا ئەو هیچ شتێك دەربارەی من و تۆ نازانیێ)).
((پێویست ناکات چرپە بکەیت. لەواقیعدا ئێمە هیچمان نەکردوە،
وانیە)) گوزارشتم لەهەستێکی دیاریکراوی ناخی دەربارەی تۆ
کرد، ئەمە هەمو شتێکە، و ئارەزوم کرد بەشێوەیەك هەڵسەو
کەوت بکەیت هەر وەك هیچ شتێك ڕووینەدا بێت))
((ئەمشەو بێبەزەیی دیاریت وانیە)).
چۆن وەڵامی ئەم پرسیارەت بدەمەوە هەروەك تۆ شەوێك
لەشەوان لەتەکمدا بویت. لەوانەیە ئەوە تورەی کرد بێت،
بەهەرحاڵ ئەم جۆرە قسەیە بیانوی نییە، دەتویست مشتومڕی
چی بکەیت)).
((وادیارە پیاو بڕوا بەیەکتر دەکەن.. هیچی پێڕا نە گەیاندیت)).



((لەبارەی چییەوە)).
((لەبارەی... باشە، دەترسێم زۆر لەوەی وەك پێویستە بۆ
خانمێکی پەروەردە کراو ڕاشکاوتر بم، بەڵام...)).
لەکاتێکدا پیاوەکە بە نائارامیەکی زۆر نیگای کرد ژنەکە بۆ خۆ
نواندن خەندەیەکی کرد. بەتورەییەوە قومێکی لەمارتینیەکە دا.
((ئایاهیچ دەربارەی ... ژنێکی تری پێی ووتی)).
ئاخێکی هەڵکێشا... کەواتە ئەمەیە ئەو، تەنیا پاش شەش مانگ
خویەکی گومانت گەشە پێکرد کە زۆربەی هاوسەران ساڵانیان
دەوێت تا وە دەستی بهێنن. ئایا هەموو بەڵگەکانت دەربارەی
بابەتەکە کۆکردەوە)).
((دوێنێ شتێکی لەهەمووشتەکان سەیرتری ووت. داگیرسینەکەی
نەدۆزیەوە، لەپڕ وتی:((گرەو دەکەم لەو پلیکانانەی کە دوێنێ
شەو بۆی چووین جێم هێشتوە بەڵام دوێنێ شەو– مەبەستم
پێش دووشەو لەماڵی کوڕی مامم بووم، ئەویش بەتەنیا
لەدەرەوەبوو، وەهیچ کاممان تا درەنگ کاتێك نەگەڕایەوە. لە
ڕاستیدا بەرێکەوت لەسەر خەرەکە بەیەك گەیشتین))
((بروانە من هیچ شتێك نازانم. وەئەمەش ڕاستیەکەیە. بەڵام من
وادەبینم ئەگەر ئەمە هەموو... تۆ هیچ گرفتێکت نیە)).
((ئەمە تەنیا بەشێکی چیرۆکەکەیە. ڕێم بدە باسی ئەوەت
بۆبکەم کەلە جەژنی لەدایك بوندا ڕوویدا. لەجۆری (دانهێڵ)

داگیرسێنێکم بۆ کڕی ووتی: ((ئایا هەمان شتم دووجار دەدەیتێ))

((هەمان شت لەوە حالّی نەبووم. ئایا دوو داگیرسێنم پێداوە؟))

بێگومان نە. وام دەزانی گالّتە دەکات. بەڵام ئەوە ئەو داگیرسێنەیە کەدوێنێ بۆی دەگەڕا. دوای ئەوە ئەم بەیانیە ووتی لە دۆڵابی چەترەکەدا دۆزیویەتەوە. ئێستا پیشانی دام. بەڵام چۆن بزانم ئەم داگیرسێنە ئەو داگیرسێنە نیە کە کەسێکی تر بە دیاری پێشکەشی کرد، و تائەو کاتە هەڵیگرتوە))

بەم شێوەیە. بەڵام هێشتا ئەم شتانە زۆر ناگەیێنێ. ئایا هیچ شتێکی تر هەیە کە لێی بەگومانبیت)).

((بەڵێ جارێکی کاتژمێر هەشت گەڕایەوە ماڵەوە. نیگای کردم و ووتی: ئەمە خێربوو وامدەزانی  بۆشت کڕین زۆرترت پێدەچێت، من دڵنیابوم کەپێش تۆ دەگەمە ماڵ، بەتەواوی هەر وەك لە شوێنێکدا پێك گەیشتبین، دوای ئەوە هەریەکەمان بە ڕێی خۆیدا رویشت. ئایا ئەمە ڕاست نیە؟ بەڵام من ئەو ڕۆژە لەماڵ نەچوومەتە دەرەوە)).

ژنەکە نیگایەکی بادەکەی کرد.

((تا ئەم بەیانیە هەموو ئەمانەم خستەپاڵ ئەو گیانی گالّتە بازییەی هەیەتی. بەڵام کەبیرم لێ ئەکردەوە، زۆر بوە هۆی جارس و وەرز کردنم...))



لەبەرئەوە پەیوەندیت پێوە کردم. بەڵام لەو شتانەی باست کردن، هیچ شتێك نیە نا ئارامت بکات کە ئەو ناپاکیت لەگەڵ دەکات. ئەگەر لەشوێنی تۆ بوومایە بۆ دەمارەکانی هەستم بە نا ئارامیەکی زۆر دەکرد.

((بەڵام تەواو لەشی ساغە! و ئاساییە. هیچ نەخۆشیەکی دەماری نییە. تەنیا ئەو هەڵپەساردە نامۆیانەی کە ناو بەناو دەریان دەبڕێ)).

((مەبەستت ئەوەیە هیچ نازانێ دەربارەی... ئەوشتەی کە دەیکات))

((چ شتێك)).

((شپرزە مەبە، شتێکی ترسناك نیە. بەتەئکید شتیکی نامۆیە، بەڵام بڕوام وایە شتێکە بەزۆری دەربارەی بەهرە — نەك شتێکی تر. کاتێ خوێنکار بوین، لە ڕاستیدا هەموو گومانمان  وابوو کە جۆرێکە لە بلیمەتی، ئەڵێم لەوانەیە، لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا هیچ کەس ناتوانێ بیسەلمێنێ یاخود نکوڵی لێبکات ئەوەی کە ئەیکات ڕاستییە، بەڵام....)).

((باس لەچی دەکەیت (( تکات لێدەکەم بە ڕاشکاوی قسە بکە! من ئامادەم لەوە خراپتربم)).

(( ناتوانم ئەوەم بە خەیاڵدا بێت کە پێی ڕانەگەیاندبێ. ئەو سەروەری (هونەری خەوبینینە)).

(( هونەری...)).

(( هونەری خەوبینین. خەو دەبینێ. هەرچیەکی بوێت خەوی پێوە دەبینێ، خۆی دروستی دەکات)).

((خەوبینین))

((ئەو خەوانەی کاتی خەوتن خەڵکی دەبینن، بەپێ ی زانستی خۆم تەنانەت ووشتر و ئاژەڵیش خەو دەبینن . بەڵام حەز دەکات زۆر بخەوێ)).

((بە تەئکید. لە تواناتدا نییە کاتێ وشیاری خەو ببینێ)).

(( لە توانایدایە لە هەموو شوێنێك بخەوێت))

(( ڕاستە، بەسواری شەمەندەفەر پێکەوە دەچووین بۆ قوتابخانە، دەیگوت: بۆ ساتەوەختێك بمبەخشە، دەچم کەمێك خەوببینم بەو کچە بزوێنەرەی کە ئێستا دابەزی)) وە چاوی لێك دەنا ((مەبەستت ئەوەیە کە دەتوانێ هەر خەوێکی بوێت بی بینێت))

((کۆنترۆڵی چیرۆکەکە دەکات))

هەرچەندە خۆی وا دەردەخات کە حەزی لە بابەتی پێشەنگی نیە، لەتوانایدایە پاڵەوان و پێشەکیە سەرەکیەکە هەڵبژێرێ، بەڵام ئاشکرایە هیچ بیرۆکەیەکی دەربارەی چۆن چیرۆکەکە تەواو دەبێت نیە))

((ڕاستە. لەم لایەنەوە باشە))



(( لەبەرئەوە بە خەوبینین لە تێکشکاندنەکانی ڕزگاری دەبێت. لە یادمە لە مامۆستاکە تورە دەبوو دەیووت: ئەم ئێسترە لە خەوی داهاتومدا دەکوژم، لە ڕاستیدا پێش جووت گرتنتان بەچەند ڕۆژێك پێی گەیشتم ووتی: ئەو تاوانە هێشتا دزە بۆ خەوەکانی دەکات. چیرۆکی نادیاری دەخوێندەوە، کەمێك ناڕەحەتی دەکرد)).

(( وەك ئێستا دێتەوە یادم، وا ڕاهاتبوو لە کاتی خەوتندا ناڵە و نرکە بکات. ئایا بڕوات وایە ئەوە هۆیەکەی بێت)).

(( بێگومان. پێ ی ووتم ئەم بەخەبەرکەرەوەی کڕیووە، دەزانێت، ئەو شتانەی کە بە ژنانی دەفرۆشن بۆ دەرکردنی دز، دەزووەکە ڕادەکێشێ زەنگەکە دەزرنگێتەوە. بەهەر حاڵ، ئەم شتە بەدەستەوە دەگرێت و دەخەوێت کاتێك خەوەکە بە باشی نەڕوات، دەزوەکە ڕادەکێشێ و خۆی وەخەبەر دێنێتەوە)).

((ئایا ئەمە شیاوە))

(( کاتێك خەو دەبینێ ، دەزانێ، بەڵام بێ بەخەبەر کەرەوەکە ناتوانێ وە خەبەر بێت، خۆی وا ڕاهێناوە کاتێك دەخەوێت ئەم بەخەبەرکەرەوەیە کار پێبکات)).

((بەڵام بەهیچ جۆرێك شتێکی وەهام پێ نەدیووە))

((لەوانەیە لەناوی بردبێت. بۆ هەر هۆیەك بێت ئەو تەنانەت باسی هونەری خەوی بۆ نەکردویت)).

(( لـەو بڕوایـەدام خـۆت هـەموو ئەمانـەت داهێنـا بێـت.هونـەری خەوبینین، لە ڕاستیدا...)).

چاوی بڕییە چاوی پیاوەکە (( تـۆ شـتێك دەشـاریتەوە، وانییـە، ((ڕاستیم پێبڵێ)).

پیاوەکە ئـاوڕێکی لێدایـەوە ئینجـا نیگایـەکی جانتـا هۆڕەکـەی تەنیشتی کرد، (( ووتت کە جانتاکە هـەموو پێویستی شـەوێکی تێدایـە. ئەگـەر شـتێك بـزانم و پێتـی بڵـێم... ئایـا ڕکـت لێ ی دەبێتەوە و بە شێوەیەك هەولی تۆڵە سەندنەوە بدەیت))

((لەوانەیە))

بەڕێکەوت و بەدەنگێکی نزم پرسیاری کرد ئایا ئەمشەو لەگەڵم دێیت. ژنەکە نیگایەکی کرد، بۆ چرکەیەك وەڵامی نەدایەوە،ئینجا لەسەرخۆ بەسەر ئاماژەی کرد.

بە دەنگێکی بەرز زەنگێك لێیدا.

سەرچاوە

کتێبی ((الشاعر النمر)) هیام عەبدالحمید کردویەتی بە عەرەبی.



# وێنه

نوسینی/ یاسۆناری کاوا باتا

و/ حسێن علی

ئای چەندە پێیـاوێکی ناشـیرینە! بـێ ئابڕووییـە ئـەوە بـووترێ. بەڵام بەتەئکید تەنها بـەهۆی ناشـرینیەکەیەوە بووەتـە شـاعیر..
ئـەم شـاعیرە ڕۆژێکیـان ئەمـەی پـێ ووتم: (مـن ڕکـم لـە وێنـەی فۆتۆگرافی دەبێتەوە، زۆر دەگمەن بیر لەوە دەکەمەوە وێنەیـەك بۆ خۆم بگرم. تەنیا بۆنەش وێنـەی بـۆ مـن تێـدا گیرابێت چـوار یـاخود پێـنج سـاڵ بـەر لـە ئێستا بـوو، ئـەویش لەگـەڵ کـچێکدا بەهۆی داخوازیمانەوە بوو. زۆر لام بـەنرخ بـوو بەرادەیـەك کـەمن بڕوام نەدەکرد ژنێکی وەکو ئەو جارێکی تر لە ژیانمدا دەرکـەوێ. ئەو وێنانە تـەنیا یادی خۆش لە ژیانمدا دەنوێنێ.

بەهەر حاڵ، ساڵی ڕابردوو بـۆ بڵاوکردنـەوە یـەکێك لـەگۆڤارەکان داوای وێنەیەکی لێ کردم، ئەو کات هەسـتام بـە بڕینـی وێنەیـەك لەو وێنانەی کە لەگەڵ دەستگیرانەکەمدا کـۆی دەکردمـەوە و بـۆ گۆڤارەکەم نارد. لەم نزیکانەش پەیامنێری ڕۆژنامەیـەك هاتـە لام و ئەویش داوای وێنەیەکی لێ کـردم. ئـەوکات بـۆ سـاتە وەختێـك بیرم کردەوە و دواجـار وێنەیـەك لەگـەڵ دەسـتگیرانەکەمدا کـۆی

دەکردمەوە لە ناوەڕاستدا بڕیم و پێم دا و پەیمانم لێ وەرگرت بۆمی بگێڕێتەوە، بەڵام من چاوەڕوان نیم ڕۆژێك لە ڕۆژان دەستم بکەوێتەوە. چاکە ئەمە زۆر گرنگ نیە). من دەڵێم گرنگ نیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە دەڕوانمە نیوەی وێنە ماوەکە ڕا دەچڵەکێم، چونکە دەستگیرانەکەم بە تەنیا جێهێشت و پرسیاری لە خۆم دەکەم ئایا خودی ئەو کچەیە؟ لێم گەڕێ بالە بارەیەوە باست بۆ بکەم:

(ئەو کچەی کە لە وێنەکەدا بوو شۆخ و شەنگ و جادوگەر بوو ئەو کات تەمەن (١٧) ساڵ بوو، و لە خۆشەویستیدا نقووم ببوو. بەڵام کاتێك ڕوانیمە ئەو وێنەیەی لەبەر دەستمدا بوو _ وێنەی ئەم کچەی کە لێ ی جیا بوومەوە _ تێگەیشتم چەندە بێزار کەر و دڵ تەنگکەرە. تا ئەو ساتەش ئەو وێنەیە جوانترین وێنەیەك بوو دیبێتم. بەڵام لەساتە وەختێکدا لە خەونێکی درێژ وەخەبەر هاتم.. و تێگەیشتم کە سامانە گران بەهاکەم پەرش بۆوە.. ئایا بەم جۆرە)

شاعیرەکە دەنگە بەرزەکەی لە پێشان نزمتر کردەوە و دەیووت:

(ئەگەر دەستگیرانەکەم وێنەکەم لە ڕۆژنامەکەدا ببینێ بەتەئکید ئەویش بەهەمان شێوە بیر دەکاتەوە. وە هەست بە ڕسوایی و نام و نەنگی دەکات چونکە ڕۆژێك لە ڕۆژان گەر بۆ ساتێکیش بووبێ پیاوێکی وەکو منی خۆش ویستووە.



باشە ئەوە چیرۆکەکەیە.

بەڵام هێشتا من پرسیار دەکەم ئەگەر ئەو ڕۆژنامەیە هەروەك گیرا بوو وێنەی هەردوکمان پێکەوە بڵاو بکاتەوە ئایا دەستگیرانەکەم بەڕاکردن بۆ لام دەگەڕایەوە و لە بەرخۆیەوە دەی وت، من چەند پیاوێکی نایابم.

سەرچاوە

کتێبی ((الشاعر النمر)) هیام عبدالحمید کردوویەتی بە عەرەبی.

# مەرگی ئیلزە باسکولایت

ن: هاینریش بوڵ

و: حسێن علی

پێش چەند ساڵێك ژێر زەمینی ئەو خانووەی تێیدا دەژیاین بەکرێ درا بوو بە بازرگانێك ناوی (باسكۆ لایت) بوو: ڕێڕەوی ژێر زەمینەکە کە سەبەتەی پرتەقاڵ و میوەی تێدا بڵاو بووبۆوە، بۆنی ئەو میوە کەڕوواویەی کە باسكۆلایت لەتەنیش ڕێڕەوەکە دەیخستە لاوە بۆ ئەوەی خۆڵ ڕێژەکان کۆی بکەنەوە بڵاو دەبۆوەوە. لەپشت تاریکی ئەو تەختە شوشە سمارتە کراوەوە زۆر جار گوێبیستی دەنگە پانەکەی دەبووین کە زمانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی بوو و نەفرەتی لە زەمەنی خراپ دەکرد. بەڵام لە قووڵایی دڵیدا باسکۆلایت مرۆڤێکی ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین بوو, باش دەمزانی– وە ئەمەش تەنیا منداڵان دەیانزانی– جوێنەکانیشی وەك دەمە قاڵێکانی لەگەڵماندا تەنیا نواندنێك بوو. زۆر جار سەر ئەکەوتە سەر ئەو پلیکانە کەمانەی کە ژێر زەمینەکەی بە شەقامەکەوە دەبەستەوە و گیرفانی پڕ لە سێو و پرتەقاڵ دەکرد، ئیجا هەر وەکو تۆپی بچووك بۆمانی هەڵ دەدا.



بەڵام ئەوەی بەڕاستی وای لێ کردین بەتەنگ باسکۆلایتەوە بێین ئیلزەی کچی بوو. دەمانزانی دەیەوێت ببێتە سەما کەر، بەڵکو لە ڕاستیدا سەماکەر بوو. بەهەر حاڵ لە ژێر زەمینەکەی خوار ئێمە لەتەنیشت چێشتخانەکەی باسكۆ لایت کە بەڕەنگی زەرد بۆیە کرابوو مەشقێکی زۆری دەکرد: کیژێکی سوور فلی شۆخ و شەنگ، لەسەر نوکی پەنجەی پێی ڕادەوەستا، بلوزێکی سەوزی لەبەردایە،و بۆ چەند ساتێك وەك سەقا کوژ لە هەوادا دەفڕی، ڕەنگ پەڕی و بەدەوری خۆیدا بازی دەدا و دەخولایەوە، و دەکەوت. کاتێك شەو دادەهات لە پەنجەرەی ژووری نووستنەکەمەوە دەمتوانی سەیری بکەم: لە دەلاقەی پەنجەرە چوار گۆشە زەردەکەوە جەستە لاواز و لەڕەکەی و ڕووخسارە شەکەت، و سەری سوور فلیم دەدیت، کە کاتێ بازی دەدا جار جارە بەر لامپا ڕووتەکە دەکەوت و دەیلەراندەوە،و بۆ چەند ساتێك بازنەی لە ڕووناکی زەردی بۆ حەوشە خۆڵەمێشییەکە دەنارد. هەندێ خەڵك لە حەوشەکەوە هاواریان دەکرد ((خراپەکار!))، نەمدەزانی خراپەکار چییە, لە کاتێکدا هەندێکی تر هاواریان دەکرد ((کەم ئابڕوو!))، لەگەڵ ئەوەشدا من بڕوام وابوو مانای وشەی (کەم ئابڕوو)م دەزانی، بەڵام نەمدەتوانی بڕووا بکەم کە ئیلزە هیچ پەیوەندێکی بەوەوە هەبێت. ئەوکات لەنێوان هەڵمی سوورکردنەوەی گۆشتدا سەرە ڕووتاوە

قورسەکەی باسکۆلایت دەردەکەوت و پەنجەرەکەی بەتەواوی دەکرایەوە، و لەگەڵ ئەو رووناکیەی کە لە پەنجەرەی چێشت خانە کراوەکەی لافاوی جوێنەکانیشی دەگەیشتە حەوشە تاریکەکە، لەیەك ووشەی تێنەگەیشتم. بەڵام بەخێرایی ژوورەکەی ئیلزە پەردەیەکی سەوزی ئەستوری بۆ نێردرا کە هیچ رووناکیەك نەی دەتوانی دزە بۆ دەرەوە بکات لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شەوێك. دەمروانیە ئەو چوار گۆشەیەیی کە ڕوناکیە شاردراوەکەی لێوە دەهات,و دەم بینی , لەگەڵ ئەوشدا نەم دەتوانی ببینم: ئیلزە باسکۆلایت لە بلوزە سەوزرە کاڵەکەیدا,لاواز ,سورفل,و بۆ چەند ساتە وەختێك لە ژێر لامپە ڕوناکەکەدا دە فڕی

بەڵام دوای ئەوە بەماوەیەك بۆ خانویەکی تر گوێزامانەوە ,و گەورە بووم ,و زانیم خراپەکار مانی چیە,و بڕوام وابوو مانای وشەی (کەم ئابڕو) چیە , و گەلێ سەماکەرم دی بەڵام هیچیانم وەك ئیلزە کە هیچ شتێکم دەربارەی نەدەزانی بەدڵدا نەچو. چوینە شارێکی تر ,جەنگ هەڵگیرسا ,جەنگێکی درێژ خایان و, ئیتر بیرم لە ئیلزە باسکۆلایت نەدەکردەوە . هەوڵم دا لەڕێی گەلێ پێشەوە ژیانم بگوزەرێنم ,تالەکۆتایدا بومە شوفێری بازرگانێکی میوە بەکۆ فرۆش . بەیانیان لیستی دابەش کردن و



سەبەتەی سێوو پیتەقاڵ و قۆخم وەردەگرت بۆ ئەوەی بە ئۆتومبێلەکە بۆ شاری بگوێزمەوە .

ڕۆژێکیان ,لە تەنیشت عەمارەکەوە وەستابووم ,ئۆتۆمبیلەکەیان لە شتو مەك باردەکرد ,سەرقاڵی بەراورد کردنیئەو کەل و پەلانە بووم کە بەلیستێك بەدەستمەوە بوو. درایە جێ باوەڕی عەمارەکە. لەو کاتەدا ژمێریارەکە کوشکەکەی کە ئاگاداری دەربارەی مۆز داپۆشی بوو پرسیاری لە جێ باوەڕەکە کرد :

(ئایا لەتوانامانداین شتو مەك بۆ باسکۆلایت ڕەوانە بکەین ؟ ) .

– ئایا هیچ داواکاریەکی ناردوە ؟ بەتەئکید ترێی ڕەش ؟

ژمێریارەکە وتی (بەڵێ) و خامەکەی لەپشت گوێیەوە ڕاکێشاو بەسەرسوڕمانەوە نیگایەکی جێ باوەڕی عەمارەکەی کرد .

جێ باوەرەکە وتی : ناوبەناو داواکاریەکمان بۆ دەنێرێ : ترێی ڕەش – نازانم بۆ چی , بەڵام ئێمە ناتوانین بۆی ڕەوانە بکەین ئینجا هاواری لەو بارکێشانەی پاڵتۆی خۆڵەمێشیان پۆشی بوو کرد : (دەی) وە ژمێریارەکە بۆ کوشکەکەی گەڕایەوە , ئیتر ئاگادری ئەوە نەبووم ئایا بارکێشەکان بە ڕاستی ئەوەی لە لیستەکەدا نوسرابوو باردەکرد یان نا . چەند چوار گۆشەیەکی ڕوناکم لە پەنجەرەی ژێرزەمینەکەوە دی ,و ئیلزە باسکۆلایتم دیت سەمای دەکرد , لاواز ,ڕنگ پەڕیو , بلوزێکی سەوزی کاڵی پۆشیبوو . ئەو بەیانیە ڕێگەیەکی جیا واز لەوەی بۆم کێشرابوو

بڕی . لەدیرەگی ڕوناکی – کەکاتی خۆی یاریمان دەکرد– تەنیا دریەگێك مابوو, ئەمەش سەری پێوە نەمابوو . ئوتۆمبێلەکەم بەلای ئەو خانوانەی کە زوربەیان وێران بوون دەڕۆیشت بەهۆی ئەو چاڵە قولاّنەی ڕێگەکە دەلەریەوە و لەسەر ئەو شەقامەی کە لەوەو پێش پڕ لە منداڵان بوو تەنیا یەك منداڵی لێبوو:منداڵێکی گەنم ڕنگی شەکەت لە سەر پاشماوەی شورەیەك دانیشتبوو, سەرقاڵی کێشانی وێنە بوو لەسەر ئەو خۆڵەی کە بەلای ڕەنگی سپیدا دەیڕوانی. کاتێك بەلایدا تێپەڕیووم سەری هەڵبڕی و نیگایەکی کردم، جارێکی تر سەری نەوی کردەوە. لەپێش دەرکی ماڵی باسکۆلایت ئۆتۆمبێلەکەم ڕاگرت و دابەزیم خۆڵ ڕووکاری پێشانگا بچکۆلەکەی داپۆشی بوو لە پیسیدا ڕەنگە سەوزەکەی ڕەش بوو بوو. ڕوانیمە دیواری خانووە چاك کراوەکە، ئینجا ئەو دەرکەیەی کە دەتگەیەنێتە دووکانەکە. دەرگەکەم کردەووە و چوومە خوارەوە. بەتووندی بۆنی سەوزە و میوەی شێدار لەو شوێنە بڵاو دەبۆوە، لەو کارتۆنەوە دەهات کە لەتەنیشت دەرکەکەوە دانرابوو پڕ لەسەوزەو میوە بوو، لەوکاتەدا باسکۆلایتم لەپشتەوە دی، لەژێر کڵاوەکەیەوە قژە خۆڵەمێشیەکەیم دی، کاتێك شووشەیەکی لەبەرمیلێکی گەورە پڕ لە سرکە دەکرد هەستم بە دڵتەنگیەکی زۆری کرد. پێدەچوو دەسەڵاتی داخستنەوەی سەری بەرمیلەکەی نەبێت، ئەو



شلەمەنیە ترشەلۆکە بەسەر پەنجەکانیدا ڕژاو کەوتە سەر زەویەکە و چاڵی بچوك بچووکی بۆگەنی لەسەر دەرکەکە هەڵکەند و بۆنێکی ترشەلۆکی لێوە بەرز بووەوە، و لەهەموو جوڵەیەکدا جیڕەیەکی دەکرد. لای مێزی فرۆشتن خانمێکی لاواز پاڵتۆیەکی سور باوی پۆشیبوو و بە بیّ بایەخ پێدان نیگای کرد. دواجار وادیار بوو توانی شووشەکە پڕ بکات، و سەری نایەوە، ئەوەی کە کاتێك بەلای دەرکەکەدا گوزەرم دەکرد دووبارەم کردەوە، بەدەنگێکی نزم ووتم: ((بەیانیت باش))، بەڵام کەس وەڵامی نەدامەوە، باسکۆلایت شووشەکەی خستە سەر میزەکە، ڕەنگ کاڵ و ڕیش نەتاشرا بوو، ئینجا ڕوانیە خانمەکە و ووتی: ((کچەکەم مرد– ئیلزە–)) بەدەنگێکی خنکاو خانمەکە ووتی: ((دەزانم. دەزانم ئەوە پێش پێنج ساڵ بوو. بۆ پاك کردنەوەی قاپەکان پێویستیم بە لم هەیە)). باسکۆلایت دووبارەی کردەوە: ((کچەکەم مرد)) هەروەك ئەوە دوێنێ رووی دابێت و چاوی بڕیە ژنەکە، بەشپرزەیەوە چاوی بڕیە ژنەکە، بەڵام ژنەکە پێی ووت: ((کیلۆیەك لەسەر بەستەکە)). باسکۆلایت بەرمیلێکی ڕەشی لەژێر مێزەکەوە ڕاکێشا و هێنایە دەرەوە، ئنجا بەرادەرێکی پلێت لەناو بەرمیلەکەدا دەستی بە هەڵگێڕانەوەی کرد، بەدەستە لەرزیوەکەی کیسەیەکی خۆڵە مێشی لەکاغەز دروست کراوی لە تۆپەڵی زەرد پڕ کرد.

ووتی: ((کچەکەم مرد)) ژنەکە بێدەنگ بوو، منیش سەیری دەوروبەری خۆم کرد، تەنیا کیسی ماکەرۆنای خۆڵاوی، بەرمیلی ئەو سرکەیەی کە بەشێنەیی بەلوعەکەی دڵۆپ دڵۆپ دەچۆڕا و، لمی پاك، تەختەیەکی کانزای ساف و لوسم دی کە وێنەی منداڵێکی سور فلی لێوبەخەندەی لەسەر کێشرابوو پارچەیەك شکولاتەی دەخوارد کە چەند ساڵێکە بوونی نیە. ژنەکە شووشەکەی خستە نێو جانتایەکی لەشێوە تۆڕ، ئینجا لمەکەی خستە لایەوە و چەند پارەیەکی کانزایی خستە سەر مێزە کاتێك وەرچەرخا و بەتەنیشتمدا ڕابوورد دەستی لەنزیك سەریەوە وەرگێڕاو بە جووڵەیەکی مانا بەخش خەندەیەکی بۆ کردم.
زۆر شتم وەیاد کەوتەوە، ئەو ڕۆژانەی کە بچوك بووم لووتم لەژێر قەراخی مێزە پیسەکەدا جێگیر دەبوو، بەڵام ئێستا بێ هیچ هەوڵێك بەچاو لەمپەرە شووشەیەکەی یەکێك لە کۆمپانیاکانی پسکیت، پڕە لە کیسەی ئاردی گەنمەشامی و تۆز داپۆشیووە تێپەڕ دەکەم. هەروەك بۆ چەند ساتێك گرژ بووبم لەو ماوەیەدا هەستم کرد کە لووتم لەژێر قەراغی مێزە پیسەکەدا بێت، هەستم بەو پارە کانزایانە کرد کە ((بۆ بوون))م پێ دەکرێ بەدەستەوەم گرت، ئیلزە باسکۆلایتم دی سەما دەکات، گوێبیستی خەڵکان بووم لە حەوشەکە هاواریان دەکرد: ((خراپەکار))، تاوەکو دەنگی باسکۆلایت وەئاگای هێنامەوە: ((کچەکەم مرد))



بەشێوەیەکی میکانزمی رستەکەی دەووتەوە، ئینجا لای پەنجەرەی پێشانگاکە وەستا و نیگای شەقامەکەی کرد.
پێم ووت: (بەڵێ)، ووتی مرد. ووتم (بەڵێ) وەرچەرخا و پشتی تێکردم، دەستی لە گیرفانی پاڵتۆ خۆڵە مێشیە بەڵەك دارەکەدا هێشتەوە.
– حەزی لە ترێی ڕەش دەکرد، بەڵام ئێستا مردووە. پرسیاری لێ نەکردم: (داواکاریەکانت چیە؟) یاخود (هیچ کارێکت نیە؟). لەتەنیشت پەنجەرەی پێشانگاکە وەستابوو، لەنزیك ئەو بەرمیلەی کە تنۆك تنۆك سرکەی لێ دەچۆڕا بێ ئەوەی نیگا بکات: (کچەکەم مرد). یاخود (مرد)، هەروەك تەمەنێکی تەواو لەوێدا وەستابم، وونبوو، لەبیر کراو، لەکاتێکدا کات لەدەورم دەڕۆی. نەمتوانی خۆم لەوێ دەرکەم تا ژنێکی تر هاتە دووکانەکە. کورتە بالاو لەش پڕ بوو، جانتای شت و مەك کڕینەکەی خستبووە پێش سکی، باسکۆلایت ئاوڕی لێ دایەوە ووتی: (کچەکەم مرد). ژنەکە ووتی: (بەڵێ) لەپڕ دەستی بە گریان کرد، ئینجا ووتی: (بەپیاوەتی خۆت)، لم بۆپاککردنەوە، کیلۆیەك لەسەربەستەکە. باسکۆلایت هاتە پشت مێزەکە، بەڕادەرە پلێتەکە دەستی بەهەڵگێڕانەوەی نێو بەرمیلەکەی کرد. ژنەکە تا دووکانەکەشی جێ هێشت هەر دەگریا.

منداڵە ڕەنگ پەڕیووە گەنم ڕەنگەکە- ئەوەی کە کاتێك هاتم لەسەر پاشماوەی شورەکە دانیشت- ئێستا لەسەر پلیکانەی ئۆتۆمبیلەکەم ڕاوەستاوە و بەئاگاهییەوە دەڕوانێتە چەرخی پێچکردنەوە -سوکان- ئینجا لەپەنجەرە کراوەکەوە دەستی بردە ژوورەوە و کلیلی لامپای لاتەنشتی چەپی داگیرساند، ئینجا لای ڕاست، کاتێك لەپڕ لەپشتییەوە ڕاوەستام منداڵەکە زۆر ترسا، بەڵام من گرتم و ڕوانیمە ڕوخسارە پەڕوە ترساوەکەی، ئینجا سێوێکم لەیەکێ لە سندوقەکانی ئۆتۆمبیلەکە دەرهێنا و دامە منداڵەکە. بەسەرسوڕمانەوە نیگای کردم هەروەها منیش ترسام، سێوێکی ترم هەڵگرت ئینجا سێ یەم و ئاخنیمە گیرفانی ژێر چاکەتەکەی. پێش ئەوەی سواری ئۆتۆمبیلەکە بم و دوور بکەومەوە سێوێکی ترم پێدا.

سەرچاوە

کتێبی (وکان مساو...) نوسینی هاینریش بوڵ، سەمیر جریس کردوویەتی بەعەرەبی



# پرد

ن- هاینریش بوڵ

و- حسێن علی

لاقیان چاك کردمەوە، و کارێکیان دامێ بتوانم بە دانیشتەوە بیکەم: لەسەرمە ئەو کەسانە ژمار دە بکەم کە بەسەر پردەکەدا دەپەڕێنەوە. دڵخۆش دەبن کاتێك بە ژمارە پسپۆڕی خۆیان دەسەلمێنن، و بەم قسە هیچ و پوچەی کە لەچەند ژمارەیەك پێکهاتووە بێهۆش دەبن. بەدرێژایی ڕۆژگار، زارە لاڵەکەم وەك دانی پێچکەی کات ژمێر دەجوولێ و ژمارە دەخەمە پاڵ ژمارە، بۆ ئەوەی هەموو شەوێك سەرکەوتنێکی ژمارە بیان پێشکەش بکەم.

شادمان دەبن، و هەرچەندە ژمارەکە گەورەتر بێت ڕووگەش تر دەبن، ئێستا هۆی قایلبوونیان لە خۆیان و ڕاکشانیان لەسەر پێخەفەکەیان بەدڵنیاییەوە هەیە: ڕۆژانە هەزاران کەس لە پردە نوێیەکە دەپەڕێنەوە..

بەڵام ژماردەکەیان لەگەڵ ڕاستیدا پڕاو پڕ نیە. من دەڵتەنگم، بەڵام لەگەڵ ڕاستیدا پڕاو پڕ نییە. هەرچەندە من دەزانم چۆن هەست بە دادی جێ بێڵم بەڵام من مرۆڤێکی شایەنی بڕوا نیە.

لام خۆشە بە نهێنی ژماردنی کەسێك فەرامۆش بکەم، ئینجا– کاتێك هەست بە بەزەیی دەکەم– دەگەڕێمەوە و هەندێ ژمارەیان پێشکەش دەکەم. بەختیاری لەدەستی مندایە. وە کاتێك توڕە دەبم– ئەگەر سیگارم پێ نەبێ– تەنیا ناویان بۆ دەنوسم، و جار بەجار خوار ناوینیش. وەکاتیك دڵم بە پەلە لێدەدات– ئەگەر بەختیار بووم– بەخشندەییم بە ژمارەیەکی پێنجی هەڵدەقولێت. ئای لەوکاتەدا چەند بەختیار دەبن! هەموو جارێك بە شێوازێکی یاساییانە ئەنجامەکەم لەدەست دەردێنن، ئینجا دەکێشن بە شانمدا ئەوان ئاگایان لە هیچ نییە! ئینجا دەست بەکرداری لێکدان و دابەش کردن دەکەن و ڕێژەی سەدی دەر دەکەن.. بۆ چ شتێك؟ نازانم. ژمارەی ئەوکەسانە دەکەن کەلەیەك چرکەدا لە پردەکە دەپەڕێنەوە، و ژمارەی ئەو کەسانەی لەماوەی دەساڵدا لێ ی دەپەڕێنەوە. دوا ڕۆژی دووریان خۆش دەوێت.. ئەوان دوا ڕۆژی دوور پەسەند دەکەن– بەڵام بەداخەوە دەڵێم، هەموو ئەمانە ڕاست نین. کە کاتێك خۆشەویستە کورتە باڵاکەم لە پردەکە دەپەڕێتەوە، ئەو ڕۆژی دووجار بەسەریدا دەپەڕێتەوە، بەئاسانی دڵم لە لێدان دەوەستێت، و ئەو پلی لێدانەی دڵم کە وەڕس و ماندوو نابێت هەتا خۆشەویستەکەم بەلای ڕێکە سەرکیەکەدا لادەدات و لەچاوو وون دەبێت لە لێدان دەکەوێت. وە هەرکەسێك لەوکاتەدا تێپەڕ



دەبێت تۆماری ناکەم و لێیان دەشارمەوە. ئەم دوو چرکەیە موڵکی خۆمن، تەنیا بۆ خۆمن، ناهێڵم لێمی بستێنن. هەروەها کاتێك شەو لە پێشانگەی پۆشاك فرۆشەکە دەگەڕێتەوە، بەسەر شۆستەکەی بەرامبەر زاری لاڵم دەپەڕێتەوە کە هەردەبێ ژماردە بکات، سەرلەنوێ دڵم لە لێدان دەوەستێت، دووبارە دەست بە ژماردە ناکەمەوە تالەبەر چاووم وون دەبێت. وە هەموو ئەو بەختەوەرانەی لەو دوو چرکەیەدا لەبەرچاوە کوێرکانم بە پەرینەوە بەختەوەر دەبن، بە ئامارەکە نەمر ناکرێت! ژنان و پیاوان لە سێبەرەکەدا دەمێننەوە. بوونەوەری نەبوو ناچنە نێو ئامار و دوا ڕۆژە دوورەکەی..

ئاشکرایە من خۆشم دەوێت، بەڵام ئەو هیچ لەوبارەیەوە نازانێت، و منیش دەمەوێ شتێك بزانێت بۆی نییە بزانێت چۆن هەموو شتێك بشێوێنێ. لەسەریەتی ئاگاداری قژە خورماییە درێژەکەی و هەردوو پێ ناسکەکەی بکات و بێ ئەوەی هەست بە گوناە و هەڵە بکات و بەبێ ئاگاهی لەچونیدا بۆ پێشانگەی پۆشاك فرۆشەکە بەردەوام بێت، و پارەیەك زۆری لەخەڵات دەستکەوێ.

خۆشم دەوێ. خۆشەویستیم وەك خۆر ئاشکرایە.

پێش ماوەیەك کەم بە پشکنینم هەڵسان، و ئەو هاوڕێییەی کە لەوبەر دادەنیشێ لەکاتێکی گونجاودا ئاگاداری کردم، هەموو هەستم ووشیار بۆوە، هەروەك شێت ژماردەم دەکرد، تەنانەت،

ئامێری ژمارده ده ناشێ لەمن باشتر ژمارده بکات. خودی سەرۆکی ئامار نووسەکان لام وەستاو ئینجا تەواو بەراوردی ئەوەی کرد کە لە کاتژمێرێکدا لە لسیتی ئامارەکەدا نووسیم. ئەو ژمارەیەی نووسیبووم تەنیا یەك ژمارەی کەمە. خۆشەویستە کورتە باڵاکەم پەڕیبوو، و لە ژیانمدا هەرگیز ڕێ نادەم بەگوێزانەوەی خۆشەویستە بچکۆلە جوانەکەم بۆ دوا ڕۆژی دوور. ناخۆشە خۆشەویستە کورتە باڵاکەم ناخرێتە ژێر کرداری لێکدان و دابەش کردن، و ناکرێتە نێو گێلی و گەمژەیی ڕێژەی سەدی، دڵم داقڵێشا کاتێك خەریکی ئامار نووسین بووم و نەمتوانی بە چاوو دوای کەوم، بەڵام من قەرزارێکی زۆری ئەو هاوڕێیەمم کە ئاماری ئۆتۆمبێلەکان دەنووسێ، پشکنینەکە، بۆ من چارە نووسی بوو.

سەرۆکی ئامارەکە کێشای بە شانمدا و ووتی من مرۆڤێکی بەتوانا و دڵسۆزم و پشتی پێ دەبەسترێ. هەروەها ووتی : ((شتێکی گرنگ نییە لە کاتژمێرێکدا هەڵەیەك لە ژماردنی کەسێکدا بکەیت، بەهەرحاڵ ئێمە ڕێژەیەکی سەدی دیاریکراو لەبری ئەو دەخەینە سەری و پێشنیار دەکەم بۆ ئەو عەرەبانەیەی کە ئەسپ ڕایدەکێشێ بگوێزرێیتەوە.

بێگومان عەرەبانەی ئەسپ هەڵێکی زێڕینیە. عەرەبانەی ئەسپ حەوانەوەیە. ئەوپەڕی ژمارە لە ڕۆژێکدا دەگاتە بیست و پێنج



عەرەبانە. هەموو نیو کاتژمێرێك ژمارەیەك.. ئا ئەمەیە حەوانەوە !

عەرەبانەی ئەسپ هەڵێکی نایابە. لەنێوان کاتژمێر چوار و هەشت هەرگیز ڕێ بە هاتوو چۆیان لەسەر پردەکە نادرێ. ئەوکات دەتوانم بۆ سەیران بڕۆم، یاخود بۆ پێشانگایی پۆشاك فرۆشەکە، ئەتوانم بۆ ماوەیەکی زۆر بیبینم، یاخود لەوانەیە لەگەڵی بچم بۆ ماڵەوە... خۆشەویستە کورتە باڵاکەم ئامار نەکرا.

سەرچاوە:.

کتێبی (وکان مساء...) سمیر جریس کردوویەتی بە عەرەبی.

# پولی پۆستە

ن/ هاینریش بۆڵ
و/ حسێن علی

هیچ کەسێك لە دۆستانم نهێنی بەتەنگەوە هاتنم بۆ پاراستنی پارچە قاغەزێك کە هیچ بەهایەکی نەبێ چیە تەنیا ئەوە نەبێ کە یادەوەری ڕۆژێکی دیاری کراو لە ژیانمدا زیندوو دەکاتەوە، ئەوەش وای لەخەڵکی کرد کە بە میهرەبانم بناسێنن، ئەمەش کارێکە شایەنی پایەو پلەی من نییە: من بریکاری کۆمپانیای چینیم، بەڵام ئەم بوختانە لە خۆم دوور دەخەمەوە و هەمیشە هەوڵ دەدەم کە بەهایەکی بەڵگەنامەیی بەم پارچە کاغەزە ببەخشم.

پارچە کاغەزێکی بچوکی هەرزان بەهای شێوە لاکێشەییە، پانی و بەرزی و درێژی پولی پۆستەی نییە– گەرچی ڕووبەریشی هەیە– لە پولی پۆستە درێژتر و پانی کەمترە، هەرچەندە لە دامەزراوەی پۆستەوە دەرچوون بەڵام کەمترین بەهای لای خۆشەویستانی کۆکردنەوەی پوول نییە. قەراخی پارچە کاغەزەکە بەختێکی سوری بریقەدار دەورە دراوە، بە پانی هێڵێکی سوور دەیکاتە دوو لاکێشەی قەوارە جیاواز، لەناو لاکێشە بچکۆلەکەدا بەڕەنگی



ڕەشی ئەستوور پیتی (R) نووسراوە، و لە گەورەکەشدا– هەر بەڕەنگی ڕەش ووشەی ((دۆسلدورف))، و لە تەنیشتیەوە ژمارەیەك... ئەویش (٦٣٤) ە ئەمە هەموو شتێکە، ڕەنگی پارچەکاغەزەکەشی زەردەو وەختە داڕزێت. ئێستاش، و لەبەرئەوەی زۆر بەوردی باسم لێوە کرد، بڕیارم دا کە زۆر بەسووکی لێ ی بڕوانم و بڵێم: کاغەزێکی تۆمارکەری ئاسایی یە وەك ئەو سەدان کاغەزەی کە هەموو ڕۆژێك لە نووسینگەی پۆستەکاندا بە نامەکانەوە دەلکێندرێن، بەڵام ئەم پارچە کاغەزە ڕۆژێك لە ڕۆژانی ژیانم کە ناشێ لەیادی بکەم وە بیردەخاتەوە، سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی هەندێ کەسی بۆسڕینەوەی لەیادم، بەڵام هێشتا بیرەوەریم زۆر ووشیارە.

کاتێك بیر لەو ڕۆژە دەکەمەوە یەکسەر بۆنی ((بۆدنگ قانیلیا)) دەکەم: کەم کەم هەوایەکی گەرم لەژێر دەرکەکەوە دێتە ژووری خەوتنم باشی دڵی دایکم وەیاد دەخاتەوە لەیەکەم ڕۆژی پشوەکەمدا داوای دروست کردنی ((ئایس کرێم بە ڤانیلیا))م لێکرد، و کاتێك لە خەو هەڵسام بۆنم کرد.

کاتژمێر دە و نیو بوو، سەرینەکەم بەرز کردەوە و سیگارێکم داگیرساند، پلانم داڕشت پاش نیوەڕۆ چۆن بەسەر بەرم، دەمویست بۆ مەلەکردن بچم. پاش نان خواردن بۆ کەنار دەچم، کاتێك مەلە دەکەم، دەخوێنمەوە، سیگار دەکێشم، چاوەڕێ ی

کیژێکی هاوڕێ ی گەنج دەکەم پەیمانی دا پێم کە پاش کاتژمێر پێنج بێت بۆ کەنار.

دایکم لە چێشتخانەکەدا گۆشتی دەکوتی، کاتێك بۆ چەند ساتێك دەوەستا گوێم لێ دەبوو لەبەرخۆیەوە شتێکی دەووت، لەوانەیە سروودی ئاینی بێت. هەستم بە بەختیاریەکی زۆر دەکرد. پێش چەند ڕۆژێك تاقیکردنەوەکانی ڕۆژانی خوێندنی پیشەسازیم تەواو کرد، فەرمانێکی بەڕێز لەکارگەیەکی چینیدا چاوەڕێم دەکات، فەرمانێك دوا ڕۆژێکی گەورەی هەیە.. بەڵام من ئێستا لە پشوودام. پشووی چواردە ڕۆژی..لە هاویندا.

کەش لە دەرەوەی ماڵەوە گەرم بوو، بەڵام من ئەوکات هێشتا حەزم لە کەشی گەرم دەکرد لە درزی پەنجەرەکەوە ئەوەی کە فێریان کردین ناوی جوانی (سروشت) لێ بنێین دیم: سەوزی درەختەکانی بەرماڵمانی دی، ئینجا گوێم لە دەنگی (ترام) بوو. بەخۆشیەوە چاوەڕێ ی خورادنی نانی بەیانیم دەکرد— دایکم لە پشت دەرکی ژوورە کەمەوە گوێ دەرگرت: لە ڕاڕەوەکەوە هات و لەبەردەم دەرکی ژوورەکەمدا ڕاوەستا، بۆ ساتەوەختێك بێ دەنگی باڵی بەسەر ماڵەکەماندا کێشا، ئەوکات ویستم دایکم بانگ بکەم، بەڵام لەو ساتەدا زەنگی دەرکەکە زرنگایەوە.

دایکم ڕووەو دەرکەکە ڕۆیشت. گیزەی زەنگەکە گرمەیەکی نامۆی لەسەر بیستنم هەبوو. زەنگەکە چوار، پێنج، شەش جار



زرنگایەوە. دایکم لە دەرەوە لەگەڵ خاتوو (کۆرتس) ی دراوسێ ی ئەوکاتەمان قسەی کرد، ئینجا گوێم لە دەنگی پیاوێك بوو، دەستبەجێ زانیم نامەبەری پۆستەکەیە، هەرچەندە من دەگمەن گوێم لە دەنگی بووە. نامەبەرەکە هاتە ڕاڕەوەکەمان.. دایکم ووتی: ((بەڵێ؟))، نامەبەرەکە وەڵامی دایەوە ووتی: ((لێرەدا.. بەپارمەتیت واژووی بکە)) دایکم دوای ئەوە دەرکەکەی داخست، کاتی گەڕانەوەی دایکم بۆ چێشتخانەکە گوێم لە دەنگی هەنگاوەکانی بوو.

پاش تاوێك هەڵسام و چوومە گەرماوەکە. ڕیشم تاشی و زۆر بە خەمخۆرییەوە ماوەیەکی زۆر خۆم شت، کاتێکیش بەلوعەکەم گرتەوە، گوێم لێبوو دایکم قاوەکەی دەهاڕی، هەر وەك لە ڕۆژی یەکشەممە دابێ تەنیا جیاوازیش ئەوەیە من بۆ کلێسە نەچووم.

کەس بڕوام پێ ناکات، بەڵام لە پڕ هەستم بە دڵگوشران کرد هۆیەکیش بۆ ئەوە نازانم، بەڵام لەپڕ گوشرا. ئیتر گوێم لە دەنگی هاڕینی قاوەکە نەبوو. جەستەم ووشك کردەوە، کراس و پانتۆڵێکم لەبەر کردوو جوتێ گوێرەوی و پێڵاوم کردە پێ. قژم داهێنا و چوومە ژووری نان خواردن. مێزەکە گوڵ: گوڵە مێخەکی پەمەیی قەشەنگی لەسەر دانرابوو، و بۆ نان خواردن بەشێوەیەکی نەرم و ناسك ڕازێنرابۆوە، و پاکەتێکی سیگاری سوور لە سەرقاپەکەم دانرابوو.

دایکم لە چێشتخانەکەوە هات قاوەدانێکی هەڵگرتبوو. دەستبەجێ شوێنەواری گریانم لە چاوەکانیدا تێبینی کرد. بەدەستێك قاوەدانەکەی هەڵگرتبوو، و بە دەستەکەی تریشی بەرگێکی بچووکی هەڵگرتبوو و چاوەکانیشی سوور هەڵگەرابوون. چووم بۆ لای و قاوەدانەکەم لێوەرگرت و ڕوومەتیم ماچ کرد و ووتم: ((بەیانیت باش)). نیگای کردم و ووتی بەیانیت باش. ئایا باش خەوتیت؟)) ئەوەی ووت و هەوڵی دا خەندەیەك بکات، بەڵام سەرنەکەوت.

دانیشتین و دایکم قاوەکەی تێکرد، منیش پاکەتە سوورەکەی خرابۆ سەر قاپەکەم کردەوە و سیگارێکم لێداگیرساند. لەپڕ دڵبردنم نەما. دەستم بە تێکدانی شیر و شەکرەکەی ناو قاوەکەم کرد و هەوڵم دا نیگایەکی دایکم بکەم، بەڵام بەزووی چاووم نەوی دەکردەوە. پرسیارم لێکرد: ((ئایا هیچش نامەیەکمان بۆ هاتووە؟)) بە پێچەوانەی ئەوەی کە پرسیارێکی سست بوو، دەستی سوور هەڵگەڕاوی دایکم لەسەر پێچراوە بچکۆلەکەی کە ڕۆژ نامەکەی سەرەوەی داپۆشیبوو، وەڵامی دامەوە: ((بەڵێ))، و پێچراوەکەی ڕووەو من لادا. ڕۆژنامەکەم کردەوە، و دایکم دەستی کرد بە ئامادە کردنی سندویجەکان بۆم. سەر با سەرەکیەکانی پەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە: ((ئەڵمانیەکان لەسەر سنوور تووشی چەوساندنەوە دەبن)). چەند هەفتەیەك دەبێت



لاپەڕە یەکەمە سەرەکیەکانی ڕۆژنامەکان لەم باسە دەدوێن، سەرەڕای ئەو ڕاپۆرتانەی دەربارەی ((تەقینەوەی ئاژاوە لەسەر سنووری پۆڵەندا، و دەربارەی ئەو هەڵاتوانەی ناوچە سنوورەیەکانی پۆڵەندا جێ دەهێڵن و بۆ ((ڕایخ)) دەچن. ڕۆژنامەکەم وەلاوەنا، ئینجا ڕیکلامی ڕۆژنامەیەکم دەربارەی ئەو شەرابەی کە هەندێ جار لێمان دەکڕی کە کاتی باوکم مابوو خوێندەوە، شەرابەکە لە جۆری ((ریزلینگ)) بوو و بەنرخێکی هەرزان بۆ فرۆشتن دانرابوو. دیسان ڕیکلامەکەم خستە لاوە.

دایکم لە ئامادەکردنی سەندویجەکان ببۆوە، و لەسەر قاپەکە بۆی دانام و ووتی: ((شتێك بخۆ. ئینجا دەستی کرد بەگریان و ڕۆ ڕۆ. توانام نەبوو نیگای بکەم. ناتوانم ئادەمیزادێك ببینم بەڕاستی زوخاو بخوات. تەنیا ئەوکات پەیم بەوە برد کە دەبێ هۆی ئەوە پەیوەندی بەو پۆستەوە هەبێت کە ئەمڕۆ بۆمان هات. هەردەبێ پۆستەکە بێت. پەنجەم نابە سیگارەکەدا و گوژاندمەوە، و قەپێکم لە سندویجەکە دا، و نامەکەی لە تەنیشتمەوە بوو هەڵگرت، کاتێك بەرزم کردەوە تێبینم کرد کە لە خواریەوە بلیتێکی پۆستەی پێوەیە. ئەم پێ ڕاگەیاندنی تۆمار کردنم نەوی– ئا ئەم پارچە کاغەزەی کە تاوەکو ئەمڕۆ پارێزگاری دەکەم بەبەزەیی بە ناوبانگی کردم، بەم جۆرە یەکەم جار نامەکەم خوێندەوە.

نامەکە لە خاڵە ئێدی یەوە بوو، خاڵم نووسیبووی پاش دەساڵی درێژ لەکاری یارمەتدەری مامۆستا لەم دواییانەدا بۆتە مامۆستای قۆناغی ناوەندیی. هەر دەبوو بۆ لانەیەك بچوك بگوێزتیەوە . لەهیچ ڕوودانێکی چاکی دارایی نزیك نەبۆوە، ئێستا لە پڕ چووە ناو بەدبەخترین چینی کۆمەڵ، و منداڵەکان دووچاری کۆکە ڕەشە بوون.. خۆشی – لەنامەکەدیدا دەڵێت– لە هەموو شتێك بێزار بووە ! ئێمەش دەزانین بۆچی. بەڵێ ئێمە دەزانین بۆچی، ئێمەش بێزار بووین. زۆر کەسان بێزار بوون.

کاتێك وویستم پولی پۆستەکە بەرم نەمدۆزییەوە دایکم بردبووی و بەرزی کردبۆوە. و نیگای دەرکرد... چاووم بڕییە پارچە نانە قەپ لێگیراوەکە، فنجانی قاوەکەم هەڵدەگێڕایەوە، و چاوەڕێم کرد. ئەوە لەیاد ناکەم. دایکم تەنیا جارێك بەو قرچەیە گریاوە ئەویش کاتێك باوکم کۆچی دوایی کرد.. ئەوکاتیش دیسان نەمتوانی نیگای بکەم شەرم ڕێ ی پێنەدام– ناوێکی تر بۆ ئەوە نازانم–

هەوڵم دا قەپاڵ لە نانەقەپ لێگیراوەکە بگرم بەڵام هەستم کرد قوڕگم گیراوە. لەپڕ زانیم کە ئەوە وای لە دایکم کرد تا ئەم ڕادەیە هەستیاری نەمێنێ دەبێ شتێك بێت پەیوەندی بەمنەوە هەبێت. دایکم بۆڵەیەکی لێوەهات لێ ی تینەگەیشتم بلیتەکەی دامێ.. ئەوکات کاغەزێك تۆماری کردنەکەم دی ئەم لاکیشە چوار



دەرور شوورەی کە هێڵێکی سوور بە پانی دەیکات بە دوو بەشی ترەوە، لە ناو لاکێشە بچکۆلەکەدا بەڕەنگی ڕەشی ئەستوور پیتی (R) تێدایە، و لە لاکێشەگەورەکەشدا ووشەی ((دۆسلدۆرف))، و لە پشتەکەی نووسرا بوو:

بۆ بەڕێز/ برۆنوشنایدەر: لە سەرتانە ڕۆژی ٥/٨/ ١٩٣٩ لە کەمپی شلیڤن لە ناوچەی ئەدنبرۆك، ئامادەبن، بۆ مەشق کردن کە هەشت هەفتە دەخایەنێت ووشەی ((برۆنوشنایدر))، و مێژوو و ((ئەدنبرۆك)) بە ئامێری نووسین نووسرا بوون، بەڵام ووشەکانی تر چاپ کرابوون. خواری بلیتەکە نووسینێکی تێکەڵ و پێکەڵ، ئینجا ووشەی (ڕابەر) چاپ کرابوو.

ئەمڕۆ دەزانم کە ئەم تێکەڵ و پێکەڵیە گرنگ نییە، ئامێرێك هەیە بەم کارە هەڵدەستێت.

تەنیا ئەو پارچە کاغەزەی پێوە نرا بوو گرنگ بوو و لەسەر دایکم پێویست بوو واژووی وەرگرتنی بکات.

دەستم خستە سەر باڵی دایکم ووتم: ((ئەی خوداوەند.. تەنیا بۆ ماوەی هەشت هەفتە)).

دایکم وەڵامی دامەوە: ((بەڵێ.. بەڵێ)). ((ووتم تەنیا هەشت هەفتە)). دەمزانی کە درۆ، دایکم فرمێسکەکانی سڕی و ووتی: ((بەڵێ.. ئەڵبەتە)). بێ ئەوەی بزانین بۆچی درۆ دەکەین درۆمان

ئالوگۆڕ دەكرد، بەڵام درۆمان دەكرد، دەشمان زانی درۆ دەكەین.

جارێكی تر پارچە نانەكەم هەڵگرتەوە، ئەوكات بەبیرمدا هات كە ئەمڕۆ چواری مانگە، و سبەینێ كاتژمێر دەشێ سەد كیلۆ مەتر ڕووە و ڕۆژهەڵات دوور دەكەومەوە. هەستم بەڕەنگ هەڵبزركان لە ڕووخساردا كرد، دووبارە نانەكەم دانایەوە، بێ ئەوەی گوێ بدەمە دایكم هەستامە سەر پێیان، چوومە ژوورەكەم لە تەنیشت نووسینكەكەم.

ڕاوەستام، چاوی مێزەكەم ڕاكێشا.. ئینجا جارێكی تر دام خستەوە. چاووم بەناو ژوورەكەمدا گێڕا، بە كورتی هەستم بەم جۆرە بوو. ئەمڕۆ من لەوە دەگەم، بەڵام من ئەوكات شتێكی بێ مانام دەكرد بۆ ئەوەی ساماندارییەتی ژوورەكە بسەلمێنم و بێ ئەوەی چاوەڕێ ی هیچ كەڵكێك بكەم ئەو سەندوقە كارتۆنیەی كە نامەكانم تێدا هەڵگرتبوو پشكنی، و كتێبەكانم ڕێك دەخست بێ ئەوەی هیچ كەڵكێكی هەبێت. و پێش ئەوەی بزانم چی ئەكەم دەستم كرد بە تێ ئاخنینی كراس و دەرپێ و دەسەڕ و گۆرەوی بۆ ناو جانتاكەم ئینجا چوومە گەرماوەكە بۆ ئەوەی ئامێری تەراش ئامادە بكەم. هێشتا دایكم لە پشت مێزی نانخواردنی بەیانی دانیشتبوو. هێشتا نانە قەپ لێگیراوەكە لەوێییە.. قاوەكەشی لە فنجانەكەمدایە. بە دایكم ووت: ((ئەچم بۆ لای ئاڵ



گیسلباخ)) بۆئەوەی لە ڕێ ی تەلەفۆنەوە پرسیاری كاتی سەفەرەكەم بكەم.

كاتێك لەلای ئال گیسلباخ گەڕامەوە كاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆی لێدا. بۆنی برژادنی قەرنابیت لە هۆڵەكەماندا بڵاو ببۆوە. دایكم سەرقاڵی شكاندن و وورد كردنی سەهۆڵی نێو كیسەكە بوو بۆئەوەی بیئاخنێتە ئامێرە بچكۆلەكەی ئایس كرێمەكەوە.

كاتژمێر هەشتی تەواو شەمەندەفەرەكە دەردەچێ، و نزیكەی شەشی بەیانی لە ئەدینبرۆك دەبم. لەگەڵ ئەوەی ڕێگە بۆ وێستگەكە تەنیا پانزە چركەی پێدەچێ من كاتژمێر سێ لەماڵ دەرچوومە دەرەوە. درۆم لەگەڵ دایكم كرد كە كاتی كۆچ كردن بۆ ئەدینرۆك نازانێ چەندە.

ئەم سێ كاتژمێرەش– كە لەماڵەوە بەسەرم بردن– لە هەموو ئەوكاتانەی كە لە دەرەوەی ماڵ بەسەرم بردن لە بیرەوەریمدا، ناخۆش و خراپ و درێژترین كات بوون، كاتێكی درێژ بوو، نازانم چیمان كرد. هەستمان بە چێژی خواردن نەكرد. پاش كەمێك دایكم گۆشتە برژاو و قرنابیت و پەتاتە و ئایس كرێمی بە ڤانێلیای بۆ چێشتخانەكە بردەوە. ئینجا ئەو قاوەیەی كە لە بەیانیەوە مابۆوە و دایكم بە پارچە قوماشێكی زەرد داپۆشیبوو و بە گەرمی هەلیگرتبوو خواردەوە. گەلێ سیگارم كێشا.. كات تا كاتێك ووشەمان ئاڵوگۆر دەكرد، دەمووت: ((هەشت هەفتە))،

و دایکم وەڵام دەداتەوە: ((بەڵێ.. بەڵێ.. هەڵبەتە)) نە دەگریا. سێ کاتژمێر درۆمان ئاڵوگۆڕ کرد، ئیتر توانام نەما، دایکم پیرۆز بایی لێکردم و گۆنای ماچ کردم. کاتێك دەرکەکەم پێوەدا زانیم دەگری.

چووم بۆ وێستگە. لەوێ جووڵە زۆر گەرم بوو. لەکاتی پشوەکاندا خەڵکانێکی بەختیار بووین ڕوخسارمان ڕەنگی زەردی لێ نیشتبوو ئەملاو ئەولامان دەکرد. لە هۆڵی چاوەڕێکردن پەرداخێك بیرەم خواردەوە، نزیکەی کاتژمێر سێ و نیو بڕیارم دا پەیوەندی بە کچە لاوەکەی هاوڕێمەوە بکەم کە بەنیاز بووم لەسەر کەنار چاووم پێ ی بکەوێت.

لەکاتێکدا ژمارەکەم بادەدا تۆپە پەپکەییە نیکلیەکە بۆ پێنج جار دەگەڕایەوە شوێنی خۆی، خەریك بوو لە پەیوەندییەکە پەشیمان ببمەوە، دیسان ژمارە شەشم بادا، کاتێك گوێم لە دەنگی بۆ پرسیار دەکات کێ قسە دەکات؟)) لەسەرەتادا بۆ ساتێك بێ دەنگ بووم.. ئینجا لەسەرخۆ وەڵامم دایەوە: ((بڕۆنۆ.. ئایا دەتوانی بێیت؟ دەبێ کۆچ بکەم.. بۆ سوپا)).

– هەر ئێستا؟

– بەڵێ.



پاش دەمێکی بیرکردنەوە، لە تەلەفۆنەکەدا گوێم لە دەنگی ئەوانی تر بوو. ئاشکرا بوو کە پارەیان بۆ ئامادە کردنی ئایس کرێم کۆ دەکردەوە.

– باشە ڕێکەوتین، دێم.. بۆ وێستگە؟

– بەڵێ.

بەخێرایی بروسکە بۆ وێستگەکە هات، و تا ئەمرۆ نازانم، هەرچەندە لە دەساڵەوە بۆتە هاوسەرم، هەتا ئەمڕۆ نازانم ئایا پێویستە بۆ ئەم پەیوەندیە تەلەفۆنیە پەشیمان ببمەوە، پارێزگاری کاری کۆمپاینیاکەی کردم.. دوای گەڕانەوەم بۆ نیشتمان بەرز خوازی مردوومی زیندوو کردەوە.. ئەوەی کە فەرمانەکە مژدەی پێدەدا– بووە واقعێکی زیندوو.

بەڵام من تەنانەت ئەوکاتەی کە دەشیا لەگەڵی بەسەری بەرم، نەمبردە سەر. چووین بۆ سینەما، لە هۆڵی ئەو سینەما زۆر گەرم و تاریکەدا و لەگەڵ کەمی ئارەزوومدا ماچم کرد. زۆرم ماچ کرد.. لەگەڵ ئەوەشدا کە هێشتا تا کاتژمێر هەشت کاتم بەدەستەوە مابوو، بەڵام من کاتژمێر شەشی تەواو چوومە سەر شۆستەی وێستگەکە. لەسەر شۆستەکە جارێکی تر ماچم کرد، ئینجا بازم دایە نێو شەمەندەفەرێك ڕووە و ڕۆژهەڵات کۆچی کرد. لەوکاتەوە ئیتر نەمدەتوانی بێ ئەوەی هەست بە ئازار بکەم کەنارەکان ببینیم: خۆر، ئاو، دلخۆشی خەڵکی، هەموو ئەمانە وادیارە لای

من لە شوێنی خۆیاندا نین، دانیشتن لەشاردا بە تەنیا و لەکەش و هەوایەکی باراناویدا دەدەم بەسەر هەموو ئەوانی تردا.. دەچم بۆ سینەما کە ئیتر لەسەرم نییە کەی ماچ بکەم.

هێشتا دوارۆژێکی گەورە لە کۆمپانیاکە لە پێشمەوەیە. دەشێ ببمە بەڕێوبەر. بەڵکو لەوانەیە و بە پێ ی یاسایی بێ کەڵکی و ئەمانە ڕوو بدات، ئەوان بەوە قایلن کە من سەر بەکۆمپانیاکەم، و من شتێك لە پێناویدا دەکەم..

زۆر جار بەسەرنجدانێکی قووڵ دەڕوانمە پارچە کاغەزی تۆمار کردنەکە.. ئەم پارچە کاغەزەی کە لادانێحکی کتوپڕ لە ژیانمدا دەنوێنێ کاتێك تاقی کردنەوەی ڕۆژانی خوێندنی پیشەسازی لە هاویندا گرێ دەدرێت، و دەرچووان بۆ پیرۆزبایی لێکردنیان دێنە لام، بە ئەرکی سەرشانمی دەزانم ووتارێکی کورتیان پێشکەش بکەم کە ووشەی ((دوارۆژێکی گەورەی ڕۆڵێکی نەریتی تێدا دەبینێ)).

سەرچاوە

کتێبی ((وکان مساء...)) سمیر جریس کردوویەتی بە عەرەبی)).



# بەندەر

نوسینی/ یا سوناری کاواباتا

وەرگێڕ/ حسێن عەلی

بەدڵنیایەوە ئەم بەندەرە سەرنج ڕاکێشە

ژنانی ماڵ و کیژانی بەڕێز بۆ هاوەڵی کردنی هەر میوانێکی نیشتەنی دێتە میوانخانەکە.. یەکێك لەو ژنانە بە درێژای شەو هەر لە هەڵسانیەوە کاتی بەیانی و نان خواردنی نیوەڕۆ و کاتی گەڕان و گەشت کردن لەگەڵی دەبێت. هەردووکیان وەك هاوسەری مانگی هەنگوینیان لێ دێت.

کاتێك پیاوەکە دەڵێت بۆ میوان خانەی سەرچاوە گەرمەکانی نزیك دەچێت و هاوەڵی دەکات، ژنەکە سەری لار دەکاتەوە، و بیر دەکاتەوە، کاتێکیش پێشنیار دەکات خانوویەك لەم شارە بەکرێ بگرێت، ئەگەر هاودەنگەکەی لە سەرەتای تەمەنیدا بێت دەگونجێ بە بەختیاریەوە وەڵام بداتەوە و دەڵێت: (لەبەرئەوەی ئەمە ماوەیەکی زۆر بەردەوام نابێت.. و لەبەرئەوەی ساڵێکی تەواو ناخایەنێ، یاخود نیوساڵیش، دەبمە هاوسەرت).

ئەو بەیانیە کاتێك هاوەڵەکەی بۆ ئامادە کردنی جانتاکانی یارمەتی دەدا، بەخێرای و ئامادەییەوە میوانەکە خۆی جانتاکانی

بۆ کۆچ کردن لەسەر پشتی کەشتیەك ئامادە دەکرد، هاوەڵەکەی ووتی: (ئایا هەتا هەتایە نامەم بۆ نانووسی؟).

وەڵامی دایەوە: (چی؟ ئێستا؟)

وتی: (هیچی تیا نیە. هەموو ئەو کاتانەی لێرە بەسەرت برد لەگەڵتا بووم. وانیە؟ و من هیچ تاوان و خراپەیەکم نەکردووە و ئێستاش هاوسەرت نیم..)

وەڵامی دایەوە: (کەواتە ئابەم جۆرە! ئایا بەڕاستی کردارەکە وایە؟)

نامەیەکی نووسی کە دەیویست بۆ پیاوێکی بنێریٚ، پیاوێك ڕوون و ئاشکرا هەر وەك خۆی لەمیوان خانەکە نیو مانگی تەواوی لەگەڵ بەسەر برد.

پرسیاری لیٚ کرد: (ئایا ڕۆژێك لە ڕۆژان کاتێك پیاوێك لەسەر پشی کەشتیەك جێت دێڵیٚ و لە هاوسەریت دەردەچێت نۆرەی منیش نایەت نامەیەکم بۆ بنێریت؟!)

(سەرچاوە)

کتێبی (الشاعر النمر) هیام عبدالحمید کردوویەتی بە عەرەبی.

یاسۆ ناری کاوا باتا



یەکەم ژاپۆنی بوو ساڵی ١٩٦٨ خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەبدا بەدەست هێنا. ساڵی ١٨٩٩ لە ئۆساکا، لەدایك بووە. بەهەڵمژینی گاز خۆی کوشت و جیهانی ئیمەی بەجیٚ هێشت. لە قۆناغێکی زووی تەمەنیدا زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەی لەکیس چوو، ئەمەش شەقڵێکی قوڵی لەکارەکانیدا جێهێشت. ساڵی ١٩٢٤ز بە پسپۆڕی لە ئەدەبی کلاسیکیدا لە دانیشتگای تۆکیۆ دەرچوو. هاوبەشی دەرچوونی گەلێك گۆڤاری کرد، لەگەرمەی بەشداری کردنی لەوەی بەبزووتنەوەی هەست پێکراوی نویٚ ناسرا ڕەخنە گران دانیان پیانا و، ستایشی خواستی کۆڕ و ئاهەنگی بیٚ وێنەیان کرد، بەشێوازێکی خەیاڵاوی هەستیار هاوبەشی لە دەوڵەمەند کردنی ئەدەبی ژاپۆنیدا کرد. گەلێك لە کارە ئەدەبیەکانی بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدرا، عەبدالرزاق جەعفەر ڕۆمانی (نیمچە دوورگەی) بۆ وەرگێڕا. وە ماری گۆق ڕۆمانە کورتەکەی (شۆخە خەوتووەکان) وەباسم حەجار کۆمەڵەی (سەماکەری ئیبزۆ). وە لەگیفە الدلیمی (ووڵاتی بەفر). سەرەڕای هەموو ئەمانە هێشتا زۆر لە داهێنانەکانی لای خوێنەری عەرەب نەناسراوە، لەوانە قۆناغی تەواوی سوریالی کە زۆر کەس لە بواری پێشکەوتنی داهێنانی دا تەنانەت بە بونیشی نازانن.

# چەپکی شین

ن/ ئۆکتا فیابات
و/ حسێن علی

لەخەو هەستام هەموو جەستەم نیشتبۆ سەرئاو. گەرمیەکی زۆر
لەو ڕاڕەوەی کە تازە بەخشتی سوور بەرد ڕێژکرا بو دەهات.
پەپوولەیەکی باڵ خۆڵەمێشی لە دەوری ڕۆشناییە زەردەکە باڵە
فرێی دەکرد و بەملاو ئەولادا دەکەوت. لەو جۆلانە تۆڕییەی کە
لەسەر خەوتبووم بەپێ ی ڕووت چاپووکانە و بە ئاگایەکی
زۆرەوە ڕۆیشتم بۆ ئەوەی پێ بە دوو پشکێکدا نەنێم کە تازە لە
کوون هاتبۆ دەرەوە و بە دووی هەوایەکی پاکدا دەگەڕا. هەر
یەکێك لە ئێمە لەوشەوەدا– ئەو شەوە دەتوانی– گوێ بیستی
هەناسەی شەوی مێینەی تۆقێنەر بێت. بۆ ناوەڕاست ژوورەکە
گەڕامەوە بۆ ئەوەی ئاوی ناو حەوزە کانزاییەکە بەتاڵ بکەم، و
سنگ و قاچمی پێ بسڕم، نەختێك چاوەڕێم کرد بۆ ئەوەی ووشك
ببمەوە، ئینجا زۆر بەباشی پۆشاکەکەم پشکنی لەترسی ئەوەی
مێشوولەی تێدا بێت، جلەکانم لەبەر کرد، و لەسەر پلیکانە
سەوزەکان بە ڕاکردن هاتمە خوارەوە. لەدەرەوەی پەناگەکە و



لەڕێمدا بە پیرەمێردە بێ دەنگ و یەك چاوەکەی خاوەنی
ساختمانەکە گەیشتم لەسەر کورسیەك دانیشتبوو سیگاری
دەکێشا و چاوی نیوە کراوە بوو– بە دەنگێکی گڕ پرسیاری
کرد: ((بۆ کوێ؟))
وەڵامم دایەوە: ((بۆ گەڕان، ڕۆژێکی گەرمە. هە؟!))
((هممم))، هەموو شوێنەکانیان داخستووە، هەروەها رووناکی
ئەم شەقامە زۆر کەمە، هەر نییە، باشتر وایە بمێنیتەوە.
شانم هەڵتەکاند و منگە منگێکم کرد: ((زوو دەگەڕێمەوە))، ئینجا
تاریکییەکە هەڵیلووشیم. لەسەرەتادا نەمتوانی هیچ شتێکی دەور
و بەرم ببینم، لە کاتێکدا سیگارم دادەگیرساند بە درێژایی
شەقامی (کۆبل ستوون) بە پەلە کوتێ هەستم بە ڕێگەکە کرد،
هەورە ڕەشەکە لەڕووی مانگ دوور کەوتەوە و روناکییەك بڵاو
بۆوە کە دیوارێکی ووردو خاشکراوی ڕووناك کردەوە چاووم
نوقاند بۆ ئەوەی خۆم لەم ڕووناکیە بپارێزم. بە سووکی بایەکە
فیکەی دەهات و بۆنی خورمای هیندی لەگەڵ خۆی دەهێنا..
دەنگی گەڵاو مێرووەکانی شەوگار گیزەی دەهات،و سیسرك
لەنێو سەوزە گیا درێژەکاندا کۆبوونەوە. سەرم هەڵبڕی دیتم کە
ئەستێرەکانیش کۆبوونەتەوە. بە بیرمدا هات کە گەردوون تەنیا
ڕێبازێکە لە هێما بوونی تۆقێنەر دیالۆگێکی هەمیشەییان
لەنێواندا هەیە. من و جیڕەی سیسرك و بریسکەی ئەستێرەکان

لەم دیالۆگی گەردوونییە لە ڕادەبەدەرەدا تەنیا هەڵۆیستێکی پەرش و بڵاوین. ئەم ووشەیەی کە من تێدا بڕگەیەکم چی بوو؟ کێ ووشەکە دەڵێت؟ وە بۆ کێ دەوترێت. سیگارەکەم فڕێدا و چەمانەوەیەکی وەك ئەستێرەیەکی کلکداری بچکۆلەی لەسەر ڕاڕەوەکە بریسکەیەکی جێهێشت.

بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر خۆ ڕۆشتم. ئەوساتە لە نێوان لچ و لێوی کاتدا هەستم بە بەختیاری و ئازادی و دڵنیایی کرد. شەوگار باخچەی چاوو بوو کاتێك لێ ی تێپەڕ دەبووم گوێبیستی کردنەوەی دەرگایەك بووم. ئاووڕم دایەوە، بەڵام نەمتوانی هیچ شتێك جیا بکەمەوە. پێش ئەوەی گوێ بیستی دەنگی بێزارکەری هەنگاوی کەسێك بم هەنگاوی خێرام نا. هەرچەندە دەمزانی وورده وورده سێبەرەکە لێم نزیك دەبێتەوە نەم دەوویست ئاووڕ بدەمەوە. هەوڵم دا ڕا بکەم، بەڵام نەمتوانی. وە پێش ئەوەی بەرگری لەخۆم بکەم، هەستم کرد نووکی چەقۆیەك بە پشتمدا دەچەقێ و دەنگێکی خۆش دەڵێت: ((گەورەم ئامۆژگاریت دەکەم نەجووڵێت گەرنا دەیکەم بە پشتتدا)).

بێ ئەوەی ئاووڕ بدەمەوە پرسیارم کرد: ((مەبەستت چییە؟)).

دەنگە ناسکەکە بە دەنگێکی بەرزی پڕ لە ئازار وڵامی دایەوە: ((گەورەم چاوەکانت)). ((چاوەکانم! چییان لێدەکەیت؟ گوێ بگرە هەندێ دارایم هەیە، بڕێکی زۆر نییە بەڵام بەشدەکات.



هەرچییەکم هەیە دەتدەمێ بەڵام وازم لێ بێنە. تکات لێدەکەم مەمکوژە)).

((گەورەم مەترسە، ناتکوژم. هەموو ئەوەی دەمەوێ تەنیا چاوەکانتە)).

((ئەی چی لە چاوەکانم دەکەیت؟)).

((خۆشەویستەکەم چەپکە چاوی شینی دەوێت، و وەك دەبینی لەم دەوروبەرەدا دەستکەوتنیان زۆر گرانە)).

((دەترسم ئەوەی دەتەوێ بۆتی جێ بەجێ نەکەم چونکە چاوەکانم قاوەیین و شین نین)).

((گەورەم هەوڵت بێ سوودە. باش دەزانم چاوەکانت شینن)).

((ئایا چاوی پیاوێکی وەك خۆت دەردێنی؟ دەستکاریان مەکە و منیش بەرامبەر بەوە شتێکت پێدەدەم)). بەدەنگێکی ووشك و ڕەق وەڵامی دایەوە: ((ڕۆڵی ئادەمیزادێکی خاوێن لەگەل من مەبینە و بەخێرایی بۆ دواوە وەرچەرخێ)).

وەرچەرخام. دیتم لاوێکی نابووتی لاواز بوو، شەبقەیەکی قەراخداری پانی لەسەر کردووە و نیوەی ڕووخساری داپۆشیوە، کێردێکی گەورەی بە دەستەوەیە و ڕۆشنایی مانگی پەرچ دەکردەوە.

((ڕێم بدە ڕوخسارت ببینم)).

دەنکە شخارتەیەکم داگیرساند و لە ڕوخسارم نزیك کردەوە. لەسەرەتادا لە ئاگرەکەی سڵەمیمەوە. بەمشتێکی جێگیر پێڵوی چاومی کردەوە، بەڵام نەیتوانی بە باشی بیبینێ. لەسەر نوکی پێ ڕاوەستا و بۆ ماوەیەکی زۆر لە چاوەکانم وورد بۆوە. کڵپەکە پەنجەکانمی سووتاند منیش دەنکە شخارتەکەم فڕێدا. تاوێك بەسەر چوو.

((ئایا ئێستا تۆ باوەڕت هەیە کە چاوەکانم شین نین؟)).

((خۆت بە زیرەك دادەنێیت، وانییە؟ دەنکە شخارتەیەکی ترداگیرسێنە)).

دەنکێکی ترم داگیرساند، زۆر لە چاوەکانم نزیك کردەوە. بە توندی قۆڵی پۆشاکەکەمی ڕاکێشا و فەرمانی دا: ((کڕنووش بەرە)).

کڕنووشم برد. بە مستی قژمی ڕاکێشا و سەرمی بەرزکردەوە، بە دڕدوکی و چاو تێبڕین بەسەرما چەمایەوە. کێردەکەی ئەوەندە لە چاووم نزیك بۆوە تابەر برژانگی چاووم کەوت. بە توندی چاووم نوقاند.

((چاوەکانت بکەرەوە)).

چاوەکانم کردەوە. ئاگرەکە برژانگەکانمی سوتاند، بێ هیچ ئاگادارییەك جێ ی هێشتم. ((باشە، بردتەوە، چاوەکانت شین نین)).



کوچە و کۆڵانەکان هەڵیان لووشی، خۆم بەسەر دیوارەکەدا داو بە هەردوو دەستم سەرم گرت. پەرشی خۆم کۆکردەوە، جارێك ساتمەم دەبردو جارێك لەسەر پێ ڕا دەوەستام. بۆ ماوەی کاتژمێرێك لە ڕێگە چۆڵەکانی شاردا رامکرد. کاتێك گەیشتمە گۆڕەپانی شار لە دوورەوە خاوەنی ساختمانەکە دەرکەوت. هێشتا لەبەر دەرکەکە لەسەر کورسییەك دانیشتووە. بێ ئەوەی وورتەم لێوەبێت چوومە ژوورەکەم و ڕۆژی دوایی شارەکەم جێهێشت.

سەرچاوە

کتێبی ((الساذجة)) قصص من ((الأدب العالمي)) ئیبتهاج ئەلحارتی. کردوویەتی بەعەرەبی.

* بۆچی وەرگێڕانت هەڵبژارد؟ دەڵێن وەرگێڕان وەك کاری سەربازی نەناسراوە، ئەو دەڕوا و یەکێکی تر دەیخوات.

– چونکە کارێکی بەسوود و بە کەڵکە، وە هۆیەکە بۆ نزیك کردنەوەی زانیاری و ڕۆشنبیری و پەیبردن بەجۆری بیرکردنەوەی لایەنەکەی تر، سەرەڕای حاڵی بوون و وشیار کردنەوە شارەزا بوون لە کلتوور و ئەدەب و مێژووی نەتەوەکانی تر...

بەهۆی وەرگێڕانەوە بووینە خاوەنی گەلێ بەرهەمی بەسوود و بەکەڵك ئاشنایان بووین وەك بەرهەمەکانی (ئەفلاتون، کامۆ، هەمین گوای، سارتەر، مۆراڤیا، چیخۆف، مەکسیم گۆرکی، مارکس، ئەنجلس، ئەجاپا کریستی، و شکسپیر و دەیان نووسەری گەورەی تر). بەهۆی وەرگێرانەوە بەرهەمەکانیان کەوتە بەر دیدی خوێنەری ئازیز ئەو بەرهەمانەی کە لە هەموو بوارەکاندا شوێنی خۆیان کردۆتەوە و کەلێنێکی گەورەیان لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ کردۆتەوە، چ لە بوارەکانی فەلسەفی و کۆمەلایەتی و زانستی و ڕۆشنبیری دا بێت، ئەتوانین بلێین لە هەموو بوارەکاندا.

کەواتە وەرگێڕان بوارێکی سوودبەخش و بەکەڵەکە، ئەمڕۆ زۆر لە وەرگێڕان جگە لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە بۆ وەرگێڕان پەنا دەبەنە بەر (ئەنتەرنێت)یش، سوود لەم تۆڕە جاڵجاڵۆکەیە وەردەگرن.



وەرگێران کارێکە پێویستە دەرفەتی بۆ بڕەخسێنرێت تا بتوانێت ئامانجی بەکەڵك و بەسوود بەخش بپێکێت. ئەمڕۆ وەرگێڕان بەهەموو جیهاندا شوێنی خۆی کردۆتەوە و بوارێکی زۆر لەباری بۆ ڕەخساوە و ڕۆژانە هەزاران بابەت و کتێب دێنە چاپ کردن. بەگشتی وەرگێڕان دیالۆگێکی کراوەی نێوان میللەتانە.

* بۆچی زیاتر دەقەکانی لەیلا عوسمان بۆ وەرگێڕان هەڵدەبژێریت؟

– لەیلا عوسمان نووسەرێکی بەجەرگ و چاو قایم و بەتوانا و لێهاتووە، و خاوەن سەلیقەیەکی زۆرە و هەموو بابەتاکانی کۆمەلایەتین، هەموو کەم کوڕی و نام و نەنگی کۆمەڵەکەی ئاشکرا دەکات زۆر بەتواناوە شی دەکاتەوە بەگونجاوی چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە.

سەرەڕأی هەموو ئەمانە زۆر بەدەستە بۆیە بەباشی دەزانم کە بابەتەکانی بۆ کوردی وەربگێرم و بیخەمە بەر دیدی خوێنەری ئازیز، دڵنیام کە جێی ڕەزامەندی زۆر لە خوێنەران بێت.

وەڵامم بۆ پرسیاری بەڕێزتان کە وەرگێڕان وەك کاری سەربازی نەناسراوە ئەو دەڕاو یەکێکی دی دەیخوات ئەمە زۆر ڕاستە و کارێکی سروشتیە و هەر لەسەرەتاوە و تا ئەمڕۆش هەر وا بووە و هەر واش دەبێت. وەگێڕ وەك باخەوانێك چۆن بەرهەمەکەی بۆ ئەوانی ترە هەربەوجۆرە وەرگێڕیش بەرهەمەکەی بۆ خوێنەرە.

* ڕەوشی ئەمڕۆی وەرگێڕان بۆ کوردی چۆن دەبینیت؟

– وەرگێڕان کارێکە پێویستە دەرفەتی بۆ بڕەخسێنرێت تا بتوانێت ئامانجی بەکەڵك و بەسوود بپێکێت ئەمڕۆ وەرگێڕان بوارێکی زۆر گونجا و لەباری بۆ ڕەخساوە ڕۆژانە وەکو (وتمان ڕۆژانە هەزاران بابەت و کتێب دێنە چاپ کردن). هەست دەکەم ڕەوشی ئەمڕۆی وەرگێڕانیش بۆ کوردی بەرەو پێش هەنگاو دەنێت و خەمخۆری زۆرە بەڵام هێشتا لە ئاستی بەرز خوازیدا نییە. بەئاواتم بەرپرسان ئاوەڕێکی جدیانە لەم ڕەوشە بدەنەوە بۆ زیاتر سوود گەیاندن بە خوێنەری ئازیز و زیاتر دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردی و پڕکردنەوەی کەلێنەکانی تری

* بۆچی هەوڵت نەداوە ئەو چیرۆکانەی وەرت گێڕاون لە کتێبێکدا کۆیان بکەیتەوە؟

– لە ڕاستیدا بیرم لەوە کردۆتەوە، بەڵام تا ئێستا هەلم بۆ نەڕەخساوە و هیچ داوایەکم پێشکەش بەهێچ لایەنێك نەکردۆوە خوازیارم ئەمە پێشنیارێك بێت بۆ ئەنجام دانی.

* کورتەیەك لە سەر ژیانت

– ساڵی ١٩٤٠ و لە شاری سلێمانی لەدایك بووم، لە پەروەردەی سلێمانی فەرمانبەر بووم ئێستا خانەنشینم و خێزان دارم و باوکی دوو کیژ و چوار کوڕم. سەرقاڵی خوێندنەوە و وەرگێرانم.



لەکۆتایدا زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەم بۆ ئەم دەرفەتەی پێتان بەخشیم. سەکەوتن و پێشکەوتینتان ئاواتمە.